خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

لە ماڵ پارێزاو دەبین

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5969) سێشەممە 7ی تەممووز 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێککەوتوون

گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەش بۆ ناوچە کوردستانییەکان خاڵێکی ڕێککەوتنەکەیە

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند، هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێککەوتوون، لەوانە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان، کە بڕیارە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، ئەم هەفتەیە شاندێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق سەردانی هەرێم بکات. لەمبارەیەوە لیوا بابەکر فەقێ ئەحمەد، بە مانگەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای ئەوەی شاندی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق کۆبوونەوە، بڕیارە ئەوانیش لەم هەفتەیەدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ دانانی میکانیزم و جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەردوولادا کراوە.

3



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەکات

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و ڕەشنووسی ژمارەیەک پەیڕەوی تایبەت بە چاکسازی تاوتوێ کران



دوێنێ دووشەممە 2020/7/6 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون، گفتوگۆ دەربارەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و ڕەشنووسی ژمارەیەک پەیڕەوی تایبەت بە چاکسازی کرا.

دوای گفتوگۆکردن دەربارەی ڕەشنووسی چەند پەیڕەوێکی ناوخۆ کە لە پێناو ئاسانکاریکردن بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئامادەکراون، تێبینی و سەرنجی پێویست لە لایەن بەشداربووانەوە خرایەڕوو، پاشان بڕیاردرا لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند بکرێن.




6

حکوومەت بودجەی فریاگوزاری بۆ ئاوی سلێمانی تەرخان دەکات

بۆ یەکەمجار لە هۆڵەندا میدالیای شاهانە دەدرێتە ئافرەتێکی کورد

گوڵاڵە پشدەری وەک ئافرەتێکی کورد خەڵاتکردنەکەی بەشانازییەکی گەورە دەزانێت



ساسان دەروێش-هۆڵەندا : خاتوو گوڵێ عەبدولڕەحمان ناسراو بە گوڵاڵە پشدەری، کە یەکێکە لە خانمە کوردە چالاکەکانی نێو ئافرەتانی تاراوگە و هۆڵەندا بەتایبەتی، ئەو لە بواری پزیشکی و شێرپەنجەی مەمک، خاوەنی بڕوانامەی پەرستاریيە لە هۆڵەندا و لە مانگی نیساندا پێیان ڕاگەیاندبوو بووەتە خاوەنی میدالیای باشترین سوارچاکی ماڵباتی شاهانە لە هۆڵەندا و پیرۆزباییان لێکردووە.

4



وەرزی مەزەرەکردن و چاندنی چەڵتوکی خۆماڵی دەستی پێکردووە

7



سیروان محەمەد: پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق ئەمجارە بە شێوەی ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەچێت

پێمان وایە ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ ساڵی داهاتوو دوادەخرێت



هەرچەندە بڕیار بوو کۆتایی ئەمساڵ پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق بەڕێوە بچێت، بەڵام سەرۆکی دەستەی گشتی ئامار لە هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆدەبنەوە و پڕۆسەکەش بۆ کۆتایی ساڵی دابێ دوا دەخرێت.

سیروان محەمەد، سەرۆکی دەستەی گشتیی ئاماری هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندووە: ئەم مانگە دەستەی باڵای سەرژمێری لە عێراق کۆدەبێتەوە و ئێمەیش وەک دوو ئەندام لە هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری دەکەین، پێشمان وایە ئەنجامدانی سەرژمێری دوابخرێت بۆ کۆتایی ساڵی داهاتوو 2021کە هێشتا ئەوەش زۆر زووە، چونکە ئێمە نازانین ڕەوشەکە تا ئەوکات چی بەسەر دێت، بە تایبەتی ئامادەکارییەکان بە کۆڤ دەگەن، بە تایبەتی هێنانی شارەزای نێودەوڵەتی و بیانی.

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی باڵای سەرژمێرییە لە عێراق، گوتیشی: لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە عێراق پێکدێت، ئێمەش ئامادەیی خۆمان نیشان داوە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی داهاتوو.

سیروان محەمەد ڕوونیشی کردەوە: پڕۆسەی سەرژمێریی هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ سەپاندنی یاسا و ڕێزگرتن لە شکۆی دەوڵەتی عێراق.

هاوپەیمانییەکە ئەو هەنگاوانە بە هەوڵی بەدەر لە یاسا لە قەڵەمدەدات و ئاماژە بەوەدەکات، ئەو هەنگاوانە بۆ شێواندنی متمانەی هاوواڵتیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بە توانای حکوومەتی عێراق لە سەپاندنی یاسا و دڵنیایی لە پاراستنی و ڕێگرتن لە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانە و نوێنەرانی و نێردەی دیپلۆماتی وڵاتانی بیانی و عەرەبی.

هاوپەیمانی هێزەکانی عێراقی ڕایگەیاندووە ئەو هەنگاوانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوبانگی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست دەکات و متمانەی وڵاتان بە عێراق لاواز دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ پەراوێزخستن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش دژ بەو خواستەیە کە گەلی عێراق و حکوومەتەکەی هەوڵی بۆ دەدەن لە بنیاتنانی متمانە و پەیوەندی سیاسیی بەهێز بەجۆرێک کە لە خزمەت بەرژەوەندی عێراق و گەلەکەیدا بێت.

گشتی لە عێراق ئەمجارە بە شێوەی ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەچێت، کە ئەنجامدانی سەرژمێری بە شێوەی ئەلیکترۆنی، پێویستی بە ئامادەکاریی زیاتر هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی بناغەی دەستە و دەزگای ناوەندیی ئامار بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری لە کاتی ئەنجامدانی پڕۆسەکە، ئێمە بینیمان لە هەردوو وڵاتی ئوردن و مسر سێ تا چوار ساڵی خایاند.



بەرەی تورکمانی داوادەکات پێشمەرگە نەگەڕێتەوە کەرکووک

دوێنێ دووشەممە 6ی 7ی 2020بەرەی تورکمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئێمە دژی گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەین بۆ کەرکووک، ئەم بەیاننامەیەش پاش سەردانەکەی دوێنێی فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر یارەڵڵا سووپاسالاری عێراق دێت بۆ کەرکووک.

دوای ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان و وەزارەتی بەرگری عێراق ڕێکەوتن لەسەر ناوچەکانی مادەی 140 لەکەرکووک و خانەقین و مەخمور وشنگال، کە چوار سەنتەری هاوبەش لەنێوانیدا هەبێت وکاری هاوبەش وئوپەراسیونی هاوبەش لە نیوان پێشمەرگە وسوپای عێراق هەبێت بۆ ڕاوەدوونانی داعش لەو ناوچانە. دوێنێ بەرەی تورکمانی وەک پێشەی هەمیشەییان ناڕەزایەتی خۆیان بۆ گەرانەوەی پێشمەرگە دەربڕی و لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاندووە کە نابێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و دەبێت کەرکووک هەر لە ژێر دەستی هێزە عێراقییەکاندا بێت.

ئەمەش لەکاتێک دایە پێڕێ گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی سوپای عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕایگەیاند، لەگەڵ پێشمەرگە ڕێککەوتین بۆ دامەزراندنی سەنتەری هاوبەش بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی ئەو ناوچانەی خاڵین لە هێزی پاسەوانی هەرێم و هێزەکانی ئیتیحادی.

هاوپەیمانییەکەی حەلبووسی پشتیوانیی لە هەنگاوەکانی کازمی بۆ سەپاندنی یاسا دەکات

هاوپەیمانی هێزە عێراقییەکان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەمجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبووسی پاڵپشتی خۆی بۆ هەنگاوەکانی سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی دەربڕی کە بۆ سەپاندنی سەروەری یاسا دەستپێکردووە.

هاوپەیمانییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو هەوڵانەی لەلایەن لایەنی نابەرپرس دژ بە هەنگاوەکانی سەپاندنی یاسا و ڕێزگرتنی سەروەری دەوڵەت دەنرێت، ڕەتدەکەنەوە و داوای کردووە، بەربگیرێت لە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتی و نێردەی دیپلۆماتی وڵاتانی بیانی و عەرەبی داوە لە پەراوێزخستنی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: لەکاتێکدا هەموو لایەک لە حکوومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن بۆ دڵنیایی سەروەریی عێراق و بەهێزکردنی هەنگاوەکانی بنیاتنانی دەوڵەت و پاراستنی شکۆی و کۆکردنەوەی چەک تەنها لە دەستی دەوڵەتدا، هەوڵێک هەیە بۆ ئاستەنگ دروستکردن و شکستهێنانی کۆتایی دابنێ بە دەستبەکاربوونی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی ناوچە سنووریەکان و هۆکار و زەرەر و زیانی بۆردومانەکان لە ناوچە سنووریەکانی پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر، دوێنێ دووشەممە لە پارێزگای سلێمانییش دەستبەکاربوون.

لیژنەکان لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتوون و بەشێوەیەکی مەیدانی لە ناوچە سنووریەکان بەدواداچوون دەکەن بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو دۆخە و بۆردومانەکان و زەرەر و زیانەکان کە بەر ئەو ناوچانە کەوتوون، ئەنجامەکەیشی دەکەن بە ڕاپۆرتێک و بەرزی دەکەنەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو کۆبوونەوەی پەرلەمانی لەسەر بکرێت.

لەمبارەیەوە سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان، شاخەوان ڕەوف ڕایگەیاندووە کە دوێنێ دووشەممە لە سنووری پارێزگای سلێمانی لە قەزاکانی ماوەت و چوارتا بە شێوەی مەیدانی سەردانی ئەو شوێنانەمان کردووە کە بۆردومان کراون و لە چەند ڕۆژی داهاتووش دەچینە پێنجوێن و هەموو ئەو شوێنانەی دیکە کە بۆردومان کراون. شاخەوان ڕەوف گوتیشی: لەم بەدواداچوونانەماندا بەدوای هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دۆخە و ڕێژەی زەرەر و زیانەکان کە بەر ئەو ناوچەنە کەوتوون دەگەڕێین، ڕێژەی بەزاندنی سنوورەکانیش دیاری دەکەین و دواتر پاش کۆتایی هاتنی کارەکانی هەموو لیژنەکان کۆبوونەوەیەکی لەسەر دەکەین و ئەنجامەکان دەکەین بە ڕاپۆرتێک و دەیدەین بە سەرۆکایەتی پەرلەمان تاوەکو بیخاتە بەرنامەی کاری یەکێک لە دانیشتنەکانەوە و لەناو دانیشتنێکی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکەین و بڕیاری پێویستی لەسەر بدەین.

جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان، باڵامێز محەمەد کە لە ماوەت سەرقاڵی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بوون لە بارودۆخی ئەو ناوچانە ڕایگەیاند: ئێمە دەمانەوێت مەعنەویاتی خەڵکی ناوچە سنووریەکان بەرزبکەینەوە چونکە بۆردومانەکان مەعنەویاتی خەڵکیان ڕووخاندووە، دەمانەوێت بە مەیدانی ئاستی زیانەکان هۆکارەکانی دروستبوونی کێشەکان و چارەسەرەکەیشی دیاری بکەین و دواتر بە ڕاپۆرتێکی گشتگیر بیدەین بە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

گوتیشی: دوای تەواوبوونی کارەکانی ئێمە و خەملاندنەکانمان، هەرسێ لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە و پەیوەندییەکان لە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبینەوە و ڕاپۆرتی کۆتایی ئامادەدەکەین و دەینێرین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، دوای ئەو ڕاپۆرتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئایا کۆبوونەوەی پەرلەمانی لەسەر بکەین یان بە ڕاپۆرتێک چارەسەرەکانی دۆخەکە بنێرین بۆ حکوومەت بۆئەوەی کاری لەسەر بکەن.

لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو بارودۆخە و خەملاندنی زەرەر و زیانەکان ڕۆژی 29ی حوزەیرانی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی هەرسێ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان، لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی بڕیار لە دروستکردنی درا و ڕۆژی پێنجی تەمووز لە دهۆک و هەولێر دەستبەکاربوون و ئەمڕۆش لیژنەکەی سلێمانی مەیدانی دەستی کرد بە گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی.

لیژنەکانی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ناوچە سنووریەکان لە سلێمانییش دەستبەکاربوون

ئەنجامەکان دەکەین بە ڕاپۆرتێک و دەیدەین بە سەرۆکایەتی پەرلەمان



ئیسرائیل مانگێکی دەستکردی سیخوڕیکردنی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد

مانگە دەستکردەکە بۆ چاودێریکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بەکاردەهێنرێت



بەمەبەستی دەستەبەرکردنی زانیاری هەواڵگریی سەربازیی، ئیسرائیل مانگێکی دەستکردی سیخوڕیکردنی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد کە توانای وێنەگرتنی هەیە بە کوالیتی بەرز. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیلەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە مانگی دەستکردی سیخوڕیکردن بەناوی Ofek-16کە بە هاوبەشی وەزارەت و پەیمانگای بۆشای ئاسمانیی ئیسرائیل دروستکراوە، بەرەبەیانی دوێنێ دووشەممە کاتژمێر چوار بە کاتی تەل ئەبیب ڕەوانەی ئاسمان کراوە و سەرکەوتووانە لە خولگەکەی جێگیربووە.

باس لەوە دەکرێت مووشەکەکە بەمەبەستی سیخوڕیکردن بەکاردەهێنرێت و مانگی دەستکردنی پشکنینی ئێلێکترۆنێتیکە کە توانایەکی بەرزی هەیە.

وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، بێنی گانتز ئاماژەی بەوە کرد کە مانگە دەستکردەکە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ وەزارەتی بەرگریی و پەیمانگای بۆشایی ئاسمانیی ئیسرائیل و ڕایگەیاند "توانای ئیسرائیل لە هەموو بەرەیەکە، بەردەوام دەبێت لە بەهێزبوون لە هەموو شوێنێکدا". هاوکات میدیای ئیسرائیل بڵاوی کردەوە کە مانگە دەستکردەکە بۆ چاودێریکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بەکاردەهێنرێت.



گوتەبێژی ڕاگەیاندنی کازمی دەستی لەکار کێشایەوە

دوێنێ دووشەممە یاسین بەکری گوتەبێژی فەرمی نووسینگەی ڕاگەیاندنی مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستی لە کار کێشایەوە. یاسین بەکری لە لێدوانێکدا ڕونیکردۆتەوە کە دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندووە وەک گوتەبێژی فەرمی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران، هۆکارەکەشی بۆ بارودۆخی تایبەتی خۆی گەڕاندۆتەوە.

www.xebat.net
سێ شەممە 2020/7/7 ژمارە (5969)

مەسرور بارزانی: بەردەوام دەبین لە گۆڕانکارییەکان

دەمانەوێت سیستمێکی پێشکەوتووی بانکی لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە متمانە لە نێوان هاوڵاتی و بانکەکان نەماوە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی ژمارەیەک پرسیاری هاوڵاتیاندا، کە لە ڕێی فەیسبووک و ئینستاگرامەوە ئاراستەی سەرۆکی حکوومەتیان کردبوو، ڕایگەیاند، بەردەوام دەبین لە گۆڕانکارییەکان و بەرنامەمان هەیە هەموو فەرمانبەر و هاوڵاتییەک حسابی بانکی هەبێت و دەمانەوێت متمانە لە نێوان بانک و هاوڵاتی دروست بکەینەوە.

دەقی وەڵامەکانی ئەمڕۆی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



ئەوانەی لە شوێنێک سەرکەوتوو بن دەتوانن لە شوێنی دیکەش سەرکەوتوو بن

پرسیار: گۆڕانکاری ئیداری دەکرێت؟

مەسرور بارزانی: گۆڕانکاری لە ئیدارە پێویستە و دەستمان پێکردووە. وەک دەیبینین، گۆڕانکاری لە کابینەی وەزاری کراوە. لە ئاستی پارێزگاکانیش هەندێک گۆڕانکاری کراوە. بۆ خەڵکی دهۆکیش وەک دەبێتن، هەندێک گۆڕانکاری کراوە. پارێزگار گۆڕاوە و لە هەندێک بەشی دیکەی ئیدارەی پارێزگاکەش گۆڕانکاری دەکەین.

ئەو گۆڕانکاریانە پێویستن بۆ پێشخستنی خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەتی هەرێم. خەڵکی بەتوانا زۆرە. ئەوانەی لە شوێنێک سەرکەوتوو بن، دەتوانن لە شوێنی دیکەش سەرکەوتوو بن. ڕێگە بدرێت بە خەڵکی نوێ و خوێنی نوێ، تا ئەوانیش بتوانن خۆیان تاقیبکەنەوە. بە پێی ئەو پسپۆڕییەی هەیانە خزمەتی ئەزموونی کوردستان بکەن.

پرسیار: ئایا حکوومەت بەرنامەی هەیە، هەر فەرمانبەرێک حسابی بانکی هەبێت؟

مەسرور بارزانی: ئێمە بەرنامەمان هەیە، بۆ هەموو هاوڵاتیانیش ئەگەر بیانەوێت حسابی بانکییان هەبێت. ئەمە مافی هەموو کەسێکە بتوانێت حسابی بانکی خۆی هەبێت. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان ئەوەیە متمانە لە نێوان هاوڵاتی و بانکەکان نەماوە. چەندین هۆکاریش هەیە لەو بارەیەوە. پێش هەموو شت دەبێت ئێمە کارێک بکەین متمانە لە نێوان هاوڵاتی و بانکەکان دروست بێت. بەشێکی سیاسەتی نەختینە پەیوەستە بە حکوومەتی فیدراڵی و هەندێک ڕێکار هەن، دەبێت ئەوانیش ڕەزامەندی دەربڕن. ئێمە بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین، تا هەم جێی متمانە بێت و هەمیش بتوانێت لە جیاتی ئەوەی مامەڵە بە کاش بکرێت، هاوڵاتی بتوانێت زیاتر بە کریدت کارت کار بکات و لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوو ئەمە هەیە و کەم دەبینین کاش بە دەستی خەڵکەوە بێت و ئەمە یەکێکە لە بەرنامەکان و دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین و سیستمێکی پێشکەوتووی بانکی لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین و هەموو هاوڵاتییەک، بە فەرمانبەرانیشەوە، مافی خۆیانە حسابی بانکیان هەبێت.

پێم خۆشە هەر کات گونجاو بێت بێم پیاسەیەک بکەم و بە بازاڕدا بڕۆم

پرسیار: ئایا دەتوانیت وەک کەسێکی ئاسایی لە بازاڕی هەولێر هاتوچۆ بکەیت..؟

مەسرور بارزانی: زۆر زۆرم پێخۆشە و زۆرجاریش هاتووم و لەوانەیە ئێوە هەستتان نەکردبێت. زۆر حەز لە ژیانی ئاسایی دەکەم. پێشم خۆش دەبێت هەر کات گونجاو بێت بێم پیاسەیەک بکەم و بە بازاڕدا بڕۆم، بێگومان ئەمە شتێکە زۆر پێی دڵخۆش دەبم.

پرسیار: حەزت لە چ خواردنێکە؟

مەسرور بارزانی: خواردنێکی تایبەتمەند نییە، بەڵام زۆر حەزم لە خواردنی کوردەواریە.

سیاسەتمەدارێکی باکووری کوردستان لە بەرامبەر "ستەم و ناعەدالەتیی تورکیا" هانا بۆ ئەوروپا دەبات

پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی لە بەرامبەر "ستەم و ناعەدالەتیی تورکیا "هانا بۆ یەکێتیی ئەورووپا دەبات.

لەیلا گوڤەن، پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە نامەیەکی بۆ پەرلەمان و پارتە سیاسییەکانی ئەورووپا ناردووە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە بە شێوەیەکی نایاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەو و پەرلەمانتارانی دیکە کراوە.

لەیلا گوڤەن، کە دوو هەفتە بەر لە ئێستا کورسیی پەرلەمانتاری لێسەندرایەوە و بارەگای پارتەکەی (پارتی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی) داخرا، بە پەرلەمان و پارتە سیاسییەکانی ئەورووپای ڕاگەیاندووە، کە دادگای تورکیا لە دەرەوەی یاسا سزا بەسەر ئەودا دەسەپێنێت. گوڤەن، کە هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتییە، بە بوونی پەیوەندیی بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و دامەزراندنی پارتەکەی لە ساڵی **2007**لەسەر داوای عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە، تۆمەتبار دەکرێت. ئەو سیاسەتمەدارەی باکووری کوردستان داوا لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا و پارتە سیاسییەکانی دەکات بەهانایەوە بچن و "ڕێگە لەو ستەم و نادادپەروەرییانەی تورکیا "بگرن.

هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێککەوتوون



گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەش بۆ ناوچە کوردستانییەکان خاڵێکی ڕێککەوتنەکەیە

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند، هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێککەوتوون، لەوانە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان، کە بڕیارە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، ئەم هەفتەیە شاندێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق سەردانی هەرێم بکات. لەمبارەیەوە لیوا بابەکر فەقێ ئەحمەد، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای ئەوەی شاندی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق کۆبوونەوە، بڕیارە ئەوانیش لەم هەفتەیەدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ دانانی میکانیزم و جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەردوولادا کراوە.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانیی وەزارەتی پێشمەرگە گوتیشی: شاندی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی سەردانەکەی بۆ وەزارەتی بەرگریی عێراق، لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، کە زۆر ئیجابی و بەهادار بوون، ئەوانیش دانانی لیژنەی هەماهەنگی و دانانی بازگەی هاوبەش و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بە شێوەی هاوبەش بۆ ناوچە کوردستانییەکان لە سنووری دیالە و مەخمووڕ و کەرکووک و دەشتی نەینەوا و، هەروەها بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق لە ئۆپەراسیۆنەکاندا.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانیی وەزارەتی پێشمەرگە دەشڵێ، هەفتەی ڕابردوو ڕێککەوتن کراوە و ئەم هەفتەیەش ئەوان سەردانی هەرێم دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق.

سەرۆکی نوێی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەستبەکاربوو

عەبدولغەنی ئەسەدی: هەوڵی زیاتر دەخەینەگەڕ بە ئامانجی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق

سەرۆکی نوێی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، عەبدولغەنی ئەسەدی ڕاگەیاندووە کە لە چوارچێوەی ئەرکە سەرەکییەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی، هەوڵی زیاتر دەخەنەگەڕ بە ئامانجی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق.

جێی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و وەک سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی دەستبەکاربووە و دواتر لەگەڵ بەڕێوەبەرانی گشتیی فەرمانگەکانی سەربە دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی کۆبوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق لە کۆبوونەوەکەدا، عەبدولغەنی ئەسەدی ڕاگەیاندووە کە لە چوارچێوەی ئەرکە سەرەکییەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی، هەوڵی زیاتر دەخەنەگەڕ بە ئامانجی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق.

جێی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی کۆتایی بە ئەرکی فالح فەیاز لە پۆستی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی هێنا و فەرماندی پێشووی هێزەکانی دژەتیرۆر، عەبدولغەنی ئەسەدی لە پۆستی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی دامەزراند.

بۆ یەکەمجار لە هۆڵەندا میدالیای شاهانە دەدرێتە ئافرەتێکی کورد

گوڵاڵە پشدەری وەک ئافرەتێکی کورد خەڵاتکردنەکەی بەشانازییەکی گەورە دەزانێت





ساسان دەرێش-هۆڵەندا

خاتوو گوڵێ عەبدوڵڕەحمان ناسراو بە گوڵاڵە پشدەری، کە یەکێکە لە خانمە کوردە چالاکەکانی نێو ئافرەتانی تاراوگە و هۆڵەندا بەتایبەتی، ئەو لە بواری پزیشکی و شێرپەنجەی مەمک، خاوەنی بڕوانامەی پەرستارییە لە هۆڵەندا و لە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر کە لە مانگی نیساندا پێیان ڕاگەیاندبوو بووەتە خاوەنی میدالیای باشترین سوارچاکی مالّباتی شاهانە لە هۆڵەندا و پیرۆزباییان لێکردووە، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و پابەندبوون بە ڕێنماییەکان و قەدەغەکردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئەم پرۆسەیە دواکەوت و لە چەند ڕۆژێ ڕابردووشدا لە شاری ئەمستەردام لە جوانترین هۆڵ و لە مەراسیمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە خەڵاتکراوەکان و کەسوکاریان لەلایەن پارێزگاری ئەمستەردام خەڵاتەکە بە فەرمی ڕادەستی خاتوو گوڵاڵە پشدەری کرا.



خەڵاتەکە ساڵانە دەبەخشرێتە کەسانی کاریگەر

ساڵانە ئەم خەڵاتە دەبەخشرێتە کەسانی کاریگەر لەنێو کۆمەڵگە، کە کاری بەسوودیان ئەنجامداوە بۆ مرۆڤایەتی، گوڵاڵە کاتێک 2007تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت، لە بەرانبەر نەخۆشییەکەیدا دەستەوەستان ناوەستێت و شەڕی گەورەی کرد تا دواجار چۆکی پێدادا و بووە هاندەریش بۆ نەخۆشەکانی تر و هاوکاریکردنیان بەتایبەتی ئافرەتانی کۆچبەری نیشتەجێی هۆڵەندا، بۆیە چیرۆکی گوڵاڵە بەخێرایی بووە جێی باس و دەنگیدایەوە.

گوڵاڵە پشدەری پەرتووکێک لەسەر ژیانی خۆی دەنووسێت

وێڕای ئەم هەموو ئێشوئازارە جەستەیی و دەروونییە، گوڵاڵە توانی پەرتووکێک بە زمانی هۆڵەندی و بەناوی بیستویەک تیشک بخاتە بەردەستی خوێنەران و تێیدا باس لە ژیانی خۆی دەکات، وێرای ئەوەی لەنێو ڕێکخراوەکاندا دەستیکردووە بەکاری خۆبەخشی و ڕۆڵی گرنگیشی بینیوە، بۆیە بە شایستەی ئەم خەڵاتە زانیدرا، ئەو خەڵاتەی گوڵاڵە وەری گرت، یەکەمجارە لەم وڵاتە دەدرێتە کوردێک.

گوڵاڵە پشدەری خەڵاتەکە بە شانازییەکی گەورە دەزانێت

خاتوو گوڵاڵە پشدەری بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: ڕۆژی 24ی نیسانی 2020لەلایەن پارێزگاری شاری ئەمستەردامەوە زەنگم بۆ لێدرا و موژدەی ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە هەڵبژێردراوم بۆ ڕێزلێنان، واتە میدالیای شاهانەم پێببەخشرێت، واتە هەڵگری شانازی سوارچاکی مالّباتی شاهانە و لە مەراسیمێکی شکۆدارا ڕێوڕەسمەکە لە ئەمستردام ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی پەتای کۆڤید 19گوتی ئێستا لەکاتی خۆیدا ناکرێت و دەکەوێتە کاتێکی نادیار، خۆشبەختانە لەگەڵ خاوبوونەوەی ئەم پەتایە و گرتنەبەری ڕێنماییەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەم خەڵاتەم ڕادەستکرا و بەشانازییەکی گەورەی دەزانم وەک ئافرەتێکی کورد و لە تۆماری ئەم وڵاتەدا.

گوڵاڵە کێ داوەتی مەراسیمەکەی دەکات؟

هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا بۆ خەبات لەبارەی وەرگرتنی خەڵاتەکە، گوڵاڵە، گوتی: بۆ مەراسیمەکە کەسانی دڵسۆزم زۆر هەبوون بانگهێشتیان بکەم، بەڵام من تەنیا خاتوو ڕیاڤیرنەم داوەتکرد، کە خۆی یەکەم کەس بووە بەو کارە هەستاوە و هاوکاری لە دوو ڕێکخراوی مامارۆزا و کۆمەڵەی شێرپەنجەی مەمک لە هۆڵەندا و ڕۆژنامەی پارۆڵ و کارین هاوبەشی نووسینی کتێبەکەم 21تیشک و هاوکارانی لەو کتێبایەی خۆی کاری لێدەکات لەگەڵمدا هاتبوو. ڕیا ئەوەندە بەڕێزەوە دەمبینێت، خۆی لێی پرسیم و گوتی گوڵە ئیمێڵم بۆ هاتووە و تۆ بۆت هەیە تەنیا یەک کەس لەگەڵ خۆتدا بۆ مەراسیمەکە بیەیت، ئینجا خۆت ئەو کەسە هەڵبژێرە، منیشی گوتم: ئەوە مافی تۆیە بێی لەگەڵمدا، گوتی: ئاخر تۆ حەزدەکەیت کوڕی خوشکت یان بەڕێوەبەری کۆمەڵەی شێرپەنجەی مەمک، یان هاوسئارتسەکەت ببەیت، پێشتر گوتووتە ئەوان بابێن، گوتم وایە، بەڵام تۆ لە سەرووی هەموانی، بەوە دڵخۆشبوو، ئیتر پێمواید مرۆڤ پێویستە بەوەفابێت و ڕێز لەوانە بنێت کە ڕێزی لێدەگرن و پێیەوە ماندوو دەبن.

گوڵاڵە هەستەکانی لە شیعرێکدا دەردەبڕێت

لە کۆتایشدا خاتوو گوڵاڵە لە دەربڕینێکی هەست و ناخی خۆیدا، خۆشەویستی بۆ نیشتمان دەربڕی کە هەمیشە هەڵوێستی جوانی هاوتای خەڵک و خاک بووە، وەک خانمێکی چالاکوان دەڵێت:

باهەر میدالیای شانازی هەرچی وشکایی و تەڕایی گەردوونم هەبێت،
فایدەی چی، ئەگەر ماچێکی خۆری کوردستانم نەبێت.

خەڵاتی مالّباتی شاهانەی هۆڵەندا ساڵانە دەبەخشرێتە کەسانی کاریگەر


سەرۆکەوزیرانی عێراق سەردانی ئەمەریکا و ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپا دەکات



ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عامر فائز ڕایگەیاند کە سەرۆکەوزیران، مستەفا کازمی دوای سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی بۆ واشنتۆن، سەردانەی ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپاش دەکات. عامر فائز لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کرد کە بەم زووانە سەرۆکەوزیران، مستەفا کازمی بە ئامانجی تەواوکردنی گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان بەغدا و واشنتۆن، سەردانی ئەمەریکا دەکات و گوتی: تا ئێستا وادەی سەردانەکەی مستەفا کازمی بۆ ئەمەریکا دیاریی نەکراوە، هەروەها بە ئامانجی پتەوترکردنی هاوکارییە ئابووری و ئەمنییەکانی نێوان بەغدا و ژمارەیەک وڵات، کازمی سەردانی ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپا و ناوچەکەش دەکات.

پێشتر وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاندبوو کە سەرۆکەوزیران مستەفا کازمی بە ئامانجی تەواوکردنی گفتوگۆی ستراتیجیی لە میانی ئەم مانگەدا، سەردانی واشنتۆن دەکات. لە 11ی مانگی ڕابردوودا، یەکەم قۆناغی گفتوگۆی ستراتیجیی لە نێوان عێراق و ئەمەریکا سازکرا کە لە میانیدا سەبارەت بە کۆمەڵێک تەوەر بیرووڕا ئاڵوگۆڕی کرا لەوانە ئاسایش، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئابووری، وزە و بابەتە سیاسی و کولتووریییەکانی نێوان هەردوو وڵات. چاوەڕوان دەکرێت قۆناغی دووەمی گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان عێراق و ئەمەریکا لە میانی ئەم مانگەدا ساز بکرێت.

لەسێدارەدرانی هاوواڵاتییەکی کرماشانی لە بەندیخانەی ڕەجایی شاری کەرەج



بە گوێرەی مالّپەڕی هەنگاو حوکمی سێدارەی هاووڵاتییەکی خەڵکی کرماشان لە بەندیخانەی ڕەجایی شاری کەرەج جێبەجێ کراوە و سەرەتای بەهاری ئەمسالّیش هاووڵاتییەکی لوڕستانی لە سێدارە درا کە هەواڵەکەی میدیایی نەکراوەتەوە. بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، ڕۆژی چوارشەمە 1ی ژوئیەی 2020حوکمی سێدارەی "حوسێن جەلاوەند" خەڵکی کرماشان، لە بەندیخانەی ڕەجایی شاری کەرەج جێبەجێ کراوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، حوسێن جەلاوەند کە دانیشتووی تاران بووە سێ ساڵ لەمەوبەر بە تۆمەتی "کوشتنی بە ئەنقەست" دەستبەسەر و حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپابوو و لە بەندی 3ی بەندیخانەی ڕەجایی شاری کەرەج ڕاگیرابوو. لە لایەکی دیکەوە، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕایگەیاندووە کە، ڕۆژی شەمە 18ی ئاپریلی ئەمساڵ هاووڵاتییەکی خەڵکی پاریزگای لوڕستان بە ناوی "محەممەد جەوانمەرد" لە سێدارە دراوە کە هەواڵی لەسێدارەدرانی تا ئێستا میدیایی نەبۆتەوە. ناوبراو تەمەنی 38ساڵ و خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بووە کە بە تۆمەتی " کوشتنیئەنقەست" حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپابوو. لەلایەکی دیکەشەوە هەر پێی مالّپەڕی هەنگاو، هونەرمەندێکی کورد بە تۆمەتی چالاکی سیاسی و هونەری لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا.

هاوکات لە درێژەی شەپۆلی دەستبەسەرکردنی هاووڵاتیانی مەهاباد، هاووڵاتییەکی دیکەی خەڵکی ئەو شارە دەستبەسەر کراوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداریش، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات دوو میوانی ئەو هونەرمەندەیشان دەستبەسەر کردووە کە ئەو دوو کەسە دوای چەند کاتژمێر لێپرسینەوە ئازاد کراون. ناوی یەکێک لە وددو کەسە حیسام ڕاگەیەندراوە. ئەو سەرچاوەیە لە درێژەدا ڕایگەیاندووە کە، هێزە ئەمنییەکان لە کاتی دەستبەسەرکردنی عەبدوڵڵا چاوشی تەقەی ئاسمانییان کردووە و ترس و دڵەڕاوکێیان ناو دڵی خەڵک دروست کردووە. عەبدوڵڵا چاوشی یەکێک لە هونەرمەندانی خۆشناوی بۆکانە کە پێشتریش بە هۆی خوێندنی سرووەی شۆڕشگێڕانە بانگی ناوەندە ئەمنییەکان کراوە.

عێراق... دەستگیرکردنی 11تیرۆریستی داعش لە پارێزگای سەڵاحەددین



ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند، تۆڕێکی سەربە داعش کە فەرماندەی فەوجی دووی پۆلیسی فیدرالیان لە پارێزگای سەڵاحەددین تیرۆرکردووە، دەستگیرکراون.

ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە هێزەکانیان بە هاوبەشی لەگەڵ حەشدی شەعبی و پۆلیسی خۆجێیی لە ماینی ئۆپەراسیۆنێکدا لە قەزای یەسرب باشووری پاریزگای سەڵاحەددین تۆڕێکی داعشیان دەستگیرکردووە کە لە 11 تیرۆریست پێکهاتوون و لەنێویاندا دوو ئافرەت هەن.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دەستگیرکراوەکان بەپێی ماددەی چوار لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، داواکراون و هاتووە "ئەو 11 تیرۆریستەی داعش کە دەستگیرکراون، فەرماندەی فەوجی دووی پۆلیسی فیدرال و یەکێک لە سەرۆکەوزەکانی پاریزگای سەڵاحەددین بەهۆی پالپشتیکردنی لە هێزە ئەمنییەکان لە قەزای یەسرب، تیرۆرکردووە".

کلیپچدارئۆغلۆ بۆ کازمی:

مەمنوونتان دەبین ئەگەر پەرلەمانتارێکی سەر بە بەرەی تورکمانی بکەن بە وەزیری دەوڵەت

سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە، نامەیەک بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق دەنێرێت و داوای زیادکردنی وەزارەتێکی کابینەکەی دەکات. میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردووەتەوە، کە کەمال کلیچدارئۆغلۆ، سەرۆکی جەهەپە لە نامەکەیدا بۆ مستەفا کازمی ، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاندووە ، جەهەپە لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشی تورکمانەکانی عێراق دەکات. کەمال کلیچدارئۆغلۆ داوای لە مستەفا کازمی کردووە وەزارەتێکی حکوومەتەکەی بە تورکمانکان بسپێرێت و ڕایگەیاندووە، (بە باشی دەزانین لە کابینەکەتدا، وەزیرێک بەر بەرەی تورکمانی بکەوێت). سەرۆکی جەهەپە بە ئاماژەکردن بە پەیوەندییە میژوویی و کولتوورییەکانی عێراق و تورکیا ، ڕایگەیاندووە، (مەمنوونتان دەبین ئەگەر پەرلەمانتارێکی سەر بە بەرەی تورکمانی بکەن بە وەزیری دەوڵەت).

www.xebat.net
ژمارە (5969) 2020/7/7 ی شەممە
خەبات

لە عێراقدا دوو ملیۆن ڕەشپێست ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی دەبنەوە

سەرۆکی کۆمەڵەی ڕەشپێستەکان بۆ خەبات:

وەک هاووڵاتی پلەیەک مامەڵەمان لەگەڵدا ناکرێت



خەبات: مەریوان ئەتشبەندی

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، عەلی بەیاتی ئەندامی کۆمیسیۆنی بااڵی مافەکانی مرۆڤ، هۆشداری زیادبوونی حاڵەتەکانی سووکایەتی و ڕەگەزپەرستی دژی ڕەشپێستە عێراقییەکان دەدات و دەڵێ: ئەگەر ئەم ڕەگەزپەرستییە بەردەوام بێت، ڕەنگە ڕووداوەکانی 1200ساڵ لەمەوپێش دووبارە بێتەوە، کە لە سەردەمی خەلیفەی عەباسیدا ڕوویدا و تووندترین شۆڕشیان دژی دەسەاڵتدارانی ئەوکاتە بەرپاکرد.

عەلی بەیاتی لە دێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتیی: لە عێراقدا نەک هەر ڕەشپێستەکان کە بە(ئەفرۆ عێراقییەکان)ناسراون ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی و سووکایەتی دەبنەوە، بەڵکوو زۆر کەمینەی تری نەتەوەیی و ئەو مافەمان پێ ڕەوا نابینن، سەرۆکی کۆمەڵەی ڕەشپێستەکانی عێراق هۆشداری دەداتە حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە ئەو سووکایەتییەی لە عێراقدا پێمان دەکرێت زۆر خراپترە لەو ڕەگەزپەرستییەی کە لە ئەمەریکا بەرانبەر ڕەشپێستەکان کرا و ئەو شۆڕشە جەماوەری و تووندوتیژییەی لێکەوتەوە و ئەو ڕەگەزپەرستییە ئەگەر بەم شێوەیە فەرامۆش و سووکایەتی و ڕەگەزپەرستیمان پێبکرێت، ئەوا ڕەنگە شۆڕش و ڕاپەڕینی زنجیەکانی سەردەمی عەباسییەکان سەرهەڵبداتەوە کە بەهۆیەوە هەزارانیان لێ کوشتین و ئەوەش مایەوە وەک کۆیلە بەسەر هۆزە عەرەبە عێراقییەکاندا دابەشکران.

شایانی باسە بەشی هەرەزۆری ڕەشپێستە عێراقییەکان لە پارێزگای بەسرە و پارێزگاکانی باشووری عێراق دەژین.

مەزهەبی ڕووبەڕووی ئەم سووکایەتی و فەرامۆشکردنە بوونەتەوە.

لە لای خۆیەوە عەبدولحسێن عەبدولڕەزاق سەرۆکی کۆمەڵەی ڕەشپێستەکانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی شەرقیە، گوتی: ڕەشپێستەکانی عێراق ژمارەمان نزیکەی دوو ملیۆن کەسە، بەاڵم لە 2003وە ڕووبەڕووی فەرامۆشکردن و ڕەگەزپەرستی و سووکایەتی دەبینەوە، سووکایەتی بە ئافرەت و پیاوەکانمان و بەمندااڵەکانمان دەکرێت و لە هەموو مافێکی سیاسی و ئابووری و ئیداری بێبەشین و وەک هاووڵاتی پلەیەک مامەڵەمان لەگەڵ ناکەن، لە دادگا ڕێزمان لێناگیرێ، لە سەرتاسەری عێراقدا و لە هەموو کابینەکانی دوای ساڵی 2003هیچ نوێنەرێکمان لەپەرلەمان نییە، هیچ وەزیرێک تەنانەت هیچ بەڕێوەبەرێکی گشتیمان نییە و



عێراق... 1759کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 94یش گیانیان لەدەستدا

دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا هەزار و 759حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند.

وەزارەتی تەندروستی عێراق لە بەیاننامەیەکەیدا ڕایگەیاندووە، لە 24کاتژمێردا هەزار و 759 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری عێراق تۆمارکراوە و هەزار و 724 کەسیش چاکبوونەتەوە، 94کەسیش گیانیان لە دەستداوە و کۆی گشتی تووشبوانیش گەیشتە 62 هەزار و 275کەس. هەروەها ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە لە کۆی گشتی تووشبوانی ئەم ڤایرۆسە 34هەزار و 741کەس چاکبوونەتەوە و دوو هەزار و 567کەسیش گیانیان لە دەستداوە.

ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە کەرکووک لە هەڵکشانە

لە کەرکووک بەهۆی زۆری ڕێژەی تووشبووان، لەڕێز ڕێنمایی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک، بەشێکی بەرچاو لە تووشبووانی کۆرۆنا لە ماڵەکانی خۆیان کەرەنتین کردووە. لە کۆتایی مانگی شوباتی ڕابردوو، سەرەتا نەخۆشخانەی ناوچەی پیشەسازی کەرکووک بۆ تووشبووانی کۆرۆنا تەرخان کرا و پاشان بەهۆی زۆری ڕێژەی تووشبووانەوە نەخۆشخانەی گشتی کەرکووکیش بۆ تووشبووانی کۆرۆنا تەرخان کرا و ئینجا لەبەر زۆری تووشبووان لەو دوو نەخۆشخانەیە بەشێکی بەرچاو لە تووشبووانی کۆرۆنا لە ماڵەکانی خۆیان کەرەنتین کردووە.

هاوکات لەبارەی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە کەرکووک، سامان یابە گوتەبێژی فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند: لە کەرکووک تا ئێستا 1573 کەس تووشی کۆرۆنا بوونە و 925کەسیان ئێستا هەڵگری ئەو پەتایەن و 563 کەسی تریان چاک بونەتەوە و هەروەها 85کەسیش گیانی لە دەست داوە.

تیرۆریستانی داعش گوندێکی سنووری خانەقینیان هاوەنباران کرد

دوێنێ دووشەممە تیرۆریستانی داعش ژمارەیەک گوللەی هاوەنیان ئاراستەی گوندێکی سنووری شارەدێی سەعدیەی سەر بە قەزای خانەقین کرد . ئەحمەد ورگوشی، بەڕێوەبەری شارەدێی سەعدیە، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ دووشەممە 2020/7/6؟ لەاڵیەن تیرۆریستانی داعشەوە ژمارەیەک گوللەهاوەن ئاراستەی گوندی "مەرجانە"ی نزیک بە سەرەداوی شوێنی ئاراستەکردنی شارەدێی سەعدیە کرا، بەاڵم ئەو گوللەهاونانە. هاوکات لەمبارەوە نیهاد محەمەد، گوتەبێژی پۆلیسی دیالە، بە خەباتی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو تیرۆریستانی داعش دەستدرێژیان کردووەتە سەر بنکەیەکی پۆلیس لە سنووری شارەبان و دواتر پۆلیس بەرەنگاریان بوونەتەوە و تیرۆریستانیش هەاڵتوون.

نرخی بەرمیلێک خاوی بڕێنت گەیشتە زیاتر لە 43 دۆلار



مەترسی شەپۆلی دووەمی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سەرانسەری جیهاندا، کاریگەری نەرێنیی کردووەتە سەر چالاکییە ئابووریییەکان و داخوازی لەسەر نەوت لە جیهاندا. لە یەکەم ڕۆژی کاردا لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا، نرخی یەک بەرمیل خاوی بڕێنت بە 43 دۆلار و 19 سەنت

ڕۆژئاوای تێکساس، بە 40 دۆلار و 58 سەنت کڕیاری هەبوو. بەرزبوونەوەی خێرای ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئامازە بۆ الوازبوونی داخوازی لەسەر نەوتی خاو دەکات لە چارەکی سێیەمی ساڵدا لەو واڵتە کە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا. لە الیەکی دیکەوە، کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لەالیەن ڕێکخراوی واڵتانی هەناردەکاری نەوت OPEC و ژمارەیەک واڵتی بەرهەمهێنەری نەوت لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە، هاوکارە لە کەمکردنەوەی خستنەبازاڕی زیاتری نەوت.

ئەمەریکا: هێرشی مووشەکی هەڕەشەیە بۆ سەر عێراق و دانیشتوانەکەی

گوتەبێژ بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە وەزارەتەکەیان زانیاری هەیە لە سەر کەوتنە خوارەوەی مووشەک بۆ سەر ناوچەیەکی نێودەوڵەتی لە بەغدا . ڕوونیشیکردەوە کە الیەنی عێراقی و دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراق خەریکی لێکۆڵینەوەن بۆ ئەو بابەتە و ڕاشیگەیاند کە ئەو هەڕەشەیە و ئەو هێرشە مووشەکیانە مەترسیدارن نەک تەنها بۆ ئێمە بەڵکو بۆ حکوومەتی عێراقی و شانە دبلۆماتکارەکان و ناوچەکانی دەوروبەری کە خەڵکێک تیای نیشتەجێن . گوتەبێژ بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وتەکانی مایکل بۆمبیۆی خستە ڕوو کە ستایشی ڕۆڵی حکوومەتی عێراقی کردبوو بەوەی تەواوی گروپە چەکدارەکانی ناچار کردووە بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە . بۆمپیۆ ڕاشیگەیاندبوو بوونی ئەوانەی لە دەرەوەی یاسان تا ئێستاش بەربەستن لە بەردەم عێراق و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری لەو واڵتە . ڕوونیشیکردەوە بۆ ئەوەی جیهان هاوکاری عێراق بکات پێویستە یەکەم جار عێراق خۆی هاوکاری خۆی بکات . ئەو لێدوانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دوای ئەوە دێت کە بەردەبەیانیی دوێنێ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا کەوتە بەر هێرشی مووشەکی.



بیری نەتەوەیی و جیلی سەردەم



عەبدوڵاڵ تاهیر

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستاش هەمیشە خۆشەویستی بۆ خاک و نەتەوەکەی هەبووە و هەمیشە شانازی پێوە کردووە، کوردیش هەر لە سەرەتای دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی خاکەکەی، بۆ گەیشتن بە ئامانج و گێڕانەوەی مافە سرووشتییەکانی دەیان شۆڕشی هەڵگیرساندووە و قوربانی بە گیان و ماڵی خۆی داوە و بەرەنگاری دڕترین ستەمکار و داگیرکار بووەتەوە، هیچ کات چۆکی نەداوە و تەسلیمی ئیرادەی دژەکانی نەبووە، بەڵکوو بەدەیان جاریش گەیشتووەتە کەناری سەربەخۆیی، داخەکەم بەهەر هۆکارێک بێت، ئامانجەکانی بە تەواوی بەدینەهاتوون، بەاڵم دەستبەردارییان نابێت، لە تەک هەموو کێشە و بەربەستەکانی بەردەمی، توانیویەتی بکەوێتەوە سەرپێی خۆی. ئەوەی لێردەدا دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، کاڵبوونەوە و نەمانی وەاڵ و خۆشەویستی تاکە بۆ خاک و گەلەکەی و لەنێوبشیاندا تووێژی گەنج کە هەردەم گەنج و الو سەرمەشق و سەردەستەی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بوونە، ئەگەر بەچاوێکی سیاسییانە و بەبیرێکی ئەکادیمی لێکۆڵینەوە لەو دیاردەیەدا بکرێت، ڕەنگە زۆر بەئاسانی بگەینە ئەنجام، تۆ بڵێی لەخۆڕا ئەو دیاردەیە واسەریهەڵداوە و چەکەڕەی کردووە؟ بێگومان نەخێر، دژە کوردەکان لەوەتەی هەن کوردییان بە هەموو شێوەیەک چەوساندووەتەوە و لە کوشتن و بڕین و زیندەبەچاڵکردن سڵیان نەکردووەتەوە، لێ شێوازی ئێستایان بەتەواوی جیایە لەالیەن هەر چوار دەزگە سیخوڕییەکە (ساواک و میت و هەواڵگری عێراقی و سووری) ئەویش کارکردنە لەسەر کاڵکردنەوە و نەمانی بیری نەتەوەیی لای گەنجی کورد.

بەداخەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان تێیایدا سەرکەوتوو بوونە، هیچ کام لە شێوازەکانی قڕکردن بەقەد ئەم جۆرە مەترسیدار نەبووە، بۆیە پێویستە هەرچی زووە، جدیانە کار لەسەر ڕەوانەوەی ئەو تەمە بکرێت، پرسی بیری نەتەوەیی لای گەنج گەاڵلە بکرێتەوە و دووبارە گەنجی کوردی بە خۆشەویستی گەل و خاک بارگاوی بکرێتەوە، کار بکرێت بە کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بە زمان و بیری نەتەوەیی و هەبوونی کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بەو بوارە، هەروەها ڕەخساندنی هەلیکار و گرنگیدان بە گێڕانی ڕۆڵی گەنج لە سێکتەرە جیاوازەکان و بەشداری پێکردنی گەنج لە پرسە چارەنووسسازەکان، لەپێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد.

دهۆک.. شاندەکێ پەرلەمانێ کوردستانێ سەردانا دەڤەرێن سنوری دکەت



هەڤدەم دگەل بەردەوامبونا شەر و پێکدادانێ سەربازی دناڤبەرا سوپایی تورکیا وچەکدارێن pkkێ دا ل دەڤەرێن سنوری دناڤ ئاخا هەرێما کوردستانێ دا شاندەکی پەرلەمانێ کوردستانێ سەردانا هندەك ژوان جهان کرن ژبو دیتن وئاگەهداربون ل سەر رەوشا دەڤەرێن سنوری، دهەمان دەمدا خەلکێ وان دەڤەرا داخواز ژچەکدارێن pkkێ وهێزێن تورکی دکەن گورەپانا شەرێ خوە ژ جهێن وان دویر بکەن

چیا حەمید شەریف ئەندامێ پەرلەمانێ کوردستانێ دیارکر کو ئارماج ژسەردانا شاندێ پەرلەمانێ کوردستانی بو هەمی دەڤەرێن سنوری ژبو ئاگەهدابونێ یە ل سەر رەوشا وان دەڤەران ودیتنا زەرەر وزیانێن ژئەنجامێ شەرێ دناڤبەرا چەکدارێن pkkێ وهێزێن تورکی دا، وئاماده کرنا راپورتەکێ بو پەرلەمانێ کوردستانێ داکو بریارێن پێدڤی بدت.

چیا حەمید ئاماژەکر کو ژئەنجامێ شەر وپێکدادانا هێزێن تورکی تێدا هاتینە دناڤ ئاخا هەرێمێ دا وچەند گوندێن دەڤەرێ هاتینە چول کرن وهەروەسا وزەرەر وزیان ژی گەهشتیە بەرهەم ورەز وباغێن جوتیاران.

ژهەژی ئاماژە پێکرنێ یە هێزێن تورکی ئوپراسیونەکا سەربازی ل 17 ی ڤێ مەهێ ل دژی چەکدارێنpkkێ ل چەند دەڤەرێن سنوری یێن سەر ب قەزا زاخو ڤە ئەنجام دایە وبویە ئەگەرێ ئاوارەبونا هەژمارەکا ئاکنجێن گوندێن سنوری ل دەڤەرا زاخو، وهەروەسا ل گور ژێدەرێن ئاگەهدار هێزێن تورکی چەند بنگەهێن سەربازی ل وان دەڤەرا دانایە.

ژلایەکی دی ڤە هێزێن پاسەوانێن سنوری ل پارێزگەها دهۆك راگەهاند کو جولانەوە ب هێزێن پاسەوانێن سنوری هاتە کرن ژبو گرتنا وزالبون ل سەر هندە جهێن ئیستراتیجی وگرنگ ب مەرەما پاراستنا گیانێ هاولاتیان ونەهێلانا نێزیکبونا شەرو پێکدادانا بونێزیك جهێن ئاکنجبونا خەلکێ سیڤیل.

ژلایێ خوڤە ئاکنجێن گوندێن سنوری ل دەڤەرا زاخو داخواز دکەن گورەپانا شەرێ دناڤبەرا هێزێن تورکی وچەکدارێن pkk ێ ژجهە وگوندێن وان بێتە دویر ئێخستن داکو جارەکا دی ڤەگەرنەڤە سەرجهێن خوە وژیانەکا ئاسایی دەربازبکەن.



بریکاری وەزارەتی ناوخۆ دەستبەکاربوو
وەک پشکی لایەنە هاوبەشەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرکەی پێسپێردراە

دوێنێ 6ی تەموزی 2020 لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئاماەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمی تاڵەبانی پاش پیرۆزبایی، هیوای سەرکەوتنی بۆ لیوا چەتۆ سالّح لە پۆستی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ دەستبەکار بوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا کە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆش ئامادە بوو، قوباد ئەندامانی وەزارەتدا پێویستە بۆ باشتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان، ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەش لەناو تیمی وەزارەتی ناوخۆ بەدی کراوە و پێویستە بەهێزتریش بکرێت.

لە ڕێوڕەسمەکەدا لیوا چەتۆ سالّح رایگەیاند: لەم ئەرک و بەرپرسیارێتییە نوێیەیدا کە پێم سپێردراوە بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدەم بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

شایەنی باسە لیوا چەتۆ سالح لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەرکی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی پیسپێردراوە.

حکوومەت بودجەی فریاگوزاری بۆ ئاوی سلێمانی تەرخان دەکات




دوای ئەوەی ڕۆژی یەکشەممە بۆڕی سەرەکی پڕۆژەی ئاوی سەرچنار شکا، گرفتی بێ ئاوی لە شاری سلێمانی دروستبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە بودجەی فریاگوزاری بۆ ئەو پڕۆژەیە تەرخان بکات. پارێزگاری سلێمانیش ئاشکرای دەکات، بۆ چارەسەری گرفتی ئاو لەو پڕۆژەیە داوای 100 ملیۆن دیناریان کردووە. هەڤاڵ ئەوبەکر، پارێزگاری سلێمانی دەڵێ: بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاو لە پڕۆژەی سەرچنار کە بۆرییە سەرەکییەکەی شکاوە، پەیوەندییان بە وەزیری دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کردووە و بەڵێنیانداوە کێشەکە چارەسەر بکەن.

گوتیشی: وەك پارێزگای سلێمانی بۆ چارەسەری ئەو گرفتە داوای 100 ملیۆن دینارمان کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی کێشەی ئاو لە سلێمانی بە تەواوی چارەسەر بکرێت، پێویستە هەردوو هێڵی 1 و 2ی ئاوی دوکان - سلێمانی چاك بکرێنەوە، چونکە چەند ساڵێکە ئەو دوو هێڵە پێویستیان بە صیانە هەیە و نەکراوە، ئەمەش پێویستی بە بودجەی تایبەتە .

پارێزگاری سلێمانی، ڕاشیگەیاند: بە هەوڵ و هیممەتی ئەندازیار و بەرپرسەکان و کارمەندانی ئاوی سلێمانی، دوێنێ وەك هێڵێکی خێرا پڕۆژەکە چاکدەکرێتەوە و دەتوانرێت ئاو بۆ 90%ی گەڕەکەکانی سلێمانی بەربدرێتەوە .

نزیکەی 400 کارمەندی تەندروستی لە سلێمانی تووشی کۆرۆنا بوونە



نزیکەی 400 کارمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی لە ئەگەری تەشەنەسەندنی تووشبووانی کارمەندانی تەندروستی پلانی تایبەتیان داناوە بۆ ئەو نەخۆشخانانەی تایبەتن بە تووشبووانی کۆرۆنا.

بەشێک لە کارمەندانی تەندروستی کە هەڵگری کۆرۆنان راستەخۆ دوای چاکبوونەوەیان چوونەتەوە سەرکارەکانیان، جێگری بەڕێوبەری تەندروستی دوای تێپەڕاندنی ڤایرۆسەکە و چاکبوونەوەی گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی و ئاشکرای دەکات، لە ئەگەری زیادبوونی تووشبوونی کارمەندانی تەندروستی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا پلانی تایبەتیان هەیە تاکو بۆشایی لە بنکە و فەرمانگە تەندروستی و نەخۆشخانەکانی سلێمانی بەرزبوونەوەی ئامارەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە کاتێکدایە نزیکەی 400 کارمەندی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە، بەشێکیش لە تووشبووان بەهۆی خراپی باری تەندروستیان پێویستیان بە زیاتر لە سێ کارمەندی تەندروستییە چاودێریان بکەن. ئەمەش وایکردووە کەمی کارمەندی تەندروستی گرفت بۆ ئەو کەرتە دروست بکات.

بەپێی ئەو زانیاریەکان، بەشێک لە کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی شار و نەخۆشخانەی شۆڕش و سەنتەری ژیانەوەو بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستن، هەروەها چەند کارمەندێکی دیکە لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان و کەلار و هەڵەبجە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە.

پرسەنامە

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڤاڵان (ئەسعەد عەدۆ) و (کەریم قادر)

بەداخێکی زۆرەوە بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (ستیلە عەدۆ ڕەسوڵ بندیان) خوشکی هەڤاڵ و هاوکارمان (ئەسعەد عەدۆ) و دایکی هەڤاڵ (کەریم قادر)مان بیست.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی هاوکارانی بەڕێزمان (ئەسعەد عەدۆ و کەریم قادر) و، خانەوادە تێکۆشەرەکانیان و تەواوی خزم و کەسوکار و ئاشنایانیان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەیانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەمووڵایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

***

هاوکارمان مامۆستا کەریم قادر
هەڤاڵ کاک ئەسعەد عەدۆ

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێز مامۆستا کەریم قادر سکرتێری پێشووی ڕۆژنامەکەمان و خوشکی بەڕێز ئەسعەد عەدۆ ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنمان پێگەیشت، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان، سەرەخۆشیتان لێ دەکەین، لە خوای گەورە دەپارێینەوە خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و سەبووری و ئارامی بە ئێوە و خانەوادە و کەسوکاری ببەخشێت و دواناخۆشیتان بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

خەبات

ئاگادارییەکی گرنگ لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ قوتابیانی 12ی ئامادەیی

وەزارەتی پەروەردە قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی ئاگادار دەکاتەوە، کە دەتوانن لە ڕێگەی چەند لینکێکەوە، شوێنی تاقیکردنەوەکانیان بزانن.

لە ڕاگەیەندراوێکدا دوێنێ دووشەممە، 6-7-2020 وەزارەتی پەروەردە لینکی شوێنی تاقیکردنەوەکانی بەپێی پارێزگاکان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند داوایان لە قوتابیانی پۆلی 12 دەکەین ڕۆژێک پێش ئەنجامدانی ئەزموونە گشتییەکان سەردانی هۆڵەکانیان بکەن بۆ دڵنیابوون لە شوێن و ناوەکانیان بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان .

پۆلی 12ی ئامادەیی زانستی و وێژەی پیشەیی و خوێندنی ئیسلامی پەروەردەی گشتی هەولێر

پۆلی 12ی ئامادەیی زانستی و وێژەی پیشەیی و خوێندنی ئیسلامی پەروەردەی گشتی سلێمانی

پۆلی 12ی ئامادەیی زانستی و وێژەی پیشەیی و خوێندنی ئیسلامی پەروەردەی گشتی دهۆک

پۆلی 12ی ئامادەیی زانستی و وێژەی پەروەردەی گشتی هەڵەبجە

پۆلی 12ی ئامادەیی زانستی و وێژەی پیشەیی و خوێندنی ئیسلامی پەروەردەی گشتی گەرمیان

هەر دوێنێ وەزارەتی پەروەردە لەڕێگەی فەیسبووکی فەرمیی خۆیەوە چەند بەرچاوڕوونیەکی دا بە قوتابیانی پۆلی 12.

وەزارەتی پەروەردە ڕایگەیاند تاقیکردنەوەی بابەتی پەروەردەی ئێزدیاتی لەگەڵ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ئەنجام دەدرێت. ئەگەر هەر ڕۆژێکی تاقیکردنەوە بەر پشووی فەرمی بکەوێت، تاقیکردنەوەکە هەر ئەنجامدەدرێت و، ناکرێت بە پشوو جگە لە ڕۆژانی جەژن . هەروەها دەڵێ تاقیکردنەوەکان ڕۆژانە لە کاتژمێر 08:30یی بەیانی دەستپێدەکەن .

سەرەڕای بوونی پەتای کۆرۆنا، بەڵام بڕیارە ڕۆژی 11-7-2020 تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەستپێبکات. بەگشتی ئەمساڵ 144 هەزار قوتابیان مافی بەشداریکردنیان لە تاقیکردنەوەکاندا هەیە.

پارێزگەرێ دهۆکێ دەست خوشی ل ڕێڤەبەر و کارمەندێن هێزێن نافخویی دکەت



دوهی بەری نیڤرو 6/7/2020 د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ کومبونەك دگەل ڕێڤەبەر و ئەفسەرێن هێزێن وەزارەتا نافخویی ل سنورێ پارێزگەهێ سازکر.

دکومبنێدا بەحسێ ڕەوشا ئێمناهیێ ل پارێزگەهێ و سەرەدەریا ڕوژانە یا هێزێن نافخویی دگەل وەلاتیان و چاوانیا بجهێنانا بریار و ڕێنماییێن خو پاراستنێ ژڤایروسێ کورونا ب گشتی هاتەکرن . پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو دڤێت دەزگەهێن ئێمناهیێ ب هویربینی هەموو ڕێنما و بریارێن حکومەتێ ل دوڤ یاسایێ و ب یەکسانی بجهبینن و بڕەنگەکێ شارستانی سەرەدەریێ دگەل هاولاتیان بکەن و خزمەتا وان بکەن .

هەروەسا گوت : خەلکێ پارێزگەهێ یێ ملکەچە بو بجهێنانا بریارێن حکومەتا هەرێمێ وئەم سەربلندین ب وان لەورا خەلکێ مە یێ هەژیە مروڤ پتر خزمەتا وان بکەت و خواست کو هەموو فەرمانگەە وەکو ئێك تیم کاربکەن و خزمەتا وەلاتییێن پارێزگەهێ بکەن و پشتەڤانیا خو نیشان دا بوبەرقراکرنا ئێمناهیێ ل سەنسەری پارێزگەهێ .


پارێزگەرێ دهۆکێ سەرەدانا دادگەها تێهەلچونێ کر

ب مەرەما پشتەڤانیکرنا کاروبار و بریارێن دادگەهێ دوهی سپێدێ 6/7/2020 د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ سەرا دادگەها تیهەلچونێ ل دهۆکێ دا ژلایێ حاکم محەمەد ئەمین شەرەفانی سەروکێ دادگەهێ وەدادوەران پێشوازی لێ هاتە کرن . پاش کومبونەك هاتە ل دار خستن لبەراهیێ سەروکێ دادگەها تێهەلچونێ پیروزباهیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر ب هەلکەفتا وەرگرتنا پوستێ نوو و داخازا سەرکەفتنێ بو کر و چەند ڕونکرن دانە سەر کارێن ڕوژانە پێن دادگەهێ و پێگریکرنا خەلکی ب ڕێنماییێن تەندورستی وەکو ب کارئینانا ماسك ودەستگورکرا ل جهێن قەرەبالغ وبازار وفەرمانگەهێن میری بو وێ یەکێ تەندورستیا گشتی یا خەلکی بهێتە پاراستن و دەست خوشی ل ژورا ئوپەراسیونا و تیمێن کاری و پێن ساخلەمێ کر کو ب ڕێك و پێکی بەرهنگاریا پەتایا ڤایروسێ کورونا بوینە و ڕەوشا گشتی پاراستی یە. ژلایێ خوڤە د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ دەست خوشی و سوپاسیا سەروکێ دادگەهێ و هەموو ستافێ دادگەهێ کر ل دور ئەو خزمەتا دبیاڤێ یاسایی دا پێشکێشدکەن و تەکەزی ل سەر سەربەخویی و سەروەریا دادگەهێ و چەسپاندنا یاسایێ کر و پشتەڤانیا خو نیشان دا بو پتر هەماهەنگیێ دگەل دام ودەزگەهێن دادوەری و بجهێنانا بریار و یاسایێن دادگەهێ دهەر بیاڤەکی دا.

وەرزی مەزەرەکردن و چاندنی چەڵتوکی خۆماڵی دەستی پێکردووە

جووتیاران رۆژانە 10 کاتژمێر لە ژێر 40 پلەی گەرمیدا لەنێو کێڵگەکانی برنج کار دەکەن





خەبات: دهۆك

وەرزی مەزەرەکردن و چاندنی چەڵتوکی خۆماڵی کە لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان پێدەگات، دەستی پێ کردووە. لە هەردوو قەزای بەردەرەش و شێخان لە پارێزگای دهۆك دەستێ کراوە بە چاندنی چەڵتوکی سێ مانگی، کە یەکێکە لەو جۆرە برنجانەی زۆرترین فرۆشیان هەیە. جووتیارانی گوندەکانی خانی هادی و گەرەندالی لە ناحیەی کەڵەکچی قەزای شێخان لە بەر هەتاو کە پلەکانی گەرما بۆ 40 پلە بەرز بوونەتەوە، برنج لە کێڵگەکاندا دەچێنن.

ئەو شوێنەی برنجی لێ دەچێندرێت وەك زۆنگاوی لێ دەکرێت

جووتیاران بۆ پێگەیاندنی برنج کە پێویستی بە ئاوی زۆر هەیە بەو سیستەمی دایانناوە، ئاو لە زێی بچووکەوە بۆ کێڵگەکانیان دابین دەکەن، تاکو کێڵگەی چاندنی برنج وەك زۆنگاوی لێ دەکرێت. سەرەتا تێرئاو دەکرێت. دواتر خاکەکە بەجۆرێك خەست دەکرێتەوە تاکو برنجی لێ بچێندرێت. ئینجا بە خاکەناز بەشێوەیەکی بەیەکەوە گرێدراو گۆلی شێوە چوارگۆشە کە پانییەکەیان دوو مەترە و درێژیشیان چوار مەترە دروست دەکرێن و ئاوەکەیان تێ دەکرێت. پاشان جووتیاران تۆوی برنج کە پێشتر تەڕییان کردووە بەسەر ئەو گۆلانەدا دەوەشێنن.

کارەکەیان زۆر قورسە، بەڵام ناچارن

سەرکەفت ئەسعەد کەتۆ لە گوندی دیلەجان دەژی، دەڵێت: لە مانگی ئایارەوە دەستیان بە چاندنی برنج کردووە، ئەمساڵ لە سەر رووبەری 30 دۆنم زەوی سێ جۆر برنج دەچێنین. لە ماوەی 20 رۆژدا برنجی سەدریان چاند. ئینجا دەستیان کرد بە چاندنی برنجی تەحالوف. ئەویش نزیکەی 20 رۆژی پێچوو. ئێستاش برنجی عەنبەر دەچێنین.

سەرکەفت ئەسعەد بە تیشك خستنەسەر ئەوەی کە کارەکەیان زۆر زەحمەتە و لەگەڵ حەوت کرێکار بەیانیان کاتژمێر حەوت دەست بەکار دەکەن و تاکو کاتژمێر چوار بەردەوام دەبن، گوتی: زۆر گەرمە و کارەکە زۆر زەحمەتە، بەڵام ناچاریشین. بڕێوی ژیانمان لەسەر ئەوەیە، 13 سەر خێزانین، ئەگەر ئەو کارە نەکەین بە چی بژین.

تۆوی خۆماڵی

سەرکەفت ئەسعەد بە تیشك خستنە سەر ئەوەی کە بە رێگا نەریتییەکان کاری چاندن ئەنجام دەدەن، گوتی: تۆوەکەمان خۆماڵییە، هەموو ساڵێك دوای دروینەوەی برنج بەشێکی بۆ چاندن دادەنێین. بۆ پێگەیاندن هیچ جۆرە دەرمانێکی کیمیایی بەکارناهێنین، تەنیا یەك دەرمان بەکاردەهێنین دژی گیا زیانبەخشەکان، برنجەکەمان برنجی پلە یەکە.

کێشەی گەورەیان کارەبایە

سەرکەفت ئامازەی بەوەدا کە گەورەترین کێشەیان، نەبوونی کارەبایە بەپێی پێویست و گوتی: هەموو کارەکانمان بە کارەبا دەکرێت، بەڵام کارەبا بەپێی پێویست نییە، ناچارین موەلیدە هەڵبگەین، بەڵام ئەویش پێویستی بە سووتەمەنی زۆرە. لە کاتژمێرێکدا 25 لیتر سووتەمەنی دەوێت. یەك لیتر گازیش بە 550 دیناڕە، داوا لە حکوومەت دەکەین لە چارەسەرکردنی کێشەی کارەبادا هاوکارمان بێت.

دەیانەوێت پشتگیری بەرهەم و بەربوومی خۆماڵی بکرێت

سەرکەفت بە ئامازەدان بەوەی کە بەروبوومی برنج پڕبەرهەمە، بەڵام بە زەحمەت دەفرۆشرێ، گوتی: کاتێك برنجەکە پێ دەگات حکوومەت لێیان وەرناگرێت و هیچ قەدەغەیەك نییە سەبارەت بە هاوردەکردنی برنج لە دەرەوە تا ئەو کاتەی ئێمە بەروبوومی خۆمان ساغ دەکەینەوە، ئەگەر حکوومەت رێگە بگرێت لە هەناردەکردنی بەروبوومی ڕەچەڵەك بیانی، بۆ ئێمە زۆر باش دەبێت. دەمانەوێت پشتگیری بەرهەم و بەربوومی خۆماڵی بکرێت، بازارێك نییە بەروبوومەکەی لێ بفرۆشین. بەروبوومی پار ساڵمان هێشتا لە کۆگاکاندایە. بەهۆی داخستنی رێگاکان لەبەر قایرۆسی کۆرۆنا، ناتوانین برنج بۆ هەولێر و سلێمانی رەوانە بکەین، لە کاتێکدا بە بەرزترین رێژە لەوێ دەفرۆشرێ. هەروەها لە بازارەکان کێشەی بەکۆ فرۆشتنیشمان هەیە. بەشێکیان 200 کیلۆگرامیان دەوێ، بەشێکی دیکەیان 500-400 کیلۆگرام. خۆمان دەیخەینە کۆگا و دەیفرۆشین. کرێارێکمان نییە بەکۆ برنجی بوێت. وآتە کەس نایە 10-20 تەن برنجت لێ بکرێت.

خەریکە پشتمان دەشکێت

کرێکارێکی تەمەن 29 ساڵ کە رۆژانە هەشت کاتژمێر لە کێڵگەیەکی برنج لە ناوچەکە کار دەکات ئامازە بەوە دەکات، کە کارەکەیان قورسە و دەڵێت، کە ناچارن و تا ئەم دۆخە لە ئارادا بێت لە کارەکەیان بەردەوام دەبن.

نەشوان سەباح گوتی: رۆژانە کاتژمێر حەوتی بەیانی دەست بەکار دەکەین، کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ دەست هەڵدەگرین و پشوو دەدەین، کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ دەست بەکار دەکەینەوە تا کاتژمێر چواری ئێوارە، کارەکەمان قورسە، خەریکە پشتمان دەشکێت، بەڵام ناچارین .

زمانی زبر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چەکی بریندارکەری بەرانبەر



شنە باباعەلی

زمانی زبر دیرۆکی مێژوویی هەیەو بۆ شکاندنی یەکتر بەکارهاتووە

ئاهەنگ حوسێن:

ئەگەر نەمانتوانی کۆمێنتی گونجاو بنووسین، باشترە بێدەنگ بین

بەهرە محەمەد:

کۆمێنت و زمانی زبر، کۆمەڵگا لە بەها بااڵکانی دادەماڵێت

ڕاپۆرت: پەریهان عومەر

زمان زبر و کۆمێنتی ناشیاو وەك جۆرێك لە وەڵام و وەڵامکاری لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونی هەیەو زۆرجاریش بە فاکتەری دروستبوونی کێشە و چەکی بریندارکردنی بەرانبەر هەژمار دەکرێت، ئەوانەی زمانی زبر و کۆمێنتی ناشیاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن، دواجار تاکی کۆمەڵگان و بەشێکن لەو بەشداربووانەی لە تەواوی کایەکانی ژیاندا هاوبەشانن، بەڵام پێویستە بپرسین بۆچی وەها مامەڵە دەکەن و مەبەستیان چییە لە بەکارهێنانی زمانی زبر.؟!

شنە باباعلی مامۆستا و ڕۆژنامەنووس لە هەمبەر ئەو پرسەدا بۆ خەبات گوتی: ئەگەر لە ئایدیاو میتۆدو بیرۆکی بەهرەمەندە مێژووییەکان وردبینیەوە، کەم تا زۆر وەك سوکایەتی و بۆ هێنانە خوارەوەی ڕێز و بەهای کۆمەڵایەتی و کەسایەتی بەرانبەر، زمانی زبر و زمانی بازاڕی بەکار هێناوە، زمانەکە لەکات و شوێنی جیاوازو هەمەجۆر بەکارهێناوە، ئارامکەرەوەیەکی دەروونی بووە بۆ بەکارهێنەر، بەداخەوە ئێمە دەڵێی لە دەرایەکدا دەژین جۆرەها جانەوەری تێدایە، وشەی زبر و کۆمێنتی نەشیاو هی کەسانی ناخ نەخۆشە، ئەو کەسانە تەواو بێ متمانەن لە خودی خۆیان ، کە ناتوانن چاو بەسەرکەوتن و باشییەکانی کەسانی تردا هەڵبێنن.

شنە بابەعەلی گوتیشی: بەکار هێنەرانی وشەی ناشیاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەم نین، ئەوانەی کە تووشی گرێی دەروونی بوون، بە ڤایرۆسی سۆشیال میدیا ناو دەبرێن، کۆمێنت و وشەی ناشیاو کاریگەری لەسەر کەسی بەرانبەر دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی ئەو کەسەکە وای لێدێت تووشی دڵەڕاوکێی دەروونی دەبێت و وا هەست دەکات ئیتر کۆمەڵگەوە هەیە، بەداخەوە ئێمەی بینەریش کە ڕۆژانە بە لێشاو لەو کۆمێنتە ناشیاوانە بەرچاومان دەکەوێت، پێویستە هەریەکێك لە ئێمە ئەگەر نەمانتوانی کۆمێنتی گونجاو و شیاو بنووسین، باشترە کۆمێنت نەنووسین، چونکە کەسایەتیان لە کۆمێنت نووسین ڕەنگ دەداتەوە.

بەهرە محەمەدئەمین چالاکوانی مەدەنی دەڵێت: زمانی زبر جگە لەوەی نزمی ئاستی کەسایەتی و ڕۆشنبیری هەر کەسێك دەردەخات، بێگومان کۆمەڵگەش لە بەها بڵند و جوانەکانی ڕەوشت دادەماڵێت و لە ئەگەری بەردەوامبوونی بۆ ماوەی درێژ، کۆمەڵگایەکی تەواو سست و لاواز لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بەرهەم دێت کە پەرتەوازەیی، کینە و بەربەرەکانێ دەبێتە سیمای دیاری کۆمەڵگاکە و تاکەکانی لە بری یەکگرتن و هەوڵدان بۆ بنیاتنان، بەردەوام سەرقاڵی دژایەتی و ڕووخاندنی یەکتر دەبن.

بەهرە دەشڵێت: بە دڵنیاییەوە کۆمینتی ناشیاو کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر تاك هەیە، بە تایبەت لەڕووی دەروونییەوە لێکەوتەی خراپی زۆر بەجێ دەهێڵێت لەسەر دەروونی تاکەکان و هەندێکجار ڕەنگە بگاتە حالەتی مەترسیدار لە نەخۆشی دەروونی، ئەگەر نەشگات بەم حالەتە، ئەوا زۆر جار دەبێتە هۆی پاشەکشەو لە ناوبردنی هێز و بوێری مرۆڤەکە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوەو شوێنکەوتنی خولیاکانی، لە هەموو بارێکدا تاکەکان بەرەو سستی و شێوانی دەروونی و کۆمەڵگاش بەرەو چەقبەستوویی دەبات.

ئایەوێ بنووسێت یاخود دەرکەێت، هەڵبەت ئەمەش بۆ هەموو کەس وەك یەك نییە، دەبێت خەڵك فێری پەروەردەی نووسین و وەڵام بکرێت ، کە پەروەردە و متمانە لاواز بوو هەموو کایەکانی تریش لاواز دەبن، بەداخەوە ئەم بابەتە هیچ گرنگییەکی پێ نەدراوەو تا ئێستا نەتوانراوە وەك پێویست دەستی بۆ ببرێت.

ئاهەنگ حسێن قوتابی لەسەر ئەم بابەتە ڕای خۆی دەڵێت: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژیانی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوە، لەئەگەری بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك کۆمەڵێك دەنگدانەوە دروست دەکات. کۆمێنتی گونجاو کاریگەری باش و ئەرێنی لەسەر نووسەرەکەی دەبێت و هانی دەدات کاری باشتر و چاکتر پێشکەش بکات، سەبارەت بە کۆمێنتی نەگونجاو و ناشیاو پێموایە کاریگەرییەکی زۆری نابێت لەسەر کەسی نووسەر، چونکە ڕۆژانە کۆمێنتی لەو شێوەیەی پێدەگات، بۆیە دەبێتە شتێکی ئاسایی بەلایەوە.

ئاهەنگ گوتیشی: سەبارەت بە کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەلگە، تاك پێکهێنەری سەرەکییە لە کۆمەڵگە بۆیە ڕۆشنیری تاك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر

لە یادەوەری شۆڕشگێڕان

تێکۆشەری ناسراو تاڵێب مۆریاسی: ئەو پێکەوەژیانەی ئەمڕۆ هەیە بەرهەمی خەباتی بارزانیی نەمرە

زانیار سەردار قرگەیی

بەشی دووەم و کۆتایی

تاڵێب عەبدوڵا سەعید، ناسراو بە (تاڵێب مۆریاسی)، کەسایەتییەکی ناسراو و دەرکەوتووی دەفەری سلێمانیی و کوردستانە، ساڵانێك تێکۆشەر و فەرماندەی سیاسی و سەربازی و پێشمەرگەیەکی ماندوونەناسە، لە هەمان کاتیشدا بەردەوام داکۆکیکارێکی سەرسەختی جووتیار و کرێکار و هەژاران بووە، بەتایبەتی دانیشتوانی سنووری گوند و ناوچەکەی خۆی، بەردەوام باجەکەیشی داوە.

لەدایکبووی ساڵی 1934ی گوندی (مۆریاس)ی سنووری شارباژێڕە، قۆناغی مێرمنداڵی لە گوندەکەیان بەسەر بردووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە هەمان گوند بووە و تا ساڵی 1953 هاتووەتە شاری سلێمانی، پاشان لە کەرکووك خوێندنی تەواو کردووە.

لە سەرەتای تەمەنی لاوێتییەوە حەزی لە کارکردن کردووە و لە کرێکارییەوە دەستی پێکردووە و بە رەنجی شانی خۆی بژێوی پەیدا کردووە، هەر لەو کاتەشدا کەسێکی دەرکەوتوو و بزێو و چالاك و رۆشنبیر و هۆشیار و بەئاگا بووە لە رووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، هەر بۆیە زوو ئاوێتەی ژیانی رامیاری و سەربازیی بووە.

*** کەواتە پێت وایە لەسەرەتاوە دەسکەوتی بۆ گەلی کورد هەبوو؟**

- بەڵێ، پێم وایە عەبدولکەریم قاسم، دەسکەوتی بۆ گەلی کورد و کوردستان هەبووە، چونکە لە سەردەمی ئەودا بوو، بازرزانیی نەمر و یاوەرانی لە سۆڤێتی جاران بۆ کوردستان گەڕانەوە و شێخ ئەحمەدی بارزان و سەدان شۆڕشگێڕی دیکەی کوردستان و عێراق لە زیندانەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی عێراق ئازاد کران و ژیانی سیاسی لە عێراق بۆ ماوەیەك ئازاد بوو، پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بۆ هەژارانی عێراق و کوردستان باش بوو.

*** باشە لەکاتێکدا وا باسی عەبدولکەریم قاسم دەکەیت، کە دەیویست تەواوی مافەکانی گەلی کورد دابین بکات، ئەی ناکۆکییەکانی نێوان مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم لەسەر چی بوو؟**

کاتێك بەعسییەکان شەهیدیان کرد، دواتر لە گۆڕستانەکە تەرمەکەیان دەرهێنا و بردیانە شوێنێکی نادیار. تا ئێستاش کەس نازانێ تەرم و گۆڕی لە کوێیە، واتە گۆڕی (ونە). بە زیندوویی و بە کوژراویش زوڵمیان لێی کرد، بۆیە من بە شەهید ناوی دەبەم، زۆر کەسیش پێی وایە شەهیدە.

*** باشە لەکاتێکدا وا باسی عەبدولکەریم قاسم دەکەیت، کە دەیویست تەواوی مافەکانی گەلی کورد دابین بکات، ئەی ناکۆکییەکانی نێوان مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم لەسەر چی بوو؟**

- لە سەرەتاوە بەهیچ شێوەیەك ناکۆکی لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم نەبوو، بارزانی بە هەموو شێوەیەك لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد پشتگیریی قاسمی دەکرد، هەندێك لایەنی کوردیش وایان بۆلا دەکردەوە، کە بارزانی بووەتە سەربازی عەبدولکەریم قاسم و نایەوێت شۆڕش دروست بکات. بەداخەوە ئەمە پروپاگەندەی هەندێك لایەنی بینیوە؟


- بەڵێ، من لە کوردستان لە ساڵی 1955 لە گەلی عەلی بەگ بینیومە، ئەوساڵە لیواکەیان بۆ (فەرەزیاتی سوپا) هاتبوونە کوردستان، ئەوکاتە قاسم، فەرماندەی لیوای ١٩ی سوپای عێراق بوو. خۆی سەرپەرشتی فەرەزیاتەکەی دەکرد.

*** مەسەلەی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دەنگۆ و گفتوگۆیەکی زۆر لێرە و لەوێ ژێربەژێر کاریان دەکرد، کاتێك شۆڕشی گەلاوێژی ساڵی 1958 بەرپا بوو، خەڵکی رۆشنبیر بوو بە (التحول والتطور)، واتا حاڵەتێکی کتوپڕ رووید، جگە لەوەش باری بژێوی ژیان بەرەو باشتر هەنگاوی نا و ژێرخانی ولاتەکە لە ڕێگاوبان و کشتوکاڵ و پیشەسازی دەستی پێکرد و هەردوو کەرتی پەروەردە و تەندروستی گەشەیان کرد، ئەمە وێڕای ئەوەی کەرتەکانی خۆشگوزەرانییەوە بلیمەت بوو، بەڵام دوژمنەکانی، لە بەعس و قەومییەکان و کۆمپانیا قۆرخکارییەکان و دەرەبەگ و دەستێوەردانی دەرەکی، هەموو بەیەکەوە ڕێگایان نەدا لە کارە جوان و گەورەکانی بەردەوام بێت.**

*** لەو سەردەمەدا هەر خۆی لەخۆیدا ناکۆکی لەنێوان پارتی و حزبی شیوعیدا هەبوو، کامیان لەسەر هەق بوون، ئەی بۆچی ئاژاوەکەی کەرکووك رووید؟**

- ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و شیوعی لەو سەردەمەدا هۆکارەکەی تا رادەیەکی زۆر ناکۆکی (برایم ئەحمەد) بوو لەگەڵ حزبی شیوعی، ئەمە جگە لەوەی هەڵەکانی حزبی شیوعی زۆر زۆر بوون، لە کەرکووك ڕەئیس لەتیف هەبوو خەڵکی سلێمانی بوو، بەرپرسی بەرگریی میللی بوو، هەر خۆی لەخۆیدا ئەم بەرگرییەی میللی بەتەنیا لە شیوعی پێك نەهاتبوو، بەڵکوو بەناوی حزبی شیوعی بوو، هەمووی موخابەراتی بوو، لە بەعسی و قەومی و عەرەب و کۆمپانیای نەوت و لایەنگرانی ئێرانیشی تێدا بوو، ئەمە وایکرد تورکمانەکان وایان بەسەر بێت، ئەگینا نە حزبی شیوعی و نە کورد دەستیان نەبوو لە کوشتنی تورکمان و ئاژاوەکەی کەرکووك، خۆی لەخۆیدا ئەو ئاژاوەیەی لە کەرکووك هەڵگیرسا، زیاتر کارێکی دەزگا هەواڵگری و سیخوڕییەکان بوو، ئامانجی سەرەکی تێکدانی ڕۆڵی کورد و عەرەب و تورکمان و پەیوەندی باشی نێوانیان بوو، کە دواجار بە مەبەست و ئامانجی لاوازکردنی دەسەڵاتەکانی عەبدولکەریم قاسم بوو، هەروەها دەرچوو، لە کۆتاجاردا عەبدولکەریم قاسم هیچ دەسەڵاتێکی نەما، ئەمەش هەمووی لەپێناو ئامانجە گەورەکەی لەناوبردنی عەبدولکەریم قاسم بوو، کە وا پێویستی دەکرد سەرەتا ئاژاوەی





تاڵێب مۆریاس لەناو ڕەوش و رووداوگەلێکدا ژیاوە و ڕۆڵی بەرچاویشی تێدا گێڕاوە، هەمیشە کەسێکی بەهەڵوێست بووە و بوێرانە و چاونەترسانە بە گژ ناداد‌پەروەریدا چووەتەوە و سەربەرزانە کاری کردووە. لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و سیاسیش چەند ساڵێك زیندانیی کراوە و ئازاری چەشتووە، لە (14/2/1989)دا بەعسییەکان دەسگیریان کردووە و لە دوای ڕاپەڕینەوە لە (22/12/1991) ئازاد دەکرێت. لای خەڵك خۆشەویست و لەبەر دڵان بووە و لە شێوازی کارکردنی رازی بوون، کەسێکی بیرتیژ و بەتوانا و خاوەن سەلیقە بووە. زۆر رووداوی گرنگی میژوویی بە ئەمانەتەوە بۆ میژوو تۆمار کردووە و بەڵگەکانی خستووەتە ڕوو، هەموو ئەوانەی لە دووتوێی کتێبێکی دوو بەرگیدا بەناوی (گەڕان بەدوای ڕاستیدا) بە چاپ گەیاندووە، کە وەك بەڵگەی زیندوو پەخش کراون. ئەم کتێبانەش دەنگدانەوەیەکی باشی بەدوای خۆیدا هێناوە. وێڕای زۆر لە هەوراز و نشێوی و سەختیی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی، تا رادەیەکی باش، سەرکەوتنی لە کارەکانیدا بەدەست هێناوە.

بەشداربوویەکی چالاکی شۆڕشی ئەیلوول بووە و لە ١٣-١٢-١٩٦١ەوە بۆتە پێشمەرگە و بەشداریی زۆر داستان و شەڕی قارەمانانەی کردووە، لەبەر زرنگی و بەتوانایی، چەندجار پلە و پۆست و بەرپرسیارێتی پێ سپێردراوە. دەستی نووسینی هەیە و لە بواری ئەدەب و بابەتی رامیاریشدا بەرهەمی پێشکەش و بڵاو کردوونەتەوە.

ئێستاش، دوای هەڵکشانی تەمەن و بەرێکردنی زیاتر لە (هەشتاوپێنج) ساڵ، هێشتا بیروهۆشی و تەندروستیی باشە و ئاستێکی باشی ڕۆشنبیری و سیاسی هەیە و خوێنەرێکی باشیشە. ئاگاداری رووداوە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانیشە.

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و دواتریش چەند جارێك بە خزمەت بارزانیی نەمر گەیشتووە. بەو مەبەستەی لەناو رووداوەکاندا ژیاوە و هەندێ جار وەك کارەکتەرێکیش ڕۆڵی تێدا گێڕاوە، بەپێویستم زانی، کە سەردانی بکەم و لەسەر بارزانیی نەمر و رووداوەکانی ساڵانی رابردوو، لە نزیکەوە بیدوێنم.

کوردی بوو، زەرەیەك کاریگەریی لەسەر ئاو و ئاوبانگی بارزانی و خۆشەویستیی ئەو لەناو گەلەکەی نەبوو، چونکە هەمووان دەیانزانی بارزانی کێیە، ڕاستە لە کاتێکدا کە عەبدولکەریم قاسم دووچاری ئەو هەموو گرفت و کێشە و دەستێوەردان و پیلانانە بوو، ئەو کات بارزانی هەر لە بەغدا بوو، ئیدارەی سەربازی و مەدەنی لە کوردستان سەر بە بەعسی و قەومییەکان بەبێ ئاگاداریی عەبدولکەریم قاسم ئاژاوەیان دروست دەکرد، لە کوردستان لە ناوچەی برادۆستەوە ئاژاوەی چەکداریشیان دروستکرد، ئەوکات بارزانیی نەمر بە ئاگاداری قاسم گەڕایەوە بۆ کوردستان و چووەوە دەفەری بارزان و دانیشتنی کرد لەگەڵ ڕەشید لۆلان، هەرچەند هەوڵی دا چارەسەر نەکرا و چارەسەرەکەی ئاسان نەبوو، هەرچەندە بارزانی بێ ئاگا نەبوو لەوەی ئەم ئاژاوەیە لەکۆیەوە دروست کراوە، ئەوەبوو گەڕایەوە بۆ بەغدا بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و تێیگەیاند، ئەم کێشەیە پەیوەندی دەرەکی تێکەوتووە و هەوڵ هەیە دیاردەی جاشایەتی لە دژی چارەسەری ئاشتی دۆزی کورد لە عێراقدا دروست بکەن. خۆی لەخۆیدا عەبدولکەریم وردە وردە دەسەڵاتی لەدەست دابوو و توانای بەرەو نەمان دەچوو، هەربۆیە بارزانی ئەو بێ توانایییەی عەبدولکەریم قاسمی لە کۆتاجاردا بۆ دەرکەوتبوو.

*** هیچ کات عەبدولکەریم قاسمت خانووبەرە لە هەموو شارەکانی عێراقدا زۆر بەرەوپێشەوە چوون شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ هەژار و کەم دەرامەتان (ئیسکان)ی دروست کرد، تەنانەت شاری (سەدر)، کە سەددام ناوی لێنابوو شاری سەددام، پێشتر شاری (مدینە الثورە) بوو، پێشتر کۆمەڵە خانوویەکی لەناو زەڵکاو و ئاوەڕۆ و ڕێگای خۆڵی بوو، عەبدولکەریم قاسم هات بۆ هەژارانی عەرەب، ئەم شارە گەورەیەی دروست کرد. گەڕەکەکانی ئیسکان بۆ شارەکانی کوردستانیش دروست کران و ئەگەر بواری بدرایە و وای بەسەر نەهاتایە، عەبدولکەریم قاسم لە ڕووی دادپەروەری و**

> **عەبدولکەریم قاسم، دەسکەوتی بۆ گەلی کورد و کوردستان هەبووە، چونکە لە سەردەمی ئەودا بوو، بازرزانیی نەمر و یاوەرانی لە سۆڤێتی جاران بۆ کوردستان گەڕانەوە و شێخ ئەحمەدی بارزان و سەدان شۆڕشگێڕی دیکەی کوردستان و عێراق لە زیندانەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی عێراق ئازاد کران و ژیانی سیاسی لە عێراق بۆ ماوەیەك ئازاد بوو، پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بۆ هەژارانی عێراق و کوردستان باش بوو.**

خانووبەرە لە هەموو شارەکانی عێراقدا زۆر بەرەوپێشەوە چوون شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ هەژار و کەم دەرامەتان (ئیسکان)ی دروست کرد، تەنانەت شاری (سەدر)، کە سەددام ناوی لێنابوو شاری سەددام، پێشتر شاری (مدینە الثورە) بوو، پێشتر کۆمەڵە خانوویەکی لەناو زەڵکاو و ئاوەڕۆ و ڕێگای خۆڵی بوو، عەبدولکەریم قاسم هات بۆ هەژارانی عەرەب، ئەم شارە گەورەیەی دروست کرد. گەڕەکەکانی ئیسکان بۆ شارەکانی کوردستانیش دروست کران و ئەگەر بواری بدرایە و وای بەسەر نەهاتایە، عەبدولکەریم قاسم لە ڕووی دادپەروەری و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان. بێشك چاکسازی وەك خۆ وایە لە کات و ساتی خۆی دەرکەوت و ئێستا هەنگاوی ناوە و بەم نزیکانە وڵات و کۆمەڵگا ڕوون و ڕۆشن دەکاتەوە و شەوێکی ڕەش و تاریك بەسەر گەندەڵەکاندا دێت، سەرکەوتنی چاکسازی لەوەدایە کە بەرەی گەل لەپشتیەتی، بۆیە ئایندەیەکی زۆر ڕوون چاوەڕێی پرۆژەی چاکسازی دەکات. هەڵبەت مەسرور بارزانی بەرەی گەلی هەڵبژاردووە و دەخوازێ خزمەت بە گەل بکات، بۆیە گەلیش پشتیوانی مەسرور بارزانی دەکات و بە پاڵپشت و هەماهەنگی یەکتر بەرەو ئایندەیەکی گەش و دژی گەندەڵی هەنگاو دەنێین و کۆتایی ئەم پرۆسەیەش سەرکەوتنی گەورەیە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە کە هەموو خەڵك و هەموو لایەنێکی نیشتمانپەروەر پاڵپشتی حکوومەتی هەرێم بن لە پرۆسەی چاکسازی و ئەگەر لە تواناشیاندا نەبێت هاوکار و هەماهەنگ بن، بەلایەنی کەم پێویستە ئاستەنگ و بەربەست دروست نەکەن بۆ پرۆسەی چاکسازی.



دلڤین شەماڵ

تیری چاکسازی
لە کەوان دەرچووە و گەڕانەوەی نیە

چاکسازی، وشەیەکە زیاتر لە هەر وشەیەکی دیکە هەندێك کەس و لایەنی تووشی دڵەڕاوکێ و ناڕامی کردووە و زیاتر لە کۆرۆنا ترسیان لە ئەنجامدانی چاکسازی هەیە، لە ئەوەی دەزانن بە ئەنجامدانی پرۆژەی چاکسازی، نەك هەر کونە مشکیان لێ دەبێتە قەیسەری، بەڵکۆ کونە مشك لێیان دەبێتە کۆشك و تەلار.



بارزانی شۆڕشێکی بەرپا کرد لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەس نەیتوانیوە سەرکردایەتیی شۆڕشێکی ئاوەها بکات، تەواوی کوردی کۆکردەوە و بواری بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکەی کوردستانیش دا داوای مافەکانی خۆیان بکەن و لە ریزی شۆڕشدا خەباتی بۆ بکەن

هیچ پێویستی بەو قسانە نەبوو، بارزانی کاریزما بوو، کەسایەتییەکی بە هەیبەت و بە وەزن و سەنگین بوو، لە کوردستاندا وەکوو نلسۆن ماندێلا و ماوتیسی تۆنگ و گیڤارا و جوزێف بروز تیتۆ بوو، بارزانی بێ کەس و بێ پشتیوان لەگەڵ گەلەکەیدا بوو، هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو کوردایەتی بەکار هێنا و هەموو میللەتی کورد پێکەوە بەبێ جیاوازیی ناوچە و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیاوە دوای بارزانی کەوتبوون و قبوڵیان بوو پێشەوا و رابەریان بێت، تەنیا لە چوونی بۆ یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو 500 پێشمەرگە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت و لەگەڵیدا ئاوارەی سۆڤێت بوون، لەکاتێکدا و ئێستاشی لەگەڵدابێ هیچ بەرپرسێک نییە تەنانەت برازاکەی خۆی دوای بکەوێت بۆ وڵاتێکی دیکە، لەدوای شۆڕشی 14ی تەموزیش کاتێک لە یەکێتیی سۆڤێت گەڕایەوە، بارزانی لەناو جوگرافیایەکی ئاڵۆزو لەناو هاوکێشەی زۆر ئاڵۆزی جیهانی دوو جەمسەری ئەوکاتدا و گێژاوەکانی شەڕی ساردا، شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بەرپا کرد، کە بۆ یەکەم جار هەموو نەتەوەی کوردی یەکخست و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە خەباتکاران دەهاتنە ناویەوە و بووە ئیلهام بۆ هەر چوار پارچە، نەک هەرئەوە بەڵکو تێکۆشەرانی عەرەبی عێراق و خودی شیوعییەکانی بەهادین نووریش، لە تاو زوڵمی بەغدا پەنایان بۆ بارزانی و شۆڕشی کوردستان هێنا.

بارزانی شۆڕشێکی بەرپا کرد لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەس نەیتوانیوە سەرکردایەتیی شۆڕشێکی ئاوەها بکات، تەواوی کوردی کۆکردەوە و بواری بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکەی کوردستانیش دا داوای مافەکانی خۆیان بکەن و لە ریزی شۆڕشدا خەباتی بۆ بکەن، ئەو پێکەوەژیانەی ئەمڕۆ هەیە بەرهەمی ئەو خەباتەی بارزانیی نەمرە، خۆ ئەگەر پیلان و خیانەتی وڵاتانی زلهێزی جیهان نەبوایە، هەرگیز ئەو شۆڕشە وای بەسەردا نەدەهات، هەر بۆیە قسە پێگوتن و ناوزڕاندن بە شۆڕش و بە بارزانی، تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر نەتەوەی کورد و رەمزە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بێوەفاییە بەرامبەر بە کەسایەتیی بارزانی.

• پێشتر باسی شۆڕشی ئەیلوولت کرد و بەوە پێناسەت کرد، کە شۆڕشێکی مەزنی سەرتاسەریی گەلی کورد بوو، ئایا ئەو پەند و وانەیە چی بوو، کە



- شۆڕشی ئەیلوول وانەی زۆر بوون، هەر لە وانەی کوردایەتی و خەبات و تێکۆشان و پێشمەرگایەتییەوە، تا وانەی ئازایەتی و قارەمانێتی و گیانفیدایی و لەخۆبردوویی و خزمەتکاریی گەل و نەتەوە و زۆری تر... کە هەمیشە بێ ترس دەڕۆشتین و رووبەڕووی تاوانباران و زاڵمان دەبووینەوە

شۆڕش فێری کردی؟

- شۆڕشی ئەیلوول وانەی زۆر بوون، هەر لە وانەی کوردایەتی و خەبات و تێکۆشان و پێشمەرگایەتییەوە، تا وانەی ئازایەتی و قارەمانێتی و گیانفیدایی و لەخۆبردوویی و خزمەتکاریی گەل و نەتەوە و زۆری تر... کە هەمیشە بێ ترس دەڕۆشتین و رووبەڕووی تاوانباران و زاڵمان دەبووینەوە، کەسێکی وەکوو زەعیم سدیق، کە راستەوخۆ خۆی سەرپەرشتیی تاوانەکانی جەنگی دەکرد، من یەکێک بووم لەوانەی لە زمناکۆ چەندین جار رووبەڕووی ئەو داگیرکەرە بوومەوە و بەشداربووم لە شکاندنی هێرشی هێزەکانی، ئەوانەن شکاندووە و شانازیی پێوە دەکەم، لە بیرمە کاتێک یەکەمین جار بوومە پێشمەرگە، ئێمە لە مەکتەبی عەسکەری، ئەو کات عەریف عەلی و دواتر عەریف دەرۆیش بووین بەیەکەوە لە یەک لیوای 4- چوار بوین و وەکو پارتیش مەکتەبی عەسکەریان هەبوو لەوێش بەیەکەوە بووین.

کاتێک شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا، ئەو کات لە فەوجی دووی لیوای 4 ئەندامانی پارتیان زۆر بووین، لەبیرمە یەکەم جار لە حامیەی سلێمانی بووین و تەکلیفیان لێکردین، کەوا کلیل دروست بکەین بۆ مەشجەبەکانی چەک و تەقەمەنیی حامیەی سلێمانی، ئەوەبوو من و عەریف فەریق و حاجی شەریف چەمچەماڵی، یادی بەخێر، ئێستا لە ژیاندا ماوە و لە وڵاتی سوید دەژی، ئەوکات چووین کلیلی مەشجەبەکانمان دروست کرد و تەسلیمی بەرپرسانمان کرد، بۆ ئەوەی لە شەوی ڕاپەڕیندا مەشجەبەکانی پێ بکەنەوە و چەک و تەقەمەنی تەسلیمی پێشمەرگە بکەن، ئەوە بوو پێشمەرگەکانمان لەدەرەوە ئامادە کران و پۆلیس و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو فەوج دا بۆ رۆژی ڕاپەڕین ئامادە کران، بەداخەوە لە پۆلیسدا ئەم ئامادەکارییەیان شکست پێ هێنرا، ئەمە لە ساڵی 1961 و 1962 بوو، بۆ یەکەم جار فەوجی دووی لیوای چوار لە حامیەی سلێمانییەوە جوڵێنراین بۆ ناوچەکانی ئاغجەلەر، لەوێ ڕەبییەمان دانا، لەگەڵ حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان جافەرانی پەیوەندیان کرد بە چەمی ڕێزانەوە و ئامادەیی خۆمان نیشاندا کە هێزێکی پێشمەرگە بنێرن تا ڕەبییەکانی سوپا لە ئاغجەلەر تەسلیم بکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئامر ڕەبییەکەمان لە گفتی خۆی پەشیمان بووەوە، ئەوکارە نەکرا، هەرچەندە کوردیش بوو.


دواتر حەمە ڕەزا عەبدولڕەحمان، لەگەڵ دوو سەربازی دیکە ڕایانکرد و چوونە چەمی ڕێزان. ئەوە بوو حەمە ڕەزا بووە بێ تەلی بارزانی، چونکە ئەو خۆی پێشتر بێتەل بوو و شارەزاییەکی باشی هەبوو، دوای ئەم ڕووداوانە ئێمەیان گێڕایەوە بۆ سەربازگەی بەرزێوە، پێش ئەوەی بگەیتە چۆمان، لەوێ ڕۆژێکیان خۆمان کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی عەسکەری پارتیمان کرد و کۆبوونەوەکە لەناو چەمی بەرزێوە دابوو، ئەو دەمە لە چەمی بەرزێوە بوار هەبوو بۆ مەلەکردن و هەر لەوێ بڕیارماندا بچینە ناو شۆڕش، سوپاش متمانەی بە سەربازە کوردەکان نەمابوو، بەتایبەتی ئەوەی پلەدار بوو دەردەکرا، بەڵام دیار بوو پیاوانی ڕژێم هەر زوو زانیارییان هەبوو، کە دەچینە دەرەوە، بۆیە پێش ئەوەی بڕۆمە دەرەوە، من چەک کرام و لە چاوەڕوانیی هاتنی بڕیارەکەدا بووم، کە دەربکرێم، هەر چەندە بڕیارەکە نەهاتبوو، عەریف فەسیلەکەمان، کە خەڵکی هەورامان بوو ناوی فەتاح حەبیب بوو، گوتی: (کاك تاڵیب خۆت حازر بکە بەیانی بچۆ بۆ حەرەکات)، ئەوەش ئاسانکاری بوو بۆ ئەوەی من بچمە ناو شۆڕشەوە، بەهۆی ئەو حەرەکەیەوە بەیانی سریەیەک ئەچوو بۆ شەڕ بۆ دۆڵی ماویلیان، هێرش کرابوو جاش لە هەندرێنەوە سەربەکەوێت بۆ ئەوەی دەرگەڵە بگرن، ئیتر بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ئەو بەیانییە، کە دەرچووین، منیش ڕەشاشم پێ بوو، چونکە دۆڵی ماویلیان تاوەکوو پێش خۆرئاوا، کە جاش شکابوو گوتیان ئێوەش بگەڕێنەوە من چەک و تەقەمەنی و دووربین و ئاو و هەموو پێداویستییەکم پێ بوو گوتم: بۆ بگەڕێمەوە، ئەوە بوو لەو کاتەدا مولازم تاریق هەبوو، کە ئەفسەری ڕێکخستنەکان بوو، گوتی: ئەو دووربینەم بدەرێ، چونکە من را دەکەم، منیش پێم وت: (ناتدەمێ چونکە منیش هەمان نیازم هەیە و دەچمە ناو شۆڕش، تکام لێکرد با کەس نزیکم نەبێتەوە)، ئەوە بوو ئێوارە، کە گەڕامەوە، لەسەر چەمی بەرزێوە وە فرسەتم هێنا و بەناوی نوێژکردنەوە چوومە سەر شاخی هەندرێن و بۆ بەیانییەکەی گەیشتمە دەرگەڵە و لە دەرگەڵەوە چوومە لای عەباس ئاغا و یەکەم دەستەی پێشمەرگەکان، دوای شەوێکی دوورودرێژ و پڕ مەینەتی لەسەر شاخێکی بەرزی دەرگەڵە گەیشتمە عەباس ئاغا و پێشمەرگەکانی هاتن بەپیرمەوە و زانییان کە ڕامکردووە، منیش چووم بۆ لایان و بردیانمە لای عەباس ئاغا، کە هەرگیز پیاوێکی وا ژیر و عاقڵ و سیاسیم نەبینی بوو، بەڵام ئەو هەر سەرۆك عەشیرەتی ئاکۆیان نەبوو، بەڵکوو کەسێکی سیاسیی بەناوبانگ بوو لە تەواوی ناوچەی پشدەر، بۆ ماوەی هەفتەیەك لەوێ بووم و خزمەتێکی باشیان کردم و ئیتر ئابەوشێوەیە لە مانگی ساڵی 1962 بوومە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول.

ماوەیەك لە خۆشناوەتی مامەوە دواتر لەسەرداوای خۆم گوازرامەوە بۆناوچەکانی خۆمان، ساڵی 1963 لە سەرتەك و بەمۆ بوومە سەرپەل، ساڵی 1964 لە لقی بەرزنجە بوومە سەرپەل، لە ساڵانی 1965 1966 سەرلقی شارەزوور بووم و لە 1968 ئامر بەتالیۆنی شارەزوور بووم، لە 1967 1968 – ئامر بەتالیۆنی قەرەداخ بووم، پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕیش لە سالی لە 1974 تا نسکۆی شۆڕش، جێگری ئامر بەتالیۆنی 5 ی چەمی ڕێزان بووم و لە شەرەکانی بەرگری لە شۆڕش و لە کوردستان تا دوا بەرگری بەشداربووم.

• وەك لە بیرەوەرییەکانت باسی دەکەیت، زۆر سەرسامی بە دایکت و خۆت بە قەرزاری دەزانی و بەگرنگییەوە باسی دایکت دەکەیت، ئایا بەلای بەڕێزتەوە دایك چی دەگەیەنێت و دایکت چی فێر کردوویت؟

- دایك نیشتمانە، دایکم سەرچاوەی ژیانی من و خۆم بە قەرزاری دەزانم، دایك جگە لەوەی شوێنێکی پیرۆز و بەرزی هەیە و نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ منی هەڵگرتووە و ئازار و ئەشکەنجەی پێوە کێشاوم، جگە لەوەش، هەمیشە ئامۆژگاریی کردووم بەوەی دەبێت وەکوو باوکت وابیت، وەکوو ئەو چاونەترس و ئازا بە، باوکم بەناوبانگ بووە، من بانگەشەی بۆ ناکەم، بەڵام خەڵکی باسیان بۆ کردووم، کە چ پیاوێکی ئازا و مەرد و چاونەترس بووە.

دایکیشم بە هەمان شێوە، هەمیشە ڕووبەڕووی خەڵکی بێویژدان بووەتەوە و لەگەڵ بەرپرسە ناحەقەکان شەڕی کردووە، زۆربەی جار کاتێك بەرپرسەکان لە گوندی مۆریاس لە خەڵکیان داوە، دایکم ئازایانە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، واتا شەڕی لەسەر خەڵکی مەزڵووم کردووە و بەرگریی لێیان کردووە. ئەوە دایکمە، کە وا فێری کردووم ئازایانە بژیم، هەرچەندە باوکم لە ساڵانی 1953وە کۆچی دوایی کردووە و دایکیشم لە ساڵی 1988 کۆچی دوایی کردووە. بەڵام دایکم لەدوای کۆچی باوکم، هەم ڕۆڵی دایکایەتی و هەم ڕۆڵی باوکایەتی بۆمان بینیوە، جگە لەوەی ئەو هەموو ساڵە بەدیار ئێمەوە بووە تا گەورەی کردووین و پێی گەیاندووین، دایکم خۆشەویستە لام و گەنجێتیی کردووەتە قوربانیی ئێمە و بە سەربەرزانە پەروەردەی کردووین و فێری کوردایەتی و ئازایەتیی کردووین.



پێشنیارێك بۆ حکوومەت

مستەفا قایتەوەنی / لەندەن

لەم بارودۆخە سەخت و دژوارەی ئێستای کوردستان هەندێك خەڵك تەنها خەریکی قسە و قسەڵۆکن، بابەتەکەش لە ڕەخنەگرتن دەرچووە و بووەتە تانە و تەشەنە، ئەگەر خودی سەرۆك وەزیرانیش بێتە سەرخەت بەهەر کاکێ لەو کاکانە بڵێ ئەڕێ من نووسین و بابەتەکەی جەنابتانم بینی فەرموو ئەوە ڕای تۆ وەردەگرم پێشنیارت چیە بۆ چاککردنی ئەم دۆخە؟

دڵنیام نەك پێشنیاریان نییە بەڵکو بەشێك لەوانە بڕیارێ پێشوەختەیان داوە کەدژی هەموو شتێ بن کە ئەم حکوومەتە بیکات بە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەوە، باشە کە بڕیاری ئەو خەڵکانە ئەوە دوابڕیاریان بێت و ئەمە جۆری بیرکردنەوەیان بێت، ئەگەر بە نۆرەش بێت کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی تریش شتێك بڵێن!.

لەم سۆنگەیەوە پێشنیار دەکەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت لەجیاتی قەدەغەی هاتوچۆی سەرتاسەری و بەرتەسککردنەوەی ژیانی خەڵك و بەزۆر دانانی خەڵك لەماڵەکانیاندا، لەبری ئەوە حکوومەت داوا لەڕێکخراو و ناوەندە خێرخوازییە مرۆییەکان و خەڵکی خێرخواز و خاوەن سەرمایەکانی ناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم بکات و هانیان بدات هەر لایەك بەپێی توانا دارایییەکانی خۆیان هەڵمەتێکی بەرفراوانی نیشتمانی دەست پێ بکەن بۆ دابینکردنی دەستەوانە و دەمامك بۆ خەڵك بۆ پابەندکردنیان بە ڕێنماییە تەندروستییەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی گشتی لە میدیاکانی بینراو و بیستراو و هۆیەکانی تری سۆشیال میدیا بۆ خۆپارێزی و پابەندیی تاك بە گرتنەبەری ئەو خۆپارێزیەی دوو مەتر لە نێوان هەر دوو کەس و گروپێکدا هەبێ کە مامەڵە لەگەڵ یەك دەکەن، تاپادەیەکی باش بەم هەنگاوە ڕێگا دەگیرێ لەگواستنەوەی ڤایرۆسی کرۆنا.

گردبوونەوە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا لێرە و لەوێ هەرماون و بەڕیەککەوتنی بەکۆمەڵ ماوە و ڕۆژانەش لە سۆشیال میدیادا ئاهەنگی هاوسەرگیری و شایی و لۆغان و سەیران و گەڕان و تەنانەت پرسەش دەبینین.!

جێی خۆیەتی تووندوتوڵتر لەمەی ئێستا دەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەت وەك فەرمانێکی جێبەجێکار ئەو هەنگاوانەی خۆپارێزی جێبەجێ بکەن، حکوومەتیش بۆ هەندێ مامەڵە جێی خۆیەتی و پێویستیشە وا بکات ئەگەر بۆ کاتیش بێ بەسیستەمی دابەشکاری بە ناوچە و پیت و تاك و جووت مامەڵەی ئۆتۆمبێل، پاسپۆرت، خانوو بەرەو، ئاو، کارەبا، ئەو مامەڵانەی هاوڵاتیان ڕایی بکات یان زۆر ئاسانە هەندێك مامەڵە بکرێ بە خزمەتگوزاری ئۆنلاین، بەم شێوازە ئەگەر نەتوانرێ بەتەواویش ڕێگە لەبڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە بگیرێت، بەلای کەمەوە دەتوانرێ تاڕادەیەك ڕێگە بگیرێت لەبەریەککەوتنی بەکۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە، یان بەلای کەم خێراییەکەی کەم بکرێتەوە.

هەرچەندە لێرە و لەوێ هەندێ ڕێکخراو ئەو کارەیان کردووە کە جێگای دەستخۆشی و پاڵپشتی کردنە، بەڵام بە شێوەیەکی بەربڵاو و گشتگیر ئەوە نەکراوە و نەتوانراوە ئەو جۆرە هۆشیارییە بگات بە خەڵك تاکو هۆشیاریی تاك بۆ خۆپارێزی جێگای بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ بگرێتەوە.

بەهیوام کوردستان پارێزراو بێ و هەموان بەئەرکی سەرشانمان هەڵسین و ئەم بابەتە وەك مەترسییەکی ڕاستی سەیر بکەین بۆ سەر ژیانی ئازیزانمان، بەریتانیا و ئەورووپا و ئەمەریکا و وڵاتانی تری پێشکەوتووی جیهان ئەگەرچی بە زیانێکی گەورەی مرۆیی و دارایی خەریکە ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنن، بەڵام هاووڵاتییەکانیان پابەندی ڕێنمایی و خۆپارێزیی تاکن، بۆیە ئاسانتر خەریکە زاڵ دەبن بەسەر ڤایرۆسی کرۆنادا.

وون بوون

ناسنامەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/ بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی بەناوی روستم جوهر نجیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

بەسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی بەسوولە ١٢٨٩٩١ بەڕوار ٢٠١٩/١٢/١٦ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی دلدار عمر قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد /٤٢١/ت.د/٢٠٢٠

اعلان

نماءا على القرار الصادر من هذه المديرية في لاضبارة التنفيذية المرقمة /٤٢١/ت.د/٢٠٢٠ لمتضمن بيع المنقول السيارة المرقمة ٢٣٤٨٩ من نوع تويوتا لاندكروز استيشن موديل ٢٠١٤ اللون ابيض المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

لاوصاف :

رقم الاضبارة /٤٢١/ت.د/٢٠٢٠

لنوع /تويوتا لاندكروز استيشن

موديل / ٢٠١٤

لرقم / ٢٣٤٨٩

للون / ابيض

لقيمة المقدرة (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) خمسون مليون

.ينار عراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

.ادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارە: ٤٩١/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٦/٨

جاردان

بۆ داواڵێکراو: (مصطفى عثمان الطرابلسي) شوێنی دانیشتنت نادیارە

.اواکار (ریام عطاالله جاسم) داوای ژمارە ٤٩١/ش/٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردووە کە بیایدا داوای (جیابوونەوە) وە لەبەر ئەوەی نوسوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری بوختارەکانی تەلارستی بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەندرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماوەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ بەیانی بەپێچەوانەوە .ادبینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام .ەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ناطق شمس الدين كوخا حسين

***

.ادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە:٩٦٣/ش/٢٠٢٠١

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٦/١٠

جاردان

بۆ/ داواڵێکراو (سێرینە سەنسونی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە.

.اواکار (فریاد فؤاد نوری) داوای ژمارە ٩٦٣/ش/٢٠٢٠١)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق) .ەکات کە لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/٤ لە تۆ .ە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی هاوکاری) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٧/٢١ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە .ادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو باشملە.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

.ادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ١٩٨٨/ب/٢٠١٩/٤

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٨

جاردان

بۆ/ داواڵێکراو (رعد توفيق سلمان)

.اواکار (راضیە احمد معروف) داوای ژمارە ١٩٨/ب/٢٠١٩/٤ لەم دادگایە تۆمارکردووە .ەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت .ادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای .ەولێر/ گەرەکی کوێستان) بۆیە دادگا بریاری .ا بە پێراگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە .ادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٩ بەپێچەوانەوە .ادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ كاوه صديق حسين

***

.ەرێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێر

بۆبەی کارگێڕی

ژمارە: ٨٠٢/ ١٢٣٨

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٦

بۆ/ بەڕێز (دليمان حمدامين سعيد)

(ژمێریاری پێشکەوتوو)

ئاگاداری

.ەبەر پابەندنەبوونت بە دەوامی ئاسایی .ەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٤ وە دابرانت لەدەوامی اسایی بەپێ هۆ ئاگادارت دەکەینەوە .ەدەست بەکاربوونت لەماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر .ناوەوەی هەرێم بێت وە ماوەی ١ یەك انگ لە دەرەوەی هەرێم بێت بەپێچەوانەوە بەدوور خراوە) دادەنرێت بەپێی برگەی (١) لە .ادەی ٣٧ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ .ە ساڵی ١٩٦٠.

بەرێوەبەر/ ڕێژان سعدی عزیز

***

.ەروکاتیا شارەوانیا سێمێلێ

.ولك و زەفی و زار

ژمارە/ ٣٢٥/٢٦/٢٦/ أ/٤٢٠/٤

میژوو/ ٢٠٢٠/٧/٥

ئاگەهداری

.دیف نقیسارا ریڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل .اریزگەها دهۆکێ یا ژمارە ٢٠٢١ ل ٢٠٢٠/٦/١٧ ر نڤیسارا ریڤەبەریا نەخشە دانانا ئافەدانێ ل دهۆکێ یا ژمارە ٥٥٩ ل ٢٠٢٠/٦/١٤ سەبارەت بەرێوەبەرایەتی ئاڤدانا دهۆکێ یا ژمارە ٢٠٢٠/٦/١٤ ل ٥٥٩ ژمارە یا ڕاسپاردی ل سەر ڕاگرتنا کارێ ڕاگرتنێ ل سەر ڕێکا ئاڤدانێ ل ناڤبەرا ئاڤدانا دهۆکێ و ئاڤدانا ئاکر





کاری کنەو پشکنین و پاککردنەوەی پەرستگایەکی زەردەشتیی لە دەربەندیخان

کەمال نوری مەعروف

بەشی یەکەم

ناوچەی (دەربەندیخان)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە کوردستانی باشوور، دەوڵەمەندە بە پەرستگای زەردەشتیی، پاشماوە دێرینەکانی (بانقەڵای بانیبی)، کەدەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی گوندی (بانیبی) و (قەڵای باوەخۆشێن) لە گوندی (باوەخۆشێن) لە خۆرئاوای دەربەندیخان. یان رۆژئاوای گوندەکە، لەسەر ئەو رێگایەی کە دەربەند بەقەرەداخەوە دەبەستێت، بەڵگەیەکی تر بۆ بەرفراوانیی سنووری بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەناوچەکەدا. گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلانەی کە بەزوویی چووەتە ناو ئایینەکەو لە خزمەتیا بووە، لەبەرئەوەی تاکپەرستیی بووەو سەرچاوەکەی لە خۆرپەرستییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووەو سەرەتاکەی بۆسەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە، کە میترایی پەرستبوون. ئەو باوەڕەیش بۆ ئەو ڕۆژگارە هێندە مەزن بووە، چونکە زۆرینتر لەگەلانی دەڤەرەکە، لەسەر باوەڕی فرەخوایەتی ژیاون، یان (تەوتەمی) پەرستبوون.

پەرستگای زەردەشتییش، لە کەمپی خواروو نزیک وێستگەی کارەبای دەربەندیخان، لە پێشەوەی ئەو پاشماوە شوێنەوارییە گرنگانە دێ، کە لە کوردستاندا بەدەرکەوتوویی ماوەتەوەو بەپێوە وەستاوە، کە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە (650-227 ز) و لە هیچ شوێنێکی تر لە ناوچەکەدا پەرستگایەك نابینین بەوشێوەیە مابێتەوە.

پاشماوەکەی ئەو پەرستگایە، لەو دیاردە شارستانیانەیە، کە گەورەیی بەرچاوخستنی پایەی بەرزی شارستانێتی ساسانی نیشاندەدات لەم بەشەی کوردستان، کە دەوڵەمەندە بە پاشماوەی دێرین، لە کۆنترین چاخی بەردینەوە، هەتاکو سەردەمە میژوییەکان کە بەچاخی ساسانی کۆتایی دێ.

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە 11/8/2004، گرنگی تەواوی داوە بەو شوێنەوارە دێرینە، کە لەسەرەتای پەنجاکاندا بەناوی (قەڵا) تۆمارکراوە، هەروەکو لای دانیشتوانەکەیش باوە و لەڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) شدا، وەکو شوێنەوارێکی میژوویی بڵاوکراوەتەوە.

بۆیە سەرەتا هەوڵیاندا، بەهۆی بەڕێوەبەرێتی گشتیی شوێنەوار، گوژمەیەك پارەمان بۆ تەرخان بکرێ کە بڕەکەی (50)ملیۆن دینار بوو، بۆ ئەوەی کاری کنەو پشکنینو پاککردنەوەی تیا ئەنجام بدەینو لەوە تێبگەین، کە ئایە ئەو شوێنەوارە، قەڵایە، یان خانێکی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییە لە ناوچەکەدا، یان پەرستگایەکی زەردەشتییە؟ هەروەکو لەسەرەتادا ڕامان لەسەری بوو، دوای وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیەو ئەنجامدانی کنەو پشکنین تیایدا، دەرکەوت کە پەرستگایەکی زەردەشتییەو بۆ چاخی ساسانی دەگەڕێتەوە، هەروەکو لەوەوبەر ئامازەمان پێدا.

بۆ چاککردنەوەی ئەو شوێنەوارە، کە ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی ئایینی زەردەشتی دا، بەردەوام لە تێکۆشاندابن، بۆ ئەوەی شوێنە ڕووخاوەکانی چاك بکەینەوە، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی بەغدا، لەسالی 1963 کراوەتە مۆلگەیەکی سەربازیی کە بەو هۆیەوە زیانێکی گەورە بە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی گەیشتووە، هەروەها بەهێزکردنی ئەو شوێنە لاوازانەو چاککردنەوەی تاقە نیوە کەوانەییەکانیو دەروازەی سەرکەوانەییەکانیو گومەزە ڕوخاوەکەی سەرهەیکەلی ئاگرە پیرۆزەکەی، ئەو کارانەیش بەو ئامانجە دەکرێ، کە لە داهاتوودا بکرێتە بنکەیەکی گەشتوگوزاریی لەناوچەکەدا، بۆئەوەی خاوەن حەزانی بێنە دیدەنیو بەسەیرکردنی گەورەیی سەردەمی شوێنەوارەکەیان بۆ دەربکەوێ، کە زانیاری ئەندازیاریی لە چ ڕادەیەکی پێشکەوتوودا بووە، یان کەلتووری گوزارەی ئەو جۆرە شتانە، چۆن بەخێرایی لەشوێنانی تریش وەرگیراوەو دووبارە بووەتەوە، کە لەو پاشماوە شوێنەواریییەداو گەلێکی تردا بەرچاو دەکەوێت.

بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە، کارئاسانی بۆ ئەوانە دەکات، کە سەردانی ئەوجۆرە شوێنەوارانە دەکەن، بۆئەوەی لەشارستانیەتەکەی و میژووەکەی تێبگەن، کە لەچ ئاستێکدا بووە.

سەرەتایەک

ئەم بەرکۆڵە، پێشەکییەك نییە، هەروەکو ئەوانەی لە دانانی کتێبدا لەسەری دەڕۆن، بەڵکو، ئەمە دانانی نەخشەییەکە بۆ چوونە ناو باسەکە، کاتێکیش ئەم چوارچێوەیە دادەنێین، بۆ ئەوەیە، دۆزراوەکانی لە شتی تر بەراوورد بکەین، بۆ ئەوەیش، پەنا دەبەینە بەر ئەوئەنجامانەی کە بەهۆی کنەو پشکنین لەم شوێنەوارەدا کراوە، هەموو ئەو کارانەیش بۆ دانانی سنووری میژووی شوێنەوارەکەیە، زانستی شوێنەواریش لەو ڕووەوە، چەند قۆناغێکی بڕیوەو لەڕاستی سەر ئەنجامە بەسوودە دۆزراوەکانیشی تێدەگەین، کە ڕووی شارستانێتی مرۆڤایەتی دەڤەرەکە دەرئەخات، بەهۆی ئەوەی تازەترین ڕێگای زانستی گیراوە لەکارەکانی پشکنینی شوێنەواریو سوود وەرگرتن لەدۆزراوە زانستییەکانی تازەو بەکارهێنانیان بۆ دانانی میژووی ئاسەوارەوەرگیراوەکان.

لە شوێنەواری ناوبراودا، کاری کنەو پشکنین، بە ڕێگای زانستی کراو بەو تاقیکردنەوەیەیش گەیشتینە ڕاستی میژوویی بۆ ئەو شوێنەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئاسەوارە دۆزراوەکانی، ئەوەش بۆ دەرخستنی ڕووی میژوویی شوێنەوارەکەیە بەڕێگای باسکردنی ئاسەوارە دۆزراوەکانی، لەگەڵ بەراوردکردنی تەرزی بیناسازییەکەی بەهاوشێوەی لەشوێنی تر.

ئەو کنەو پشکنینانەی لە سنووری هەیکەلی پیرۆزیسو بالّی خۆرئاوای باشووری، یان باکووری شوێنەوارەکە ئەنجامدرا، دەرکەوت کە پاشماوە دەرکەوتووەکانی بەڵگەن بۆ بوونی ئاگرو پاشماوەی خۆڵەمێشەکەشی بەڵگەیەکی تری بۆ بوونی پەرستگا، کۆبوونەوەی هەموو ئەو کەرەسە سووتاوانەیش لە چینە ئەستوورەکانی، ئەوە دەرئەخەن، کە چۆن ئەو پەرستگایە ڕۆڵی گێڕاوە لە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەدا، بەو شێوەیەی کە ئاگرەکەی لە هەموو لایەکی ناوچەکەدا دەرکەوتووە.

بەڵگەیەکیتر لەسەر ڕەسەنایەتی بیناکە دەرئەکەوێت (هەیکەلی پیرۆز)، کە ناوەڕاستی بیناکەی گرتووە و لەهەموو بەشەکانی تر دەرکەوتووترە، ئەوەش دابونەریتێك بووە، کە دروستکردنی بیناکە لە چوارچێوەی بیناکە دەرنەچووەو ڕەنگی بۆ ڕێژراوە. جگە لەوەش، دانانی نەخشەکەی، کە ڕووەو ڕۆژە، ئەو پیرۆزییە دەرئەخات کە ئەو پەرستگایە لەسەردەمەکەدا هەیبووە، شوێنی ئاگرەکەیش لەو ڕووەوە دەتوانین بەراوردی بکەین بەشوێنی ئاگری پەرستگای زەردەشتیی لەقەڵای شیلەی ناوچەی کۆیە، ئەوەیش نیشانەیە، کە شوێنی ئاگر دەبێت ڕووەو خۆر بێت، چونکە بەشێك بووە لەئایینەکەو سەرچاوەکانیش لەوە دەدوێن، کە ئاگر چاوی خۆر بووە، واتە ئەو دیاردەیە دەتوانین بڵێین گەڕانەوەیە بۆ ئەو کاتەی خۆر تاکە سەرچاوەیەکی یەکتاپەرستیی بووە، ئەو گرنگیدانەیش بە ئاگر، لای گەلانی هیند و ئێرانی بۆ بەرلەوەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی کە تاکە سەرچاوەی خۆگەرمکردنەوە بووە لە وڵاتێکی پڕ بەفرو سەرماو سۆڵەدا، بەپاشماوەکانی ئەو پەرستگایەوە دیارە، کە هیچ کارێکی وێرانکاریی بەخۆوە نەدیوە، چونکە هیچ شتێك لەوبارەیەوە بە پاشماوەکانی بیناکەوە نابینرێت، بەمانا لاوازیی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتەکە، دەردەکەوێ کە ساسانییەکانە، لە دواداوییدا بەهۆی نەبوونی گرنگیدان بە شوێنەوارەکە، وردە وردە بەرەو لاوازیی و ڕوخاندنی بردووەو سەرەنجام کۆتایی پێهێناوە.

شوێنی پەرستگاکە

پەرستگا شوێنەواریییە دەرکەوتووەکەی کوردستان، دەکەوێتە ناوچەیەکی ئاوەدانی لەکەمپی خواروو، لەسەر ڕێڕەوی ئاوی سیروان، لە نزیکیەوە ژمارەیەك خانووی دروستکراوی تازەی بەڕۆبەرێتی گەشتوگوزار، لەگەڵ میوانخانەیەك هەن. بە گشتی ناوچەکە گەشتوگوزارییەو گەشتیاران لەبەر جوانیی دیمەنی لە شاخو داخ خۆشی ئاووهەوای و ئاوی زۆری ڕووی تێدەکەن، شوێنەوارەکەیش دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دەربەندو باشووری دەشتی شارەزووری دەوڵەمەند بە شوێنەوارو ئاسەوار.

لە نێوان شوێنەوارەکەو دەربەندیخانی سەرووشدا، هەورازێك جیایان دەکاتەوە، کە ئۆتۆمبێل بە چەند چرکەیەك دەتگەیەنێتە بەشی سەرەوەی شارۆچکەکە، شوێنەوارەکەیش دەکەوێتە سەر ڕۆخی چەپی ڕووباری سیروان، لەسەر بەرزاییەکی چینێکی چەوی ئەستووری پاشماوەی ڕووبارەکە دروستکراوە، وا دەردەکەوێت شوێنی پەرستگاکە ڕێڕەوی ئاوی ڕووبارەکە لە نزیکیەوە ڕۆشتبێت، بەڵام لە ئەمڕۆدا، ئەو ڕێڕەوە لەو شوێنەوارە (200) مەترێك دوورکەوتۆتەوەو زیاتر لای ڕاستی ڕۆخی ڕووبارەکەی گرتووە، ئەو جێگۆڕکێییەیش، هەردەم بە شوێنی ڕۆیشتنی ئاوەوە دیارو دەرکەوتووە، بۆئەوەی لە ڕۆیشتنو دوورکەوتنیەوە شوێنی خۆی بکاتەوە، شوێنەوارەکەیش کەوتووەتە ناوچەیەکی ئاوەدانییەو لە هەموو لایەکیەوە خانووبەرەی دانیشتوان دەوریداوە، جگە لە خۆرئاوای نەبێت، کە ڕێگایەکی قیرتاوە، دەربەندیخانی سەروو بە خوارووە دەبەستێتەوە.

دیاردەی خانووبەرەیش وایکردووە، دانیشتوانەکە لە هەموو لایەکییەوە لە لێواری ڕووبەری ببڕن، بۆ پەیداکردنی پارچەیەك زەوی بۆ دروستکردنی خانووەکانیان، کە بەو هۆیەوە، شوێنەوارەکە زیاتر کەوتۆتە ژێر مەترسی خانووە دروستکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی تەندروستی دەربەندیخانو بەڕێوەبەرێتی ئاودێری دەربەندیخان، کە بە هەردوو لایان، لەدوولای باکوورو خۆرئاوا، خانووەکانیان شێوە بازنەییەکیان بە دەوری پەرستگاکەدا دروستکردووە، ئەو دیاردەیەش بووەتە جێی مەترسی گەورە بۆ دواڕۆژی شوێنەوارەکە، بەوەی وردە وردەو بەمشێوەیەی ئێستای، بەرەو لەناوچوون بچێت، بەوەش میژووی دێرینی ناوچەکە تووشی زیان دەبێت، بەتایبەتی لە ڕووە ئایینییەکەیو ڕۆڵی زەردەشتییەت لە ناوچەکەداو لە ژیانی دانیشتوانەکەیدا، بەهۆی ئەوەی زانیارییەکانمان لە ڕووی ئایینو باوەڕ، بۆ ئەو ڕۆژگارە لە کوردستاندا کەمە دەبێت.

پەرستگاکە هەروەکو باسمانکرد، دەکەوێتە سەر ڕۆخی دۆڵێکی دڵڕفێن، کە لە هەموو لایەکییەوە بەگردو تەپۆڵکەو شاخ دەوری گیراوە، لە خۆرهەڵاتەوە، زنجیرە شاخی زمناکۆ سنووریەتی، کە درێژبوونەوەی هاوسنووریەکی لەگەڵ ناوچەی قەسری شیرین لە پارێزگای کرماشان دروستکردووە، لەخۆرئاوایشەوە (کەژی فەقێ جنە) دێ، کە لەگەڵ زنجیرە چیای قەرەداغ یەکدەگرێتەوە، کە بەشی سەرەوەی شارۆچکەی دەربەندیخانیش دەچێتە ناو ئەو بەشەی سنوورەکەوەی، لە باشووریشدا (کەژی بانی خێڵان) و گردی ئیمام حوسەین و ئەو ڕێگایەی دێ کە دەگاتەوە بەگوندەکانی (ژاڵەناو) و (ئاوبارە)و (گەرمك)و (بانی بی)و (کۆیرەك)و (هەرتەل)و (سەرتەك)و...گەلێکی دی لەو گوندانەی، کە هاوسنوور دەبنەوە لەگەڵ ناوچەی جوانڕۆ لەکوردستانی خۆرهەڵات.

شوێنەوارەکەیش، گرنگیی میژوویی خۆی هەیە، وا دانەنرێ کە گەورەترین پەرستگابێت لەسەر ڕێگای (تەیسفوون- شارەزوور- شیز) لەئەسفەهان، کە شوێنەواری پەیکوڵیش، لای باشووری خۆرئاوای لێگرتووە، واتە سەرەڕێگای پەرینەوەبووە بۆ دەشتی شارەزووری دەوڵەمەند.

ئەوەی لەو ڕێگایەدا ڕەچاو دەکرێ، هەمووئەوەیە و ئاوەدانیو خانووانەیە، کە بوونەتە ڕێگای چەند قۆناغێك بۆ کاروانچییەکان، کە لە ڕێیاندا (قەڵای کچێ)و (قەڵای خورماڵ)و پاشماوەکانیان دەبینین، ئەوەیش بەڵگەیەکی تری بۆ گرنگیی شوێنەوارەکە، کە ناوچەکە بە دەرەوە لەو سەردەمەدا دەبەستێتەوە.

لەبەرئەوەی بیناکە، لە ڕووی نەخشەی ئەندازیارییەوە گەورەو ناوازەیە، کە لە دروسکردنیا، ئەندازیاری ساسانی بووەتە ناوێکی پرشنگدار، بۆیە دەتوانین بڵێین: لە گرنگترینی ئەو شوێنەوارانەیە کە هەتاکو ئەمڕۆ دەرکەوتوون، یان سەرنجی گەشتیارانیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە. پرسێکی تریشی هەیە پەیوەستە بە ئاسانی دروست کردنیەوە، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین: ئەو شوێنانەی ڕووخاون، یان بەرەو لاواز بوونو بەرەو ڕووخاندنی تر دەڕۆن، لەسەر شێوەی خۆیان دەتوانین دروستیان بکەینەوە، بەهۆی ئەوەی بناغەی شوێنە ڕووخاوەکان دیارن، بۆیە لە دروستکردنیاندا، جارێکیتر هیچ کۆسپێك نابینین.

ئێمەی شوێنەوارناس، بەپێی ئەو ئاسەوارانەی تیایدا دۆزراونەتەوە، دەتوانین بگەینە میژووی شوێنەوارەکە، لە هەمان کاتیشدا، ئامازەش بەو بۆچوونانەیش بدەین کە لەسەری گوتراوە کە بەو هۆیەوە ئەوانەش دەبنە بەشێك لە پلانی پاراستن و چاککردنەوەی شوێنەوارەکە، کە قۆناغێکی پڕ میژووی بڕیوە.

میژووی پەرستگاکە

دوای تەواوکردنی کاری کنەو پشکنینو پاککردنەوە لە شوێنی ناوبراو، لە کۆتایی سالّی 2006و سەرەتای سالّی 2007، ڕاستی میژووەکەی جێگیر بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هیچ باسێکی ئاشکرامان لەو ڕووەوە لە سەرچاوەکاندا نەدیوە، ئایە لەسەر میژوو بووبێت، یان جوگرافیای کۆن. سەرەڕای ئەوەش، هەموو ئەوانەی قسەیان لەسەر ئەم شوێنەوارە کردووە، ئامازەیان بە میژوویەك، یان نوسراوێك نەداوە لەو ڕووەوە، بۆیە ئەو ڕایانەی لەسەری هەن، هەندێ جیاوازییان تیادا هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێك بە قەڵا ڕافەیان لێکردووەو هەندێکی تریش ڕایان وایە کە خانێك بووە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (1600_1918ز). ئەوەی بە قەڵاش ناوی بردووە، هەر لەبەر ئەوە بووە کە سەردەمەکە ئاڵۆز و پڕ شەڕ و ئاشوب بووە، بۆیە هەندێك قایمکاریی پێویست بووە، کە لە پەرستگاکەیا بیکەن بۆ ئەوەی لە هێرشی دوژمن بپارێزن. بۆیە لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین: میژووی دروستکردنەکەی، بە پێی بەڵگەکانی نەخشە سازییەکەیو دۆزراوەکانی لە ئەنجامی کاری کنەو پشکنین، کە دەرکەوت ئەم ڕاستییانە کەوتنە بەرچاو:

1ـ دەرکەوتووترین بەشەکانی ئەم پەرستگایە، کۆمەڵێك ژووری هەیواندارن، کە سەربانەکانیان بە شێوەی نیوەتیرەی کەوانەیی گیراون، ئەمەش جۆرێك لە تەرزی بیناسازی کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا پەیڕەو کراوەو هونەرەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. بەر لەوانیش لە سەردەمی ئاشکانییەکاندا (250پ ز227-ز) بەکارهێنراوە، کە لە هەیکەلی پیرۆزدا دەردەکەوێتو لە دوای ئەویش هەیوان، هۆڵ دێن کە لە باڵەکانیا بەرچاو دەکەون کە هەریەکێکیان لایەکی هەیوانەکەیان گرتووە هەروەها لە هەموو دەرگاکانی هەیکەلی پیرۆزیشدا پلیکانە دەبینرێ، کە دەگەنەوە بە ڕاڕەوە دریژەکان.

2ـ دوو توخمی بیناسازی لێرەدا دەبینرێن، کە یەکێکیان تەرزی شێوە هیلالە لە ژوورەکانداو لە نێوان دوو دیواردا دەردەکەونو لە چەند شوێنێکی شوێنەوارەکەدا، یان لە باڵەکانیانا دیارە، کە چوار دەوری هەیکەلی پیرۆزیان داوە، یان ئەوانەی باشووری. ئەویتریان ڕاڕەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست، بە چوارلای هەیکەلی پیرۆزدا دەخولێتەوە لە کاتی بە پیرۆزکردنی ئاگرەکە. هەردوو توخمەکەش لە سنووری ساسانیدا هەن.

3ـ ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە کەوانەی سەر دەرگاکانو تاقو پەنجەرەکانی ئەم پەرستگایە، لەشێوەی نیوە بازنەیەکدانو لەو جۆرە نین سەرەکانیان بە ڕێکی یەکبگرنەوە، واتە بە تیژیی، کە ئەمەی دواییان لە سیفاتی تەلارسازی ئیسلامییە، کە لە هونەری تەلارسازی سامەڕا بەرچاو دەکەوێت، واتە بابەتێکی چاککراوی یەکەمە.

4ـ لە کاتی کنەو پشکنینی شوێنەواریدا، کە لەم پەرستگایە پێی هەستاین، کۆمەڵێکی زۆر لەتە سواڵتو خەزەفو شووشەی ڕەنگاوڕەنگ لە باکووری خۆرهەڵاتو باشووری خۆرهەڵاتی دۆزرانەوە، هەروەها لە دیواری ناوەوەی خۆرهەڵاتی لە قوڵی زیاتر لە مەترێك (2) گۆڕی کوپەڵەیی دەرکەوتن، کە پاشماوەی خۆڵەمێشو ئێسقانیان تیادابوو، بەڵام لەبەرئەوەی شوێنەکە شێدار بوو، نەمانتوانی هەردوو گۆزەکە بە ساغی دەربهێنین، هەروەها ئێسقانەکانی ناو گۆزەکانیش پوا بوون. هەموو ئەو بابەتانەش بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ساسانی دەگەڕانەوە. (650-227ز)، هەبوو لەو سواڵتانە ساکار بوونو لە ناویشیانا هەبوو، تەوقاوتەوقی بەدەنەکەیان هێڵکاری کرابوو لە شێوەی بازنەداو، تیاشیاندا هەبوو، بە پشتێنەیەك بەدەنەکەی نەخشی پەنجەی بەسەرەوە بوو، لە ناویانا لەو بابەتە زۆر بوون. پارچەی کەمۆڵە شووشەکانیش، کە ڕەنگاو ڕەنگ بوونو لێرەدا دۆزرانەوە، لەوانە بوون کە هاوتەمەنی سواڵتەکان بوونو دەچوونەوە سەر ئەوانەی قەڵای (شیلە)ی ناوچەی کۆیە، کە لەناو پەرستگاکەدا دۆزرانەوەو هەمان دەستوور بۆ چاخی ساسانی دەگەڕانەوە. بۆ ئەوە دەچم، کە پەرستگاکەی دەربەند تەمەنی بۆ پێشتر لە تەمەنی پەرستگاکەی کۆیە دەگەڕێتەوە، واتە پێدەچێت بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شاپوری یەکەم(242ز)ی بەدواوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی (مانی)* کودەتا گەورەکەی لە ئایینی زەردەشتییدا هێنایە کایەوە. وادیارە هەموو ئەو پاشماوە سواڵەتیانەش، بە پێی شێوەی دروست کردنیانەوە کاریگەرێتی سەردەمی بەر لە خۆی بە سەرەوە دیارە، واتە کولتووری ڕۆژگاری ئاشکانییەکان(250پ.ز_227ز). ئەو کولتورەش وادیارە بۆ بەر لە زایینو بۆ ئایینی بوزی بگەڕێتەوە، کە ئێرانییەکان لە ناوچەی قەندەهار وەریان گرتبێت. نمونەی لەبەرچاویش بۆ ئەمە، دروستکردنی تەلارسازی پەرستگای (راوك)ە، کە لە شێوەدا هەردووکیان دەچنەوە سەریەك. هیچ بەڵگەیەکی تریش بەدەستەوە نییە، کە ئەو ڕایە بداتە دواوە، کە میژووی دروستکردنی ئەو شوێنەوارە دوای ئەو میژووە دروست کرابێت. چونکە وا دەردەکەوێ کە لە سەردەمی (مانی)دا جۆرە کرانەوەیەك لەسەر ئایینەکە هەبووبێت، بۆ هێنانی شەپۆلی شارستانیەتی ترو هێنانی بیری نوێ بۆ ناو ئایینەکەو پوختەکردنی لە بیری دواکەوتوو. جگە لەوەش ئەو بیروباوەڕە نوێیە کاریگەرێتی لەسەر پەرستگا ئایینیەکانیش بووەو شەپۆلی شارستانێتی ڕووەو ئێران هاتووە، هەروەکو لە نەخشەی پەرستگاکەدا ڕەنگی داوەتەوەو شێوە ئەندازیارییەکەی تیایدا دەبینرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەو پاشماوەی فەرمانی داوە بە دروستکردنی پەرستگایەکی گەورە بەو قەوارەیە، دەبێت نفوس و دەسەڵاتێکی بەهێزی هەبووبێتو ئەو سیفەتانەش بەڵای ئێمەوە هەر لە شاپوری یەکەمدا دەبینرێتەوە.

ئەمرۆ لە مێژوودا



سالی 1543:
هێزەکانی فەرەنسا هێرشیان کردە سەر لۆکسمبۆرگ و داگیریان کرد.



سالی 1865:
ئەمەریکا چوار کەسی لە سێدارە دا کە دەستیان لە تیرۆرکردنی ئەبراهام لینکۆڵنی سەرۆکی ئەمەریکا هەبوو.



سالی 1969:
لە کەنەدا یاسای زمانە فەرمیەکان دەرکرا و بەهۆیەوە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بوون بە زمانی فەرمی وڵات.



سالی 2005:
لە لەندەن هێرش کرایە سەر میترۆی ئەو شارە و لە ئەنجامدا 52 کەس کوژران و 700 کەسی دیکە بریندار بوون.



سالی 2007:
لە یەمەن جاریکی دیکە داوای جیابوونەوەی بەشی باکور و باشووری ئەو وڵاتە کرایەوە.



سالی **2019**:
ڕێککەوتننامەی بازاڕی ئازادی ئەفریقیا چووە بواری جێبەجێکردن .

ئەمریکا.. ململانێی دوو وڵات لە نێو یەک وڵاتدا



ئا: ڕەمزی میرەکانی

((وەڵامدانەوەی توندوتیژی بە توندتیژی، دووقاتی دەکاتەوە، تاریکارییەکەش دەکاتە ئەنگوستەچاو، لە شەوێکی بێ ئەستێرەدا. ڕق و کینە ناتوانێت ڕق و کینە دەر بکات: تەنیا خۆشەویستی دەتوانێت ئەمە بکات)). ئەوە یەکێ لە ڕستە و وتارەکانی دکتۆر مارتن لۆسەر کینگ، بەناوبانگترین خەباتگێڕی ڕەشپێستی ئەمریکایە، کە گوزارشت لەژینواریێک دەکات، خەریکە بە شێوەیەکی بەردەوام بتەقێتەوە و لەگەڵ خۆی توندوتیژییەکی ڕەگەزپەرستانە خول پێبدات، لە بازنەیەکی بەتاڵ لە ئەمریکادا. مارتن لۆسەر کینگ، ئەو قەشەیە بوو، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ بانگەوازکردن بۆ چاکسازیی بنەڕەتی یاساکان، گرتنەبەری بنەمای نا توندتیژی و بەرخودانی ئاشتیانە تەرخان کرد. خۆیشی لەسەر دەستی دەمارگیرێکی سپیپێست کوژرا. ئەمڕۆکەش، ئەو توندتیژییەی لە ماوەی دوایی لە شاری میناپۆلیس، یەکێ لە شارە گەورەکانی ویلایەتی مینیسۆتا سەری هەڵدا و پاشان چەند شارێکی گەورەی دیکەشی گرتەوە، دوای کوژرانی جۆرج فلۆید، دەبێتە دوایین بازنە لە لیستێکی درێژ و مێژووییی، لە کارەکانی ئاژاوەگێڕی ڕەگەزپەرستانە لە ئەمریکادا. مردنی جۆرج فلۆید، ئەو پیاوە ئەمریکییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقییە، لەکاتی ڕاگیرانی لە لایەن پۆلیسەوە، لە ژێر پێیەکانی پۆلیسێکی سپیپێست، کە قاچەکانی خستەبووە سەر قورگی هاواری لێ هەڵدەستا، تیشکی خستە سەر کێشەیەکی سیاسیی، کە چەندین ڕەهەندی هەیە. کێشەکە لەبەر پەیوەست بوونی بە ڕێچکەی توندوتیژی جاران و ئێستا لە دژی کەمینەکان، لەلایەن پۆلیس لە ئەمریکاوە هەڵکشا، ئەوەش لە سایەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆک دۆنالد ترەمپ کراون، بەوەی بەشێکی زۆری ئەو بەرپرسیاریەتە لە ئەستۆ دەگرێت، چونکە وای لە پیاوانی ئاسایش کردووە، هەست بە پاڕێزبەندی بکەن لە ئاست کردەوەکانیاندا. لەبەر ئەوەی ترەمپ لە سەرەتای بوونی بە سەرۆک، لە ئاهەنگێکدا کە پیاوان و ئافرەتانی پۆلیس ئامادەی ببوون وتی:"زیاد لە پێویست نەرم مەبن، دەتانبینم دەست دەخەنە سەر سەری ڕاگیراوەکان، لەو کاتەی بە کەلەپچەکراوی دەیانخەنە نێو ئۆتۆمبێلەوە، بۆ ئەوەی سەریان بە لێواری دەرگا نەکەوێت، واز لەوە بێنن.

بەشی یەکەم

ئەمریکا دوو دەوڵەتە

هەندێک دەڵێن: دوو دەوڵەت لە ئەمریکادا هەیە: یەکێک بۆ ئەو خەڵکانەی کە دەتوانن، هەڵکەوتنە سەر ماڵ و داموودەزگا فەرمییەکان، بە دەمانچە و چەکەکانیان هەڕەشە لە بەرپرسانی هەڵبژێردراو بکەن و بە ڕووی پیاوانی پۆلیسدا هاوار بکەن، وەکو ئەوەی بەم دواییە لە ویلایەتی میشیگان ڕووی دا، پاشان بە سەلامەتی بۆی دەربچن و کەسیش ڕێگەیان لێنەگرێت. وڵاتی دووەمیش، ڕێگە بە هاووڵاتیان دەدات، ئەوانەی بە سەلامەتی هاتوچۆ دەکەن و لەسەر بەلەکۆنی ماڵەکانیان ڕادەوەستن، لەبەر چاوی کامێراکانەوە، تووشی گیران بێن و بەر گوللەی پلاستیکی و بۆمبی غاز بدرێن. ئەمریکایەک هەیە، کە خەڵکی ڕازی نین دەمامک ببەستن، لە ئەمریکایەکەی دووەمیشدا، خەڵکی بە بێهیوایی بە دوای دەمامک بۆ خۆپاراستن لە غازدا دەگەڕێن، بە کورت و پوختی زیاتر: ئەمریکایەکی سپییەکان هەیە، کە خەڵکی مافیان هەیە، خزمەتگوزاری و پارێزگاریی بە دەست بێنن، لەگەڵ ئەمریکایەکی ڕەشەکان، کە خەڵکی بۆیان نییە، پێشبینی ئەو شتانە بکەن. وا دەردەکەوێت بانگەوازکردن بۆ (نا بۆ ڕەگەزپەرستی زیاتر)، ئەو گۆڕانکارییە نەبێت، کە بکرێت لە شەو و ڕۆژێکدا جێبەجێ بکرێت. لەگەڵ ڕەگ داکوتانی نەبوونی یەکسانیی لە بنەماکانی دەوڵەت و نەتەوەی ئەمریکادا، لە سایەی کەمتەرخەمی چینی سیاسیی، لە پێشکەش کردنی چارەسەریی بنەڕەتیدا، ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت، جیاوازییەکانی ئێتنی ببێتە سیستەمێک و لە دەرەوەی چوارچێوەی یاساوە، ژیانی ئەمریکییەکان کۆنترۆڵ بکات. بێگومان ئەو ژینوارەش، پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ڕێچکەیی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە. پێویستیشی بە کارکردن بۆ جوولەپێکردنی دەوڵەت و بەکارهێنانی ئامرازە ئاڵۆزەکان، بۆ چارەکردنی کەمتەرخەمی یاسایی و سنووربەزاندنی ئاکاریی هەیە، لە پرۆژەیەکدا، کە لەوانەیە پێویستی بە چەندین دەیە لە کارکردنی نەپساوە، لە مێانی چەندین نەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییەدا هەبێت. وەڵێ سنووردانان بۆ تونددوتیژییەکانی پۆلیس، بەوەشەوە کە زیاتر یەک ئێستنی دیاریکراو دەکاتە ئامانج، ڕەنگە زۆر ئاسانتر بێت.

بەرەنگاربوونەوەی سنوور بەزاندنەکانی ئاسایش

چەندین وڵاتی پێشکەوتوو، کە ئەمریکا لە نێوانیاندا نییە، توانیوویانە (هاوکێشەیەک)، بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی کردەوەکانی کوشتن، لەسەر دەستی پیاوانی پۆلیس بدۆزنەوە، ئەویش لە ڕێگەی پیادەکردنی یاساوە. هەتا لەو وڵاتانەی کە بەدەست لایەنگیری و نیگەرانی جۆرایەتی ئێتنیش دەنالێنن. سالی پارلە ئەمریکادا، پۆلیس زیاتر لە 1000کەسی بە گوللە کوشتووە، کەچی لە بەریتانیادا، لە ماوەی بیست ساڵدا، پۆلیس کەمتر لە 100کەسی بە گوللە کەشتووە. کاتێک بەراوردی ئەو کەسانە دەکرێت، کە بە هۆی گوللەی پۆلیسەوە کوژراون، تۆمەتکارانی ئەمریکا هیچ دڵخۆشکەر نین. لەوانەیە بەشێکی گرنگی کێشەیەکە لەوەدا بێت، چەکێکی زۆر لەبەر ئاراستەی نەیارەکانیشی دەکرێت، بەتایبەتی دیموکراتەکان، بەوەی هەڵوێستی بینەریان لە هەمبەر کردەوەکانی تێکدان، توندوتیژی مەدەنی و دزیندا هەبووە. پێدەچێت ئەوان تەنیا خەریکی وتاردان بن، کە هیچ چارەیەک پێشکەش ناکات و بەریش بە تێکدەران ناگرێت. هەتا دەست پێشخەرییەکەشیان لە کۆنگرێسدا، بۆ بڕیاریدان لەسەر پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاساکانی پۆلیس، پێناچێت بەس بێت، چونکە بۆ زانین، بانینەوەی ئەو یاسایە، پێویستی بە هاوکاری کۆمارییەکان و واژووکردنی ترەمپ هەیە. بڕیە هەندێ کەس دیموکراتەکان بەوە تۆمەتبار دەکەن، ئەوان لە کۆتاییەکەیدا تەنیا دەیانەوێت پشتی ترەمپ لە زەوی بدەن، با شارەکان بسووتێن و کارەکانیش هەر بووەستن. ئەوان کار لە سەر قۆستنەوەی ڕووداوەکانی ئێستا دەکەن، بۆ دووقات کردنەوەی ئەو زیانانەی، لە ئاکامی کارەساتی دیارێزسی کۆرۆناوە، بەر ئەمریکا و ئەمریکییەکان کەوتووە. بە ڕاستی هەندێک لە کۆمارییەکان، باس لە (گەورەکردنی بە ئەنقەست)، بۆ ژمارەی مردووانی کۆرۆنا دەکەن، کە هەر خۆی بە گوێرەی ئامارەکانی فەرمی، لە 100 هەزار کەسی ڕەت داوە، وەکو هەوڵێک بۆ هێشتنەوەی ڕەوشی مەترسی لە دووبارە کردنەوەی ئابووریدا. ڕەنگە بەدەستهێنانەوەی ژیانی ئاسایی، خزمەت بە ترەمپ و کۆمارییەکان بکات، کەچی وتاری ئەوانەش، هیچ چارەسەرییەک پێشکەش بە تونددوتیژی ڕەگەزپەرستی ناکات، تەنیا بەکارهێنانی مشتی ئاسایش نەبێت. ترەمپ، دەستەکان دایە، چ لەبەردەستی پیاوانی پۆلیس، یان لەبەر دەستی هاووڵاتیاندا. بۆ نموونە زۆربەی پیاوانی پۆلیس لە بەریتانیادا، چەکی ئاگرین هەڵناگرن. هەرچەندە پێناچێت چەک لە پۆلیسی ئەمریکا بکرێتەوە، کەچی هەندێک پێیان وایە، دەکرێت ڕێگە و سیاسەتی دیکە بدۆزرێتەوە.

بەرپرسیاریەتی کۆماریەکان و دیموکراتەکان

لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسیاریەتی سەرۆک ترەمپ و لایەنگرانی لە کۆماریەکان، تونددڕەوەکان و پارێزگارەکان، لەسەروبەندی سالی هەڵبژاردنەکان، لە گۆشەنی دووبەرەکیدا، یەکلاییکەرەوە یان دەگمەن نییە. چونکە تۆمەتەکە ئەوەیە، ئەو بە ئەنقەست ڕەخنەی لە ئاسایشی نیشتمانی هەبێت، بەڵام ئەو ڕەخنەیە بە ئاشکرا ئاماژەی بە ئەنجامێکی ڕەشبینانە دەکرد، کە بۆ سالی 1807دەگەڕێتەوە و ڕێگە بە بلاوەپێکردنی سوپا لە شارەکانی ئەمریکا دەدات، بۆ دانانی سنوورێک بۆ خۆپیشاندانە توندەکان، لەدوای کوژرانی جۆرج فلۆیدا. ترەمپ، لە لێدوانێکی لە باخچەی کۆشکی سپیدا وتی:"ئەگەر شارێک یان ویلایەتێک، ڕازی نەبوو بۆ بەرگریکردن لە گیانەکان و مولکی دانیشتوانەکەی، بڕیاری پێویست بدات، لە جیاتی ئەوە، بلاوە بە سوپای ئەمریکا دەکەم، بۆ چارەکردنی کێشەکە بە خێرایی". کەچی ئەو لێدوانانەی سەرۆک، چەندین ڕەخنەی لێگیرا، نەخاسمە ئەو سوپای خستە نێو ناکۆکی ناخۆییەوە، زۆرترین ڕەخنەش لەلایەن وەزیری بەرگری، مارک ئیسپەرەوە بوو، کە ڕازی نەبوو سوپا بخاتە نێو ڕووداوەکانی نەم دواییەوە. هەرچی، جەنەڕاڵ جیم ماتیس، وەزیری بەرگری پێشووە، ترەمپی بە((دابەشکردنی ئەمریکییەکان هەڕەشەی گەڕانەوەی بۆ یاساییەک کرد، کە بۆ ساڵی 1807دەگەڕێتەوە و ڕێگە بە بلاوەپێکردنی سوپا لە شارەکانی ئەمریکا دەدات، بۆ دانانی سنوورێک بۆ خۆپیشاندانە توندەکان، لەدوای کوژرانی جۆرج فلۆیدا. ترەمپ، لە لێدوانێکی لە باخچەی کۆشکی سپیدا وتی:"ئەگەر شارێک یان ویلایەتێک، ڕازی نەبوو بۆ بەرگریکردن لە گیانەکان و مولکی دانیشتوانەکەی، بڕیاری پێویست بدات، لە جیاتی ئەوە، بلاوە بە سوپای ئەمریکا دەکەم، بۆ چارەکردنی کێشەکە بە خێرایی". کەچی ئەو لێدوانانەی سەرۆک، چەندین ڕەخنەی لێگیرا، نەخاسمە ئەو سوپای خستە نێو ناکۆکی ناخۆییەوە، زۆرترین ڕەخنەش لەلایەن وەزیری بەرگری، مارک ئیسپەرەوە بوو، کە ڕازی نەبوو سوپا بخاتە نێو ڕووداوەکانی نەم دواییەوە. هەرچی، جەنەڕاڵ جیم ماتیس، وەزیری بەرگری پێشووە، ترەمپی بە((دابەشکردنی ئەمریکییەکان ڕادەبەدەر لە دژی پیاوێکی ڕەشپێست بەناوی، ڕۆنی کینگ، سەری هەڵدا. لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕەگەزپەرستیشدا، پێشتر ئەو یاسایە لە ساڵی 1989دا، لە میانی کردەوەکانی فەرهودی فراوان لە شاری سانت کرۆی لە (دوورگەی پاکیزە) لە دەریای کاریبی، لەدوای ڕەشەبای (هیوگۆ) بەکارهێندرا. ترەمپ، پێی وایە کارکردنەوەی ئەو یاسایە، مەبەست لێی، بەرپەرچدانەوەی نارەزایەتی ڕێکخراوی (ئەنتیفا) واتە (قیتکەرەوانی فاشیزم)ی چەپڕەوی قیتکەرەوەی ڕاستڕەوی تونددڕەوە، ئەوانیش ئەو گرووپەن، کە بەوە تۆمەتباریان دەکات، لە دواوەی کارەکانی تێکدانن، کە بووەتە هۆی کردەوەکانی فەرهود کردن. بەهەرحاڵ، خودی گرووپەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە، ئەوەی ئەندامەکانی خۆیان بە ئازادیخواز دەسف دەکەن، زنجیرەی قوچەکی لە کۆمەڵگە ڕەت دەکەنەوە و هەوڵیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەستەیی، بەبەکارهێنانی ئامرازی تونددوتیژ دەدەن، بۆ کەوانەی ئەوانەی بەڕاستڕەوی تونددڕەو لە قەڵەمیان دەدەن. وەڵێ بەرپرسانی کۆماری و دیموکراتی، ئاماژە بە بەرپرسیاریەتی ڕێکخراوی (بزووتنەوەی ڕاستڕەوی تونددڕەویش دەکەن، کە بەوە تۆمەتبارە، هەوڵ بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی دیکەی ئەهلی لە وڵاتدا دەدات. بە گوێرەی وتەکانی سیناتۆری کۆماری، مارکۆ ڕوبیۆ بێت: هەوڵ بۆ شاردنەوەی چیرۆکێکی درێژ دەدرێت، ئەوەش ئەوەیە، لە شارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، تیرۆریستان لە گرووپەکانی (ئەنتیفا) و (بۆگالۆ)دا هەن، لە جیاتی یەکخستنیان)) تۆمەتبارکرد. بڕیاری بلاوەپێکردنی سوپا، پێویستی بە کاراکردنەوەی (یاسای ڕایەرین) هەیە، ئەوەی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ ڕەتکردنەوەی جیاکاریی ڕەگەزی بەکارهێندرا، دواتر لە شەستەکانیشدا، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ئاژاوەگێڕی لە شاری دیترۆیت، گەورەترین شاری ویلایەتی میشیگان بەکارهێندرا. دوایین جاریش ئەو یاسایە لە ساڵی 1992دا، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوەی بە (ڕووداوەکانی ئاژاوەگێڕی لۆس ئەنجلۆس) ناسرا بەکارهێندرا، کە لەدوای بڕیاری بێ تاوانی چوار پۆلیسی سپیپێست، لە تۆمەتی بەکارهێنانی تونددوتیژی لە کەبەدەستی گرووپەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە، ئەوەی ئەندامەکانی خۆیان بە ئازادیخواز دەسف دەکەن، زنجیرەی قوچەکی لە کۆمەڵگە ڕەت دەکەنەوە و هەوڵیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەستەیی، بەبەکارهێنانی ئامرازی تونددوتیژ دەدەن، بۆ کەوانەی ئەوانەی بەڕاستڕەوی تونددڕەو لە قەڵەمیان دەدەن. وەڵێ بەرپرسانی کۆماری و دیموکراتی، ئاماژە بە بەرپرسیاریەتی ڕێکخراوی (بزووتنەوەی ڕاستڕەوی تونددڕەویش دەکەن، کە بەوە تۆمەتبارە، هەوڵ بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی دیکەی ئەهلی لە وڵاتدا دەدات. بە گوێرەی وتەکانی سیناتۆری کۆماری، مارکۆ ڕوبیۆ بێت: هەوڵ بۆ شاردنەوەی چیرۆکێکی درێژ دەدرێت، ئەوەش ئەوەیە، لە شارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، تیرۆریستان لە گرووپەکانی (ئەنتیفا) و (بۆگالۆ)دا هەن، کە هانی تونددوتیژی دەدەن و خۆیشیان بەو کارانە هەڵدەستن. ڕۆبیۆ، کە سەرۆکایەتی لێژنەی هەواڵگری لە ئەنجومەنی پیران دەکات، ئاماژە بەوەش دەکات: لەوانەیە هەمان بیروباوەڕیان نەبێت، بەڵام لە ڕق لێبوونەوەیان لە پۆلیس و حکومەتدا، هاوهەستن و نارەزایەتییەکان دەقۆزنەوە. هەروەها وتی: ئەو تاکانە دەیانەوێت سیستەمەکە بە تەواوی بڕووخێنن، هەتا ئەگەر ئەوە پێتوستی بە جەنگێکی ئەهلی تازەش بێت. کۆنگرەی ((سەرکردایەتی لە بارەی مافەکانی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ)) و هەڵمەتی (زیرۆ) لە ساڵی 1950دا، بە ئامانجی یەکسانیی تەواو بۆ هەمووان بوو، لە سەرەتادا 30ڕێککەراوی لەم چەشنە هەبوو، بەڵام ئێستا خۆی لە 200ڕێکخراو دەدات. ئامۆژگارییان ئەوەیە، چەک لە دەستی کۆمەڵگەی ئەمریکا نەهێتلن، لەگەڵ داڕشتن و داهێنانی چەندین یاسا و ئامرازی سیاسیی نموونەیی بۆ پۆلیس، لەگەڵ ئامۆژگاریی پالپشتکراو بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، کۆنگرەکە دووپاتی دەکاتەوە، ئەو سیاسەتانە تەنیا لەسەر ئەو شتانە نەوەستاوە، کە بەچاو دەبینەرێن، بەڵکو ئەو ڕۆڵەی کامێرا جێگیرەکان، ئەوانەی پۆلیس لە جلەکانیان دەبەستن دەیبینن، هێشتا ئەنجامەکانیان مایەی مشتومڕە، چونکە پیاوانی ئاسایش دەتوانن لەکاری بخەن، ئەگەر بیانەوێت، وەکو ئەوەی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە ڕوویان دا، دوای ئەوەی دەرکەوت، کامێرای پیاوانی پۆلیس لەکاتی کوشتنی پیاوێکی ڕەشپێست بەناوی، دێڤید مەکاتی، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی شاری لویفیل، گەورە شاری ویلایەتی کنتاکی لە کار خرابوو. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، باشترکردن لە ئەنجامەکاندا هەیە، لە میانی زیادکردنی سانسۆری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ئەو بەربەستانەی، کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئاگادارکردنەوە لە خراپی ئاکارەکانی پۆلیس و دابینکردنی مەسەلەی دیکەدا. ئەوەش گۆڕینی گرێبەستی دامەزراندن دەگرێتەوە، کە پیاوانی پۆلیس لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەد ڕەفتاری دەپارێزێت، چونکە هەستکردنیان بە دەربازبوون لە سزادان، وایان لێدەکات، کاری تونددتیژ ئەنجام بدەن.



www.xebat.net
ژمارە (5969) 2020/7/7 سێ شەممە



نەتەوە یەکگرتووەکان:

نۆ ملیۆن و 300هەزار سووری لە دۆخی نەبوونی ئاسایشی خۆراکدا دەژین

جێگری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی، مارک لۆوکۆک، ئاشکرایکرد لە سووریا نۆ ملیۆن و 300هەزار هاوواڵتیی سڤیل لە نەبوونی ئاسایشی خۆراکدا دەژین و دوو ملیۆن و 450هەزار منداڵیش کە لە قۆناغی خوێندندان، ناتوانن بچنە خوێندنگە.مارک لۆوکۆک لە میانی کردنەوەی چوارەمین کۆنفرانسی بڕۆکسل لەژێر ناونیشانی "پشتیوانییکردن لە سووریا و ئایندەی ناوچەکە" کە بە هاوبەشی لەلایەن یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ڕێگەی قیدیۆ کۆنفرانسەوە سازکرابوو، گوتارێکی پێشکەش کرد.لۆوکۆک باسی لەوەکرد شەڕی ناوخۆی سووریا پێی ناوەتە سالی 10هەمییەوە و ئەو ماوەیەش بە نزیکەیی هاوتای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییە.جەختی لەوەش کردەوە قەیرانی سووریا نەک تەنها لەو وڵاتە بەڵکو لە تەواوی ناوچەکە بووەتە هۆی وێرانکاریی و سوپاسی سەرجەم ئەو وڵاتانەشی کرد کە ئامێزیان بۆ کۆچبەر و پەنابەرە سوورییە هەڵاتووەکان لە سنووری ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سازکرابوو، گوتارێکی پێشکەش کرد.لۆوکۆک باسی لەوەکرد شەڕی ناوخۆی سووریا پێی ناوەتە سالی 10هەمییەوە و ئەو ماوەیەش بە نزیکەیی هاوتای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییە.جەختی لەوەش کردەوە قەیرانی سووریا نەک تەنها لەو وڵاتە بەڵکو لە تەواوی ناوچەکە بووەتە هۆی وێرانکاریی و سوپاسی سەرجەم ئەو وڵاتانەشی کرد کە ئامێزیان بۆ کۆچبەر و پەنابەرە سوورییە هەڵاتووەکان لە سنووری ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سازکرابوو، گوتارێکی پێشکەش کرد.لۆوکۆک باسی لەوەکرد شەڕی ناوخۆی سووریا پێی ناوەتە سالی 10هەمییەوە و ئەو ماوەیەش بە نزیکەیی هاوتای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییە.جەختی لەوەش کردەوە قەیرانی سووریا نەک تەنها لەو وڵاتە بەڵکو لە تەواوی ناوچەکە بووەتە هۆی وێرانکاریی و سوپاسی سەرجەم ئەو وڵاتانەشی کرد کە ئامێزیان بۆ کۆچبەر و پەناوبەرە سوورییە هەڵاتووەکان لە سنووری تیشکی خستەسەر ئەوەی لە ئێستادا لە پاڵ شەڕی ناوخۆدا، سووریەکان لەژێر هەڕەشەی پەتای قایرۆسی کۆرۆنای نوێدان، دۆخی ئابووریی تێکچووە و خۆراکە سەرەکییەکان نرخیان بەشێوەیەکی زۆر هەڵکشاوە.مارک لۆوکۆک ئاشکرایکرد بەپێی خەمڵاندنەکانی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە وڵاتەکە نۆ ملیۆن و 300هەزار سڤیل لە دۆخی نەبوونی ئاسایشی خۆراکدا دەژین.

پانگەوازی هاوکاریی

لۆوکۆک باسی لەوەشکرد بەپێی خەمڵاندنەکان لە سووریا دوو ملیۆن و 450هەزار منداڵ کە لە قۆناعی خوێندندان و ناتوانن بچنە خوێندنگە، هاوکات ملیۆنێک و 600هەزار منداڵ هەن کە لە هەر ئان و ساتێکدا ڕەنگە لە خوێندن بێبەش بن.ئاماژەی بەوەش کرد داوای بڕی سێ ملیار و 800ملیۆن دۆلاریان بەمەبەستی دابینکردنی 10ملیۆن هاوواڵتی سڤیل لە سووریا تا کۆتایی ئەمساڵ کردووە و بانگەوازی لە وڵاتانی کۆمەکبەخش کرد بە بیرکردنەوە لە دۆخی خوێندن و پەروەردەی منداڵە سوورییەکان، بە دەستێکی کراوەوە مامەڵە بکەن.

پێناسەی وڵاتان

یۆنان

ناو : کۆماری یۆنان.
سیستم: کۆماری .
کیشوەر: ئەورپا.
پێگەی جوگرافی: باشووری ئەورپا ، لە باکوور هەریەکە لە بولگاریا و وڵاتانی یوگسلافیای پێشوو و ئەلبانیا و لە ڕۆژهەڵات ئاراستەکانی تریش دەریای ئیجە هەیە.
پایتەخت : ئەسینا.
ڕووبەر: 131.940کیلۆمەتر دووجا.
ژمارەی دانیشتوان: 10.662.138کەس.
ئاین: 98%کرستیان ، 1.3%موسوڵمان ، 0.7%ئاینی دیکە.
دراو : دراخما.
زمان : یۆنانی .
ڕێکەوتی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان : 25-1945/10



مانشێت



ئێندیپێندێنت:
لە هەڵبژاردنە پەرلەمانی کرواتیا ، پارتی یەکێتی دیموکراتی دەسەڵاتدار سەرکەوتنی وەدەست هێنا و بوو بە خاوەنی 68 کورسی لە پەرلەمان.



ئۆبزێرڤەر:
لە شاری سیاتلی ئەمەریکا ئۆتۆمبیلێک خۆی بە ژمارەیەک خۆپیشاندەری دژ بە ڕەگەزپەرستیدا کێشا و دوو ئافرەت بە سەختی بریندار بوون.



ئیلاف:
کۆشکی ئیلیزێ ڕایگەیاند لەم یەک دوو ڕۆژەدا پێکهاتەی حکومەتی نوێی فەرەنسا ڕادەگەیەنرێ کە 20وەزیر دەگرێتە خۆی.

یەکێتیی ئەورووپا بەڵێنی دوو ملیار و 300 ملیۆن یورۆ هاوکاری بە سووریادا

نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە هەل بڕەخسێنرێت بۆ هێنانەئارای چارەسەری سیاسیی و گوتی: ''دەبێت هەموو لایەنەکان گوشاربخەنە سەر ڕژێمی سووریا بۆ دانوستانی سیاسیی و کۆتاییهێنان بە گوشار.''جۆزێپ بۆرێڵ ئاماژەی بەوە کرد کە چارەسەر لە سووریا سیاسییە نەوەک سەربازیی و جەختی لەسەر ئەوەیش کردەوە کە یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی بەهێزی ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوەدەبرێت.نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا لە سیاسەتی دەرەکی و کاروباری ئاسایش، جۆزێپ بۆرێڵ ڕایگەیاند ''دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپا بەڵێن دەدەن لە 2020-2021دا، بڕی دوو ملیار و 300 ملیۆن یورۆ هاوکاری پێشکەش بە سووریا بکەن.''جۆزێپ بۆرێڵ لە میانی کردنەوەی ئەو کۆبوونەوەیەی لە چوارچێوەی چوارەمین کۆنفرانسی بڕۆکسل لەسەر ئاستی وەزیران لەژێر ناوی ''کۆنفرانسی پشتیوانی لە داهاتووی سووریا و ناوچەکە'' ڕێکخرا کە یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی گەلی سووریا و پەنابەرانی نێو وڵاتانی دراوسێ و گوتی: ''دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپا بەڵێن دەدەن لە 2020-2021دا، بڕی دوو ملیار و 300 ملیۆن یورۆ هاوکاری پێشکەش بە سووریا بکەن.''



مانشێت



ئەی ئێف پی:
دوای سێ مانگ ، قەدەغەی هاتوچۆ لە بەریتانیا هەڵگیرا و خەڵکێکی زۆریش ڕوویان کردە بازاڕ و کافێکان.



ڕۆیتەرز:
لە باشووری ژاپۆن و لە ئەنجامی بارینی بارانێکی زۆر ، 70کەس بوونە قوربانی.



فرانس 24:
بەهۆی ڕەخنەگرتن لە سەرۆکی وڵات ، پۆلیسی چین مامۆستایەکی یاسای دەستگیر کرد.



هەنگاوەکانی وەرگرتنی گوێرەکە لە گێڵگەدا

لە سەرەتای وەرگرتنی گوێرەکە (کۆڵک) لە کێڵگەیەکی بەخێوکردندا بە مەبەستی قەڵەوکردنیان چەند هەنگاوێک هەیە کە پێویستە پیادە بکرێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە شێوەیەکی زانستی بەڕێوە بچێت وەك:

یەکەم. تۆمارکردن و دانانی ژمارە بۆ گوێرەکاکان.

دووەم. پێوانی پلەی گەرمی لەشی گوێرەکاکان.

سێیەم. لە دوو رۆژی یەکەم تەنها (کا) بە گوێرەکەکان دەدرێت و ئەو ئالیکانەی کە پڕۆتینیان بەرزە پیان نادرێت.

چوارەم. ئاوێکی خاوێنی سارد بۆ گوێرەکەکان ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی هانبدرێن بۆ خواردنەوەی بڕێکی زۆری ئاو. دەکرێت بۆ ماوەی ٣ رۆژ دەرمانی بەرزکردنەوەی بەرگری بۆیان لە ئاو بکرێت.

پێنجەم. هەرگیز ئەو ئالیکانەی بە ئەمۆنیا مامەڵە کراون بە گوێرەکەکان نادرێت.

شەشەم. چاودێری گوێرەکەکان دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەوانەی نەخۆشن و جودا کردنەوەیان لە ساغەکان و چارەسەر کردنیان.

حەوتەم. بۆ کەمکردنەوەی ماندیبوون و شەکەتی، هەندێك پێکهاتە بە گوێرەکەکان دەدرێت وەك (خومرە).

هەشتەم. بە هۆی دەرزیبەوە چەند ڤیتامینێك وەك: C,A,B٣ و سیلینیۆم بە گوێرەکەکان دەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی توای بەرگری جەستەییان.

نۆیەم. کوتان دژی مشەخۆرەکانی نێو هەناو.

دەیەم. دوای ئەوەی گوێرەکەکان ئاوێکی زۆر دەخۆنەوە و لە رۆژێکدا کە تیشکی خۆر لە دەرەوە بێت دەڕشێندرێن بە دژە مشەخۆری دەرەکی.

یازدەهەم. دژە کرمی جگەر بەو گوێرەکانە دەدرێت کە تەمەنیان لە ٦ مانگ زیاترە.

دوازدەهەم. نابێت تەنها یەك جۆر ئالیك لە ماوەی قەڵەوکردندا بەکار بێت بەڵکو لە هەر قۆناغێکدا پێویستی تایبەت هەیە کە دەگۆڕێت بە پێی کێشی ئاژەڵەکە.

سێزدەهەم. بڕی زۆر لە (کا) و (قەسەڵ) کە پێکهاتەی خۆراکییان لاوازە بە گوێرەکەکان نادرێت.

چواردەهەم. لەبارچاوگرتنی مەرجەکانی هەواگۆڕکێی تەندروست، چونکە ئاژەڵ پێویستی بە شوێنی خاوێن و تەندروستە کە هەواگۆڕکێی باش بێت، لە هەمانکاتدا مێش و مەگەزی نەبێت. باشتر وایە فڵچەی زبر و شانەی ئاسنی تایبەت لە شوێنەکە هەڵواسرابێت بۆ ئەوەی ئاژەڵەکە لە ڕێگای بەرکەوتنی دا سوودی لێ وەربگرێت و سووڕی خوێنی چالاك بێت.

پازدەهەم. بەردەوام چاودێری پاشەڕۆی ئەم گوێرەکانە دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی هەر حاڵەتێکی ڕەوانی (اسهال).

شازدەهەم. پێویستە هۆڵی بەخێوکردن بەردەوام وشك بێت و هیچ شتێکی تیژی وەك بزماری تێدا نەبێت و زەویەکەی ڕۆژانە بە خۆڵێکی وشك و کای و چەلتووك ڕووپۆش دەکرێت.

حەوەدەهەم. هۆڵەکانی پەروەردە پێش ئەوەی گوێرەکەی تێبکرێت بە باشی تەعقیم دەکرێت بۆ دەربازبوون لە سەرجەم مشەخۆرەکان.

هەژدەهەم. بە ڕێکوپێکی ڕۆژانە ٥-١٠ گرام خوێی خۆراك بۆ هەر سەر ئاژەڵێك دابین دەکرێت و ئەو بڕە لەسەر جۆری ئالیك دەوەستێت، لەو کاتەی ئاژەڵەکان بۆ لەوەڕاندن بۆ دەرەوەی هۆڵی بەخێوکردن دەبردرێن بڕێکی زیاتر خوێیان پێ دەدرێت. پێویستە بەخێوکەر ئەوە بزانێت پێدانی زیاتر لە ١٠ گرام خوێ دەبێتە هۆی زەهراوی بوونی ئاژەڵەکە.

نۆزدەهەم. هەر دوو حەفتە جارێك کێشی گوێرەکەکان دەپێورێت بۆ ئەوەی خۆمان دەرباز بکەین لەو گوێرەکانەی کە گەشە کردنیان لاوازە.

بیستەم. ڤاکسینکردنی ئاژەڵەکان دژی نەخۆشیی درمی و کۆ ئەندامی هەناسە کە لە ناوچەکە باوە.

باشترین ژینگە بۆ چاندنی داری گێڵاس



پێداویستییە ژینگەییەکان دەگۆڕێت بە گوێرەی جۆرە بازگانییەکانی گێڵاسی ترش و شیرین، پێویستیان بە نزیکەی (١٠٠٠-١٣٠٠) کاتژمێری ساردی هەیە بۆ ئەوەی بچێتە قۆناخی پشووداني (متبوون) گونجاو بۆ کرانەوەی گۆپکەی گوڵ بە شێوەیەکی هاوسەنگ کە لە ئەنجامدا پیتاندنێکی باش روودەدات. چاندنی گێڵاس سەرکەوتوو نابێت لەو ناوچانەی زستانیان سارد نیە، ئەگەر ئەو پلە ساردییەی باسمانکرد دەستەبەر نەبوو ئەوە گۆپکەکانی گوڵکردن بە شێوەیەکی ڕێك ناکرێتەوە کە ئەوەش دەبێتە هۆی کەوتن و وەرینی گوڵ و بەری تازە و دواکەوتنی پێگەیشتنی بەرهەم. لەو شوێنانەی زستانیان سارد نیە بینراوە کە گوڵی گێڵاس ناکرێتەوە و دارەکە بەرهەمی نابێت.

گێڵاسی شیرین لەو ناوچانەی کە هاوینیان سارد و شکە و پلەی گەرمی تێدا لە مانگەکانی حوزەیران و تەموز و ئابدا نزیکەی ١٥,٥ پلەی سەدییە، تامێکی زۆر خۆش و تایبەتیان هەیە، کە ئەو پلە گەرمییەی هاوینی ئەو شوێنانە شیاو نییە بۆ هیچ داڕێکی میوە.

بە شێوەیەکی گشتی گۆپکەی داری گێڵاس زیاتر بەرگەی سەرما دەگرێت بە بەراورد لەگەڵ گۆپکەی داری خۆخ و کەمتر لە گۆپکەی داری هەرمێ.

چاندنی گێڵاس زۆر سەرکەوتووە لە ناوچە ساردەکانی کەنار دەریاکان بە پێچەوانەی ناوچە گەرم وشکەکان.

پێویستییەکانی گێڵاسی ترش زیاترە لەوەی شیرین بۆ کۆتایی هاتن بە قۆناغی متبوون و ئەو تەرزانە زیاتر بەرگەی سەرمای زستان دەگرن.

تەوژمی بای بەهێز و بارانی بە لێزمە و بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ لە ماوەی گوڵکردندا دەبێتە هۆی ڕێگاگرتن لە فڕینی میش و مەگەز و ئەو میرووانەی بە سوودن بۆ پیتاندن، هەروەها ئەو بارودۆخە دەبێتە هۆی شۆڕینی دەنکە هەڵاڵەکان، ئەوەو بای بەهێز ژمارەیەکی زۆری گوڵ و بەرە تازەکان هەڵدەوەرێنێت، لە هەمانکاتدا باران بارینی زۆر لە کاتی پێگەیشتنی بەر دەبێتە هۆی قڵیشانی بەر و توشبوونی بە نەخۆشیی گەنین.

چاندنی گێڵاس لە زۆر جۆر خاکدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام بەرهەمەکەی ڕاستەوانە لەگەڵ هەبوونی توخمی خۆراکی بەسوودی ئامادە بۆ هەڵمژین، لە لایان ڕەگەکانیەوە، زیاد دەکات. باشترین خاك بۆ چاندنی گێڵاس خاکێکی تێکەڵی بەپیتە کە ئاو ڕانەگرێت و هەواگۆڕکێی باش بێت و خۆێ و گڵۆگیای تێدا نەبێت.

ئەگەر هەیە چاندن لە خاکێکی لماوی سووك سەرکەوتوو بێت بە مەرجێك ئاو و توخمە خۆراکییەکانی بۆ دابین بکرێت.

زیانەکانی پلاستیک بۆ ڕووەک و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان

زیانەکانی هۆشداری دەدەن سەبارەت بە پلاستیك وەك یەکێ لە مەترسیدارترین دەردە ژینگەییەکان کە بە شێوەیەکی فراوان کۆ دەبێتەوە و لەسەر یەك کەڵکە دەبێت بە تایبەتی لە دەریا و زەریاکاندا و زیانی گەورەیان پێ دەگەیەنێت.

شارەزایانی بواری کشتوکاڵ هۆشداری دەدەن لە گەردیلەی زۆر بچووکەکانی پلاستیك کە ئەگەری هەیە لە ژینگەی زەوییەوە دزە بکات بۆ شانەکانی ڕووەك و لەوێشەوە بگوازرێنەوە بۆ ئەو بەروبوومە خۆراکییانەی کە مرۆڤ دەیانخوات.

بە وردبوونەوەی زیاتر لەم بابەتە، توێژەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین دەڵێن: تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ نیە کە ڕووەك توانی هەڵمژینی گەردیلە پلاستیکی هە بێت.



زاناکان لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە ئەنجامەکەی لە گۆڤاری (نێچەر نانۆ تەکنەلۆجی) بڵاوکراوەتەوە، ئەنجامەکان بەڵگەی ڕوون دەخەنە ڕوو کە پلاستیك بۆی هەیە لە ڕووەك کۆبێتەوە و هۆشداری دەدەن لە مەترسیی ئەو ئەنجامانە لەسەر دروستی خۆراك و کشتوکاڵی نوێیووەوە.

(باوشان شینگ) زانای ژینگەناس لە کۆلێژەی ستۆکبریدج بۆ کشتوکاڵ، کە سەر بە زانکۆی ماساچوستس ئامهیرستی ئەمەریکایی یە، بە گوێرەی تۆڕی (فۆکس نیوز)ای هەواڵی ئەمەریکا ئەو زانایە دەڵێ: بەکار هێنانی فراوانی پلاستیك و بەردەوام گەیشتنی ئەو پلاستیکە بۆ نێو ژینگەوە بڕێکی زۆر زەبەلاح لە خاشاکە پلاستیکییەکان وەك پاشماوە جێ دەهێڵێت کە ئەگەری هەیە بگاتە ڕووەکانەوە.

تاقیکردنەوەکان بەڵگەیان خستوتە ڕوو کە ڕووەك توانای هەڵمژینی پارچەی قەبارە زۆر بچووکی پلاستیکی هەیە و لە ڕووەکدا کۆدەبنەوە لە نێو شانە و گەردەکانەوە و هۆشداری دەدەن کە سەرچەم بەشەکانی ڕووەك لە ڕەگەوە تا دەگاتە گەڵاکان توانای لەخۆگرتن و داکردنی پلاستیکیان هەیە.

دوای ٧ ڕۆژ لە ئەنجامدانی تۆژینەوەیەك لە خاکێکی تێگەڵ بە ماددەی پلاستیکی بچووك، زاناکان بینیان جیاوازی هەیە لە شێوازی گەشەکردنی ڕووەکەکان بە هۆی هەڵمژینی پلاستیکەوە، هەروەها تێبینیان کرد ئەو ڕووەکانە ڕەگیان کورتە و قەبارەشیان بچووکە ئەوەش نیشانەی چوونی پلاستیکە بۆ نێو ڕووەك، کە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەدا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی بەروبوومی کشتوکاڵی، هەروەها ئەگەری هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر بەهای خۆراکی ئەم بەروبوومانە.

خواردنی کونجی ئەم سوودانەی هەیە



کونجی چەندین سوودێکی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە وەك :

١-بەسوودە بۆ نەرمی ئێسك و ئازاری جومگەکان و لەبیرچوونەوە .

کونجی بەدەرمانخانەیەکی تەواو دادەنرێت کە دەوڵەمەندە بە توخمی کالسیۆم، هەر کەسێك کێشەی نەرمی ئێسقانی هەبێت پێویستە ڕۆژانە ١ کەوچك کونجی بەتوێکڵەوە بخوات کە زانایانی بواری خۆراك بە ٧ بەرداغ شیر بەراوردی دەکەنەوە.

٢-کونجی بەتوێکڵەوە بەسووە بۆ منداڵ بۆ ئەوەی میشك و کۆئەندامی دەماری گەشە بکات، لەهەمانکاتدا بەسووە بۆ تەرکیزکردن بەتایبەتی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا. دەکرێت ١ کەوچك کونجی هاڕاو تێکەڵ بەشیری منداڵ بکرێت، لە ڕووی بەهای خۆراکیەوە دەوڵەمەندە بە ژمارەیەکی زۆر لە ڤیتامین و کانزاکان.

٣-کاریگەرە بۆ دابەزاندنی کۆلیسترۆڵ و دابەزاندنی پەستانی خوێن.

٤-بەرگری دژی زەهایمەر و لەبیر چوونەوە بەهۆی تەمەنەوە دەبەخشێت.

٥- شیری ئافرەت زیاد دەکات.

٦-سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ وزە و هێز و بەرهەمهێنانی خانە سوورەکان، بەهۆی دەوڵەمەندی بە ڤیتامین B.

٧-بەسووە بۆ چارەسەرکردنی قەبزی بەهۆی زەنگینی بە ریشاڵ.

www.xebat.net
سێشەممە 2020/7/7 ژمارە(5969) hawarmurtkaee@yahoo.com
خەبات

فەقیر ئامێری تەکنیکی ڤیدۆی ناو یاریگا تێکدەشکێنیت

نەبیل فەقیری ئەستێرەی یانەی ریال بیتسی ئیسپانی لەیاریەکەی نێوان یانەکەی و یانەی ڤیاریال کارتێکی سووری بەرووبدا بەرزکرایەوە بێ ئەوەی لەناو یاریگا تووندوتیژی ئەنجامدابێت.

کارتە سوورەکە لەناو ئەم یاریە نەبوو، بەڵکو لەئەنجامی هەڵسوکەوتێکی ناشرین و وەک پەرچەکردار لە بڕیارێکی ناوبژیوان، نەبیل فەقیر شەقێك لە ئامێری تەکنیکی ڤیدیۆی دەرەوەی یاریگا دەدات و دەیشکێنێت، پێی وابووە ناوبژیوان زوڵمی لێکردووە، کاتێك ناوبژیوان کارتیکی زەرد ئاراستەی یاریزانێکی دەکات، ئەو یاریزانەش تۆپێك بەئاراستەی ناوبژیوان لێدەدات و ئەمجارە ناوبژیوان بەکارتی سوور دەریدەکات.

ئینتەر دەیەوێ بەپارە لاوتارۆ رازی بکات داواکەی بەرشلۆنە پشتگوێ بخات

یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی کار بۆ ئەوەدەکات گرێبەستی لاوتارۆ مارتینیزی ئەرژەنتینی و هێرشبەری یانەکەیان تازەبکەنەوە و رازی بکەن کە داواکەی یانەی بەرشلۆنە پشتگوێ بخات.

لە بەشێکی بەندەکەی گرێبەستی لاوتارۆدا هاتووە کە نرخی ئەو یاریزانە ١١١ ملیۆن یورۆیە، ئەمەش وایکردووە کە بەرشلۆنە چاوی ببڕێتێ و هێلی هێرشبردنی پێ بەهێزبکات.

رۆژنامەی توتوسپۆرت ئاشکرای کردووە کە یانەی ئینتەر هەوڵی ئەوەدەدات موچەکەی سێ بەرامبەر زیاد بکات و ساڵانە ٢,٥ ملیۆن یورۆی بدرێتێ بۆ ئەوەی رازی بێت گرێبەستەکەی تازەبکاتەوە و لەولاشەوە داواکەی بەرشلۆنە پشتگوێ بخات، ئەو بەندەش لە رێککەوتنەکە لابرێت.

رۆدرێگز لە ریال را دەکات

راپۆرتە رۆژنامەوانیەکانی ئیسپانیا رۆژی دووشەممە ئایندەی خامێس رۆدرێگزیان یەکلاکردەوە.

بەپێی هەواڵێکی رادیۆی کادیناسێری ئیسپانی، خامێس بەهەرشێوەیەك بێت دەیەوێت پەیوەندی بکات بە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید و گرنگی بەو بۆندانەشدەدات کە لەیانەکانی دەرەوەی ئیسپانیا بۆی هاتوون.

ریاڵ مەدرید نرخی زۆری لەسەر خامێس داناوە و ئەو یاریزانەش بە هەرنرخێك بێت دەیەوێت یانەکەی جێبهێڵێت.

ریاڵ مەدرید دەیەوێت لەرێگەی فرۆشتنی خامێس رۆدرێگزی کۆڵۆمبی پارەیەکی باشی دەستکەوێ تا لە گواستنەوەی هاوینە سوودی بۆ هێنانی یاریزانی نوێ بۆ یانەکەیان لێببینن.

زاخۆ بەرگریکارێکی زەورای گواستەوە

یانەی زاخۆ بەفەرمی رایان گەیاند بەرگریکار (ئەحمەد محەمەد)یان بۆ یانەکەیان گواستۆتەوە.

ئەحمەد محەمەد یاریزانی یانەی زەورا بە بۆندێك پەیوەندی بەیانەی زاخۆ کرد، یانەی زەوراش جێهێشتنی ئەو یاریزانەی پشتڕاستکردۆتەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوەرۆکی بۆندەکە بکات. ئەحمەد بۆ وەرزی داهاتووی خولی نایابی عێراق یاری بۆ زاخۆ دەکات و بەرگری لە گۆڵی ئەو یانەیە دەکات. ئەم بەرگریکارە پشتر یاری بۆ یانەکانی شورتە، جەوییە، تەڵەبە و زەورا و هەولێریش کردووە.

کان: هاتنی سانی دڵنیاییمان دەداتێ هەر لەپێشەنگ دەمێنینەوە

ئۆلیڤەر کانی گۆڵچی پێشووی یانەی بایرن میونشین و ئەندامی دەستەی جێبەجێکاری ئەو یانە ئەڵمانییە، خۆشحاڵی خۆی بە هاتنی لیرۆی سانی بۆ ریزەکانی باڤاری دەربڕی کە لەمانچستەر سیتییەوە بوو.

کان لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند و گوتی: ئیمە زۆر بەختەوەرین بەکڕینی یاریزانێکی بەتوانای وەك سانی، سیفەتەکانی ئەم یاریزانە جێگای گفتوگۆ نییە، خێراییەکەی و توانای لەگۆڵ کردندا زۆر بەرزە و ئەمەش وایکردووە ببێتە یاریزانێکی ئاست بەرز، هەروەها گوتی: بەهاتنی ئەو یاریزانە دڵنیاییان دەداتێ کە یانەی بایرن میونشن هەر لە پێشەنگی ئەوروپادا دەمێنێتەوە.

جوانترین پێنج خانمە تینسزانەکانی جیهان بناسن

یاری تێنس کە بە تۆپی زەرد ناسراوە یەکێکە لە دیارترین وەرزشەکان لە سەرانسەری جیهان، ئەوەی زۆر گرنگ بێت ئەوەیە کە یاریگاکانی تینس ناوبانگییەکی گەورەی بە بەو شۆخانە بەخشیوە کە ئەم یاریە دەکەن، کە لەیەك کاتدا جوانییەکانیان و توانای وەرزشییان تێکەڵ بەیەك دەکەن و خۆشییەك دەبەخشنە ئەوانەی سەیری دەکەن، لێرەدا ئاماژە بەچەند خانمە یاریزانێکی تینس دەدەین کە لەیەك کاتدا شۆخن و تاموچێژێکی تایبەتیشیان بەو وەرزشە داوە.

جینێ بوچارد

ئەم خانمە تێنسزانە کەنەدیە یەکێکە لە بەناوبانگترین یاریزانانی تینس لەسەرانسەری جیهان، کە جوانییەکی سەرنجراکێش و توانایەکی گەورەی هەیە لەم وەرزشەدا و تا ئێستا ٤ جار توانیوەتی بگاتە کۆتاییەکانی پاڵەوانێتییە گەورەکان.

ماریا شاراپۆڤا

خانمە تینسزانی رووسی یەکێکە لە بەناوبانگترین وەرزشوانەکانی جیهان، هەروەها خاوەنی زۆرترین داهاتە ئەویش بەهۆی زۆری بەشداریەکانی لە هەڵمەتی ریکلامەکاندا، چونکە شاراپۆڤا هاوەن جوانییەکی زۆر و سەرنراکێشە، لەپەل هەموو ئەمانەشدا شاراپۆڤا لە دوای سیرینا ویلیامز بە دووەم باشترین یاریزانی جیهان دێت.

ئانا ئیڤانۆڤیچ

ئەم خانمە سڕبییە زوو جێگای خۆی لەناو یاریگاکانی تێنس کردەوە لە جیهان و ناویشی زوو کەوتە نێو جوانترین یاریزانەکانی تینس لەسەر ئاستی جیهان، ئەم خانمە خێزانی باستیان شقاینشتایگەری پاریزانی بەناوبانگی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە.

کارۆلین ڤۆزنیاکی

ئەم خانمە کەنەدیە ناوی لەنێو شۆخەکانی تینسزانەکانی جیهان دێت، ئەو جگە لە وەرزشووان لەهەمان کاتیش ئەکتەرێکی دیارە، تا ئێستاش توانیویەتی یەکێك لە گرنگترین پاڵەوانێتییەکانی جیهان بەدەست بهێنێت کە ئەوانیش پاڵەوانێتی کراوەی ئوستراڵیایە.

ساندرینا جەبرا

ئەم خانمە وەرزشوانە تاکە عەرەبیە ناوی لەنێو شۆخەکاندا دێت کە خەڵکی وڵاتی لوبنانە، ئەگەرچی ساندرینا ئەنجامیکی وای نەبووە، بەڵام شۆخییەکەی و بەژن و باڵای وایکردووە وینەکانی بەردەوام لەسەر رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەردەکەوێت و کچێکی سەرنجراکێشە.

لە هاڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Tue.7 Jul. 2020 No.:(5969)

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بە[illegible]گە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



بۆ یەکەمینجار لە کوردستان، برنج و تەماتەی زەردی بەرهەم هێنرا

جووتیارە نموونەییەکەی هەڵەبجە..

داواتان لێدەکەم هەر خێزانێک یەک سەندوق تەماتە لە جووتیاران بکڕێت

بەرهەم شێخ عزەدین:

ئازاد کوردستانی، ئەو جووتیارە نموونەییەی بە ئازاد هەڵەبجەی ناسراوە، بۆ یەکەمینجار لە کوردستان و ناوچەکە جۆرێک لە تەماتەی بەرهەمهێناوە، کە ڕەنگی زەرد. جووتیارە نموونەییەکە دەڵێت: هەر تەماتەی زەرد نییە، برنجی زەردیشمان بەرهەمهێناوە.

ئەو جووتیارە نموونەییە لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وێڕای ئەوە بەرهەمە ناوازەکەی نمایشکردووە، داواش لە هاوڵاتیان دەکات هاوکاری جووتیارانی کوردستان بکەن، **ئازاد هەڵەبجەیی دەنووسێت:** داواتان لێدەکەم کە ئێستا لە بازاڕدا بەڕێژەیەکی زۆر تەماتەی جووتیاران هەیە و پارەش ناکات، وایلێهاتووە کە جووتیاران بەرهەمەکانیان فڕێ دەدەن، هاووڵاتیان دەتوانن بەنرخێکی گونجاو یەک سندووق بکڕن، تکام وایە هەر خانەوادەیەک لەلای خۆیەوە بە پێی توانای خۆی، ئەگەر یەک سندوقیش بێت با بیکات بەدۆشاوی تەماتە یان بەڕێگای وشکردنەوەی تەماتەکان هەڵبگرێت، ئەو هەنگاوە هەم دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەماتەکان فڕێ نەدرێن و تۆش دۆشاوێکی تەندروست و تەماتەیەکی وشککراوی باشت هەبێت لە وەرزی زستاندا بەکاریبهێنیت، هاوکات پاڵپشتییەکی باشیش دەبێت بۆ جووتیاران.



بەرهەم شێخ عزەدین:

هونەرمەندی لاو سۆران قەرەداغی یە کەم بەرهەمی خۆی بەناوی (تۆم خۆشدەوێ) بڵاوکردەوە. دەربارەی ئەم بەرهەمەی هونەرمەندی ناوبراو بەخەباتی گوت: سوپاس بۆ ڕۆژنامەی خەباتی ئازیز، کە هەمیشە لەخزمەتی هەموو هونەرمەندانداا بووە بەبێ جیاوازی، ئەم گۆرانییەم لە تێکستی نزار ناشادە و لێرەوە سوپاسی دەکەم، لە ئەکتیڤ ستودیۆ کاری دەنگم کردووە،مکس و ماستەری لەلایەن سیامەکی فەقێ زادە بۆ کراوەو کاری وێنەگرتن و مۆنتاژ و دەرهێنانی و کلیپەکەم لەلایەن حەمەی شەم کراوە، دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانەم بکەم کە لەم ئیشەدا هاوکارم بوون.

سۆران قەرەداغی گوتیشی: ئەوەی ماوە بیڵێم ئەم گۆرانییە ئێستا لە یوتوبی کوردماکس و کوردماکس موزیک بڵاوبۆتەوەو دەتوانن بینەری بن.

هونەرمەند ڕۆژ کۆبانێ:

هیوای ئازادی و سەربەخۆیی بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان و بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان دەخوازم.

دیمانە: موسلیم دۆڵەمەڕی

دوای گرژی و ئاڵۆزییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا بە هەزاران کورد ئاوارەی کوردستانی باشوور بوون و لێرە لە کەمپەکاندا ژیانێکی پڕلە مەینەتی وئاوارەیی و نەداری بەسەر دەبەن، بەڵام ئەم ئاوارەییەو نەداریە هەرگیز نەبۆتە ئاستەنگ لەبەردەم هونەرمەندانی ڕۆژئاوا کەنەتوانن ئێش و ئازاری گەلەکەیان بە زمانی هونەری خۆیان بە جیهان بناسێنن، نموونەش بۆ ئەمە هونەرمەند ڕۆژ کۆبانێ، هەرچەندە لە ئاوارەیی و دەربەدەریدایە بەڵام بەردەوامە لە هونەرو هەوڵدانی بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی ژیانی هونەری. لەسەردانێکمان بۆلای ڕۆژ کۆبانێ و ئاڕاستەکردنی چەند پرسیارێک بەم شێوەیە وەڵامی دایننەوە:

سەرەتا ئاوا خۆی ناساندو گوتی: من ناوم فریال حمان خللیەو ناوی هونەریم (ڕۆژ کۆبانێ) یە چونکە من خۆم خەڵکی کۆبانێمەو لە کۆبانێ لە خێزانێکی کورد وکوردپەروەر لەدایک بووم ، بەڵام تەمەنی من ٩ ساڵان بووم کە کۆچمانکرد بۆ شام لەوێ دەستمکرد بەخوێندن هەر لە تەمەنی منااڵیمەوە خولیای گۆرانی گوتن بووم بەڵام چونکە خوێندنمان بەزمانی عەرەبی بوو زیاتر لە قوتابخانەو بۆنەکاندا گۆرانی عەرەبیم دەگوت تاوای لێهات لەگەڵ تەمەندا دەستمکرد بە گوتنی گۆرانی زمانی دایک و ڕەسەنی کوردایەتیم کە تاکو ئێستاش بەردەوامم.

سەبارەت بە بەرهەمە هونەریەکانی گوتی: من لە ژیانی هونەریمدا لەبەر نالەباری باری سیاسی و ئابووری نەمتوانیوە بەپێی پێویست بەرهەم تۆمار بکەم بەڵام بە بەردەوامیش چ بە شێوەی تاکە کەسی یان کاری هاوبەش گۆرانیم تۆمارکردووەو بڵاومکردۆتەوە بە تایبەتی بە بەردەوامی بەشدارییم لە کۆنسێرت و دیدارە هونەرییەکاندا کردووە.

سەبارەت بە جیاوازی ئێوان کاری هونەری و هاوکاری هونەرمەندانی ڕۆژئاوا لە کەمپەکانی کوردستاندا گوتی: بەراستی من لێرەدا زۆر سوپاسی تەواوی خەڵکی کوردستانی خۆشەویستمان دەکەم بە تایبەتی سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنم لە هەمبەر هاوکاری ودڵسۆزی سەرۆک مەسعود بارزانی کە تەواو هەوڵ و تەقەلای خۆی داوە بۆپاراستن و خزمەتکردنی ئێمەی کوردی ڕۆژئاواو خەڵکی کوردستانیش بەهەمانشێوە و لەڕووی هونەریشەوە بە هەمانشێوە هاوکاری تەواویان کردووین بۆ دەربڕینی هونەری خەونەکانی ژیانی هونەریم بوو، ئێستا خۆم و دوو منااڵی چاوگەشم بە تەنیا ژیان بەسەر دەبەین و زۆر ئازادانەش پەرە بە کاری هونەریم دەدەم.

سەبارەت بە بەرهەمی نوێی گوتی: ئێستا من و هونەرمەند (سەرباز ناڤخۆش) کار لە سەر بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی نوێ دەکەین بە شێوەی هاوبەش ئینشائەڵڵا لە ماوەیەکی نزیکدا بەرهەمەکەمان تەواو دەبێت و بەو هیوایەی بە دڵی هەموو هەوادارانی من و هونەرمەند (سەرباز ناڤخۆش) بێت.

لەکۆتاییدا گوتی: هیوای ئازادی و سەربەخۆیی بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان و بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان دەخوازم و هیوادارم لایەنی پەیوەندار بە هونەرمەندانی کوردستان هاوکاری زیاترمان بکەن بۆ ئەوەی ئێمەی هونەرمەندانی ڕۆژئاوای کوردستان بتوانین زیاتر ئێش و ئازارو بەسەرهاتەکانی کوردی ڕۆژئاوا لە ڕێگای زمانی هونەریان بەجیهان و گەلان بناسێنین.



هونەرمەندان ڕۆژ کۆبانێ و سەرباز ناڤخۆش بەرهەمێکی هاوبەش بڵاودەکەنەوە



لەبەر نالەباری باری سیاسی و ئابووری نەمتوانیوە بەپێی پێویست بەرهەم تۆمار بکەم.